## وەزارەتەکان دەبێ عەقڵ بکرێن
13

## لە "ام القرا"ی ئیسلامی نوێژکردن حەرامە

8

## لەپشتی حکومەتەوە بازرگانی بەجگەرەوە دەکرێت
9


هونەری پەیکەرتاشی لەکوردستاندا چەقیوە، چونکە "کەس ڕێز لەکاری پەیکەرتاشی ناگرێت"
11


# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٤١
شەممە
٢٠١٠/٧/٢٤
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


# بارزانیو پارتی لەبەرهەم ساڵح تووڕەن

## پاڵاوگەکانی نەوت هی بەرپرسانن، لەوانە بەرهەم ساڵحو ئاشتی هەورامی

تایبەت بەدەستوور

مەسعود بارزانیو پارتی گوماندەکەن بەرهەم ساڵح زانیارییەکانی لەبارەی قاچاخچێتی نەوتەوە بەرۆژنامەی نیویۆرک تایمز دابێت، لەوەش تووڕەن کەئاماژەی بەفرۆشتنی نەوت بەڕێگەی قاچاخ لەسنوورەکانی هەرێمەوە داوە.

سەرچاوەکان دەڵێن بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز لەبارەی ناردنەدەرەوەی نەوت لەهەرێمی کوردستانەوە بەقاچاخ بۆ ئێران، پارتی نیگەرانکردووە، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی لەڕاپۆرتەکەدا لەزاری سەرچاوەیەکی باڵای هەرێمی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، چونکە پارتی گومانی ئەوە دەکات، کەبەرهەم ساڵح ئەو زانیارییانەی دابێت بەنیویۆرک تایمز، بەو هۆیەوە پارتی لەبەرهەم ساڵح تووڕەیە.

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، وتی "پارتی گومانی لەوە هەیە کەبەرهەم ساڵح ئەو زانیارییانەی بەقازانجی حسێن شەهرستانی دابێتە نیویۆرک تایمز، چونکە ئەویش لەباشووروو ناوەڕاست کارئاسانی بۆ ئەو کۆمپانیایانە کردووە، کە لەبەرهەم ساڵحەوە نزیکن".

بەپێی بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی دەستوور دەرکەوتووە، کەبەشێکی زۆری ئەو نەوتەی ڕەوانەی ئێران دەکرێتو ئەو کۆمپانیایانەشی ئەو کارە دەکەن، لەلایەن چەند بەرپرسێکەوە سەرپەرشتی دەکرێن. کۆمپانیای شیرین هی کوڕەکانی سالاری حەمە ئاغایە کەدەکاتە خاڵی نێچیرڤان بارزانی، کۆمپانیای ئەربیل ستیل هی نیهاد بارزانی برای مەسعود بارزانییە، کۆمپانیای قەیوان بەیەکێک لەگەورەترین کۆمپانیاکانی بواری فرۆشتنی نەوتی ڕەش دادەنرێت، کە لەبەرهەم ساڵحی سەرۆکی حکومەتەوە نزیکە.


بەرهەم ساڵح


مەسعود بارزانی

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "د. بەرهەم سەرۆکی حکومەتی هەرێم چوار پاڵاوگەی لەکەرکوکدا هەیە، بۆیە تەواوی خزمەتگوزاری لەشەقامو گڵۆپکاریو ڕووناکیو هێماکانی هاتوچۆی بۆ دابینکراوە، لەکاتێکدا لەناو گەڕەکە پێشکەوتووەکانی کەرکوکیشدا ئەو خزمەتگوزاریانە ئەنجامنەدراوە".

لەلایەکی ترەوە پاڵاوگەیەکی نەوت لەبەردەقارەمان هەیەو ٢ بیری نەوتیش لەهەریەک لەگوندەکانی کوپەلەو ئەڵاقولی نزیک بەردەقارەمان لێدراون، بەپێی زانیارییە بەردەستەکان، ئەم پاڵاوگەو بیرە نەوتانەی بەردەقارەمانو ئەو دوو گوندە هی ئاشتی هەورامین.

ڕاپۆرتێکی ورد لەلاپەڕە (١٤)دا دەخوێنیتەوە

## "بەمنزیکانە ناوی فایلدارەکان بڵاودەکەمەوە"

### محەمەدی حاجی مەحمود: واز لەسکرتێریی حیزبەکەم دەهێنم



زریان جەوهەر

محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، ئاماژە بەوە دەدات کە لەکۆنگرەی حیزبەکەیدا واز لەسکرتێریی دەهێنێتو خۆی هەڵنابژێرێتەوە، بڕیاریشداوە بەمنزیکانەو ڕۆژانە لەسایتی سورێنەوە کەسایتێکی تایبەت بەخۆیەتی، ناوی فایلدارەکان بڵاوبکاتەوە.

لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ دەستوور سکرتێری حیزبی سۆسیالیست ڕایگەیاند کە لەمەودوا فایلی فایلدارەکان بڵاودەکاتەوەو وتی "لەکۆنگرەی حیزبەکەشمدا کە لەمانگی ١٢ دەبەسترێت، خۆم هەڵنابژێرمەوەو سەرقاڵی هەندێک کاری تایبەتی خۆم دەبم".

محەمەدی حاجی مەحمود لەبارەی هەڵبژاردنی کاتی بڵاوکردنەوەی فایلەکان، وتی "بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە، کاتی بڵاوکردنەوەیم تائەمکاتە دواخست، بەهۆی ئەوەشی کەژمارەی فایلەکان زۆرنو هەموویان تایبەت نین بەشتێک، کاتەکەی بۆ ئێستا دواخرا".

ناوبراو وتی "فایلدارەکان کەسایەتی جۆراوجۆری تێدا هەیە، هەر لەمەلای مزگەوتەوە بیگرە تاکو سکرتێرو شێخی تەکیەو چایچیو دەیانیتر".

سکرتێری سۆسیالیست وتی "ئەوانەی خیانەتیان لەنیشتمانی خۆیان کردووە، کەسانی ترسنۆکن، بۆیە ناتوانن هیچ بکەن، لەفایلدارەکان بێمنەتم".

لەبارەی هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەو فایلانە، ئاماژەی بەوەدا کەدەبێت سنوورێک بۆ ئەوانە دابنرێت، نابێت چیتر چاکو خراپ لەکوردستان تێکەڵببێت، وتی "ئامادەشم بچمە بەردەم دادگاو بیسەلمێنم".

هەروەها وتی "لەمەودوا ڕۆژانە لەسایتی سورێن یەک لەدوای یەک ناوی فایلدارەکان بڵاودەکەمەوە".

## پەرلەمانتارێک: لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا دەکەین

فەرمان خێڵانی

پەرلەمانتارێکی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت کەڕووداوەکەی ئوتێل سۆما ئەوە دەهێنێت کەسەرۆکی حکومەت بۆ پەرلەمان بانگهێشتبکرێتو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ڕاشیگەیاند ئەگەر ڕێنماییەکان بۆ ئوتێلو باڵەخانەکان جێبەجێنەکرێن، ئەوا سەرۆکی حکومەت بانگهێشتی پەرلەمان دەکەن.

نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانو سەرۆکی ئەو لیژنەیەی کە لەپەرلەمان بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەڕووداوەکەی ئۆتێل سۆما پێکهێنراوە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ئاماژەی بەوەدا کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان لەو ڕووداوە، بۆیان دەرکەوتووە کە کەموکورتی زۆر لەلایەنی ئیداریو کەرەستەکانی سەلامەتی هەیە لەئوتێلەکەداو کەموکورتیش لەپێداویستییەکانی ئاگرکوژێنەوەدا هەبووە، وتی "ئێمەش ڕاپۆرتی خۆمان داوە بەسەرۆکایەتی پەرلەمانو داوای سزای توندی ئەو کەسو لایەنانەمان کردووە کە کەمتەرخەمیان کردووە لەدروستکردنو پێدانی مۆڵەتی ئوتێلەکەدا".

نەریمان وتی "ئێمە چاودێری کاری لیژنەکان دەکەینو ئەگەر بەپێی ڕێنماییەکان کەموکورتی بیناو ئوتێلەکانی تر ڕێکوپێک نەکەن، ئەوا وەک لیژنەکەی خۆمان داوادەکەین سەرۆکی حکومەتو وەزیرە پەیوەندیدارەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکرێنو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت".

ئەو ئەندامەی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان وتی "کارەساتەکەی ئوتێل سۆما، ئەوە دەهێنێت کەسەرۆکی حکومەت بهێنرێتە پەرلەمانو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوەی کەسەرۆکی حکومەت ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لەژیانو سەلامەتی هاووڵاتیان، بەڵام لەپەرلەماندا بۆ ئەوەی بەرپرسێک بهێنینە پەرلەمانو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەین، پێویستمان بەدەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان هەیەو لەمەشدا هاوڕێیانی یەکێتیو پارتی دەنگ بەوەنادەنو بەمەش ئەو ئەگەرە لاوازدەبێت کەبتوانین بەرپرسێکی باڵای وەکو سەرۆکی حکومەت بهێنینە بەردەم پەرلەمانو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەین".

ڕاپۆرتێک لە لاپەڕە (٤و ٥)دا بخوێنەرەوە

## بەهۆی پەیڕەوکردنی دوو سیستمی خوێندن لەساڵی داهاتوودا، ئەگەری دروستبوونی گرفتی گەورە دەکرێت
13

www.arsivakurdi.org

# بڕیاردرا سێ سفرەکە لەسەر دراوی عێراقی لاببرێت

زانیار داقوقی

بانکی ناوەندی عێراقی ئاشکرایکرد رێککەوتوون لەسەر ئەوەی ٣ سفرەکە لەسەر دراوی عێراقی لابدەنو بەمنزیکانەش ئەو بڕیارە جێبەجێدەکرێت، هەروەها ناوی کوردیش دەچێتە سەر دراوەکە.

مزەفەر محەمەد راویژکاری بانکی ناوەندی عێراق رایگەیاند "بڕیاردراوە لەدوای پێکهێنانی حکومەتو پەرلەمان لەدانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران، پێشنیازی لابردنی سفرەکانی سەر پارەی عێراقی بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەو پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقیو بانکی ناوەندەوە لەسەری رێککەوتوون".

ئەو راوێژکارە ئەوەشی وت "ئەو پرۆژەیە سەرکەوتوو و بەزمانی کوردیش هاوشانی زمانی عەرەبی لەسەر دراوەکە دەنووسرێت".

---

# لەسەر رەخنەگرتن لەپارتی، هەڕەشە لەئەندامانی کۆنگرەی سەندیکای پارێزەران دەکرێت

کاروخ نامیق

ئەندامێکی کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان رایدەگەیەنێت لەکاتی رەخنەگرتن لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە، ئەندامێکی کۆنگرە هەڕەشی ئەوەی دەکرد کە کەس بۆی نییە قسە بەپارتی بڵێت.

ساڵح وەلەد بەگی ئەندامی کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند "لەکاتی رەخنەگرتن لەچۆنیەتی هەڵبژاردنەکە، هەندێک کەس تەشەنوجاتی حیزبیان پێوەدیاربوو، یەکێک لەئەندامانی کۆنگرە بەشێوەیەکی بازاڕی تورەبوو لەچەند ئەندامێکی کۆنگرەو وتی کەس بۆی نییە قسە بەپارتی بڵێت".

ساڵح وەلەد بەگی وتی "ئەمە لەکاتێکدابوو کەس قسەی بەپارتی نەوتبوو، تەنها ئەوە نەبێت یەکێک لەئەندامانی کۆنگرە رەخنەی لەچۆنیەتی هەڵبژاردنەکە گرتبوو، وتی ئەمە دەستتێوەردانی پارتیو یەکێتییە".

ناوبراو وتی "چۆنیەتی هەڵبژاردنەکە کێشەی لەنێوان ئەندامانی کۆنگرە دروستکرد، لەبەرئەوەی هەندێک پێیان باشبوو هەڵبژاردنەکە بەلیستی کراوە ئەنجامبدرێت، بەڵام دواتر بەلیستی داخراو بەڕێوەچوو".

---

# چەند بەشێکی مەڵبەندی تەندروستی ژاراوە داخراون

فەرمان چۆمانی

بەهۆی کەمی کارمەندو پزیشک لەمەڵبەندی تەندروستی ژاراوە، چەند بەشێک داخراونو چەند بەشێکیش تێکەڵکراونو بەهۆی کەمی دەرمانیشەوە بەپێی پێویست دەرمان بەنەخۆشەکان نادرێتو لێیاندەشاردرێتەوە.

بابەکر عەبدوڵلا حەسەن بەڕێوەبەری کارگێڕی مەڵبەندی تەندروستی ژاراوە لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند "بەهۆی کەمی کارمەندو بچوکی بیناکەمان هەندێ بەشی وەکو فریاکەوتنی ژنانو چاودێریکردنی دایکایەتیمان تێکەڵکردووە، هەروەها بەشی هێڵکاری دڵمان هەیە، بەڵام ژوورمان نییەو بەناچاری لەژوورێکیتر کاری پێدەکەین".

ئاماژەی بەوەشدا کەبەهۆی نەبوونی پزیشکی تایبەت، بەشی سۆنارو تیشکیان داخستووەو وتی "هەر نەخۆشێکمان پێوێستی بەتیشک و سۆنار هەبێت، دەینێرین بۆ قەڵادزێ".

ئاماژەی بەوەشدا کەزیاتر لە ١٠ کارمەندیان پێویستەو وتی "جگە لەوانەش پزیشکی ددانو ئافرەتانمان نییە".

بەڕێوەبەری کارگێری مەڵبەندەکە باسی لەکەمی دەرمانو کەمی ئۆتۆمبێلی مەڵبەندەکەشیان کردوو، وتی "مانگانە دەرمان وەردەگرین، بڕەکەی دیاریکراوەو ئەو دەرمانەش بەخشتە دابەشدەکەین بەسەر نەخۆشەکاندا، ناتوانین وەک پێویست بیدەین بەنەخۆش، چونکە دەرمانی مانگێک بەشی دوو هەفتە ناکات، بۆیە بەناچاری دەرمانەکان کەم دەنووسینو هەندێکیشیان بۆ دەرەوە دەنووسین".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کەزۆر هەوڵیانداوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەو داواکاریشمان بەرزکردووەتەوە، بەڵام وتی "پزیشکی سۆنارو ئافرەت لەو سنوورە کەمەو نییە تا بۆ ئێمەی بنێرن".

---

## ئاسۆ ئەڵمانی: من دەستبەکاربووم
## روونکردنەوەیەك لەئاسۆ ئەڵمانی، بەرپرسی مەکتەبی چاودێریو بەدواداچوونی یەکێتی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی چاودێریو بەدواداچوون
بۆ بەڕێز رۆژنامەی دەستوور
بابەت/ وەڵام
سڵاوێکی گەرم.....

هەفتەنامەی دەستوور لەژمارەی رۆژی چوارشەممە ٢٠١٠/٧/١٤، هەواڵێکی لەژێر ناونیشانی (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو رەفعەت عەبدوڵڵاو ئاسۆ ئەڵمانی لەپۆستەکانیان دەستبەکار نەبوون) ، ئێمە وەک مەکتەبی چاودێریو بەدواداچوونو بەناوی هەموو هەڤاڵانی مەکتەبەوە ئەم هەواڵە بەناڕاست دەزانین، چونکە لەڕۆژی ٢٠١٠/٧/٣ بەئامادەبوونی لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیو ئەندامانی دەستەی کارگێڕی، هەموو ئەندامانی مەکتەبی چاودێریو بەدواداچوون، لەبارەگای مەکتەبی سیاسی، ئاڵوگۆڕی لێپرسراوێتی مەکتەب لەنێوان بەرپرسی تازەو پێشوودا ئەنجامدراو بەرنامەو پلانی تازەش بۆ کارکردنی داهاتوو دارێژرا، راشیدەگەیەنین کە کاک ئاسۆ ئەڵمانی وەک بەرپرسی مەکتەب دەستبەکارەو هەروەها ناوی مەکتەبەکەشمان مەکتەبی چاودێریو بەدواداچوونە نەک مەکتەبی چاودێریو پشکنین.

لەگەڵ رێزدا...

**ئاسۆ مامەند**
**لێپرسراوی مەکتەبی چاودێریو بەدواداچوون**
**٢٠١٠/٧/١٨**

---

# کێ دەبێتە سەرۆکی داهاتووی عێراق؟

د. کەمال سەید قادر

ناونیشانی ئەم بابەتە دەبوایە ئایا کوردێک دەبێتە سەرۆکی داهاتووی عێراق؟ بێت، وەڵامەکەشی، نەخێر! بۆچی؟ چونکە ئەمریکا پشتگیری لەکاندیدێکی کوردی ناکات، بەڵکو زیاتر نییەتی ئەوەیە ئەم پۆستە ببەخشێتە عەرەبێکی سوننە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم قەباحەتانەی دژ بەعەرەبە سوونەکان کردیانو بۆ قایلکردنی جیهانی عەرەبیش جگە لەوەش، کەوا ئەمەریکا لەهەوڵی ئاسانکاری هاتنەسەر حوکمی لیستی ئەلعێراقییەدایە تایاسای نەوتو گاز لەبەرژەوەندی ئەمریکادا رەتبکەن، بەم جۆرەش مرازی دێرینی ئەمریکا لەکۆنترۆڵکردنی نەوتی عێراق بەیەکجارەکی حاسڵبێت، ئەوان حەوت دەریایان بڕی بەدوای بۆنی ئەم نەوتەوە مەحاڵە وا بەدەستبەتاڵی بڕۆنەوە.

لەراستیشدا نەک هەر کوردێک ناکرێتەوە سەرۆکی عێراق، بەڵکو بەڕێز مام جەلالیش لەڕێگای فێڵێکی یاساییەوە، یا باشترە بڵێین کودەتایەکی دەستووری لەرۆژی ٠٧/١٤وە، لەکەیەک لەشەرعییەتی دەستووری دراوە وەکو سەرۆک کۆمار، کەچی خۆم لەم باوەڕەشم کەهەر کوردێک تاقە رۆژێکیش پێشمەرگایەتی کردبێت، پێگەکەی بەسەد قات لەسەرووی پێگەی سەرۆکایەتی عێراقەوەیە، مام جەلالیش وەکو پێشمەرگەو کەسایەتییەکی سیاسی جیهانی پێویستی بەم پۆستە هەر نییە، بەڵام دەشڵێم ئەم بەڕێزە وەکو کەسایەتییەکی بلیمەتی جیهانی سیاسەت، دەبوایە هەستی بەوەکردبا، کەئەمریکییەکان لەگەڵ هەڵبژاردنەوەی ئەودا نین، بۆیە باشتربوو ئەو لەلایەن خۆیەوە ئامادەنەبوونی خۆی بۆ خۆکاندیدکردن بۆ ئەم پۆستە رابگەیەنێت، ئەوکاتە هەتا هەتایە بەسەرۆکی عێراق ناودەبرا، کەچی ئێستا بەداخەوە دەتوانرێ بەکاندیدی شکستهێناو، یا هەتا سەرۆکی لابراو ناوببرێت. ئالودەبوون بەپۆستی سیاسی، دیاردەیەکە دەرئەنجامەکەی هەردەم بەباشی ناکەوێتەوە. پاڵپشتی ئەمەریکا بۆ کورد، نەک هەر بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار پێویستە، بەڵکو مانەوەی هەرێمی کوردستانیش وەکو قەوارەیەکی سیاسی پابەندە بەپاڵپشتی ئەمەریکا، ئەگەرنا تەمەنی ئەم هەرێمە زۆر درێژتر نابێت، زۆربەی هەرە زۆری فیرعەونە لوتبەرزەکانی هەرێمیش دیسان چارەنووسیان ژیانی پەناهەندەیی دەبێت لەشەقامەکانی ڤیەنناو لەندەنو ستۆکهۆڵم، مافی کوردیش لەعێراقدا لەمافی کوردەکانی پارچەکانیتر زیاتر نابێت. ساردی نێوان ئیدارەی ئۆباماو لێپرسراوانی سیاسی کوردستان، بەبێ پسپۆڕیش هەستی پێدەکرێت، راپۆرتەکانی ئەم دووایییەی رۆژنامە ناسراوەکانی ئەمریکیش، لەسەر قاچاغچێتی نەوتو گەندەڵی لەهەرێمی کوردستاندا، دەتوانرێت بەهەمان ئاراستە لێکبدرێنەوە. مەبەستی سەرەکیش لەنووسینی ئەم بابەتە هەڵهێنانی ناوی سەرۆکی داهاتووی عێراق نییە، بەڵکو زیاتر تاوتوێکردنی ئەم پرسیارەیە، ئایا باری سیاسی هەرێم پاش گەڕانەوەی مام جەلال لەبەغداد بەکامە ئاراستەدا دەڕوات؟ چونکە تائێستا ئەم پۆستەی مام جەلال لەبەغداد ئەو سەنگەبوو، کەهاوسەنگی سیاسی لەنێوان پارتیو یەکێتیدا راگرتبوو، کەمام جەلال ئەم پۆستەی نەما، ترسی ئەوە هەیە لەسەر هیچ پۆستێکیتر لەکوردستاندا جێگای نەبێتەوە، مەگەر پۆستی سەرۆکی هەرێم نەبێت، ئەمەشیان لەلایەن بەڕێزێکی ترەوە گڕدراوە، بۆیە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی دیاردەی دوو ئیدارەییو هەتا دوو هەرێمیش لەئارادایە، مەگەر سەرانی یەکێتیو پارتی ئەمجارەیان بەئاقڵانە بجوڵێنەوە دوور لەخۆپەرستیو غرور، ئەمیش بۆ نمونە، لەڕێگای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن مام جەلالەوە، کەپۆستێکە خۆی دەسەڵاتی لەپۆستی سەرۆکی هەرێم زیاترە.

ئەگەر خوانەخواستەش هاوپەیمانی ستراتیجی نێوان پارتیو یەکێتی هەرەسیهێنا، ئەوا ئەگەری دابەشبوونەوەی هەرێم ئەگەرێکی راستەقینەیە. هەتا ئەگەر بێتو پارتیش بتوانێت هاوپەیمانییەتێکی نوێی پەرلەمانی، بۆ نمونە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا ببەستێت، پرۆسەکە بۆی هەیە شەڕی ناوخۆی لەنێوان یەکێتیو بزووتنەوەی گۆڕاندا لێبکەوێتەوە، چونکە بنکەی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدایە. ئەگەر هاوسەنگی سیاسی هەرێمیش تێکبچێت، ئەوا حکومەتی زۆرینەی بەغداش دەتوانێت ئاسانتر دەستبخاتە نێو کاروباری هەرێمەوە، لەڕێگای دەستتێکەڵکردن لەگەڵ یەکێک لەلایەنەکان هەروەکو لەساڵی ١٩٦٦و ئابی ١٩٩٦ روویداوە بە بەکارهێنانی لایەنێک دژ بەلایەنێکیتر. ئێمەی کورد جگە لەپاڵپشتی ئەمریکا هیچ کارتێکی تری کاریگەری فشارمان لەدەستدا نییە بەرامبەر بە بەغداد، مەگەر ئەنجامدانی ریفراندۆمێک نەبێت لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بەپشتبەستن بەمافی گەلان لەچارەی خۆنووسین، ئەمەشیان ئەگەر لەلایەنی یاساییو تەکنیکییەوە کێشەیەکی نەبێت، ئەوا لەلایەنی واقیعی سیاسییەوە ئەگەر هێزو زەبەلاحێکی وەکو ئەمریکای لەپشت نەبێت، ئەوا زوو ریسەکەمان لێدەبێتەوە بەخوری.

لێرەشدا دەرفەت وەردەگرم بانگەوازێک ئاراستەی هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بکەم، بەتایبەتیش بزووتنەوەی گۆڕانو لایەنە ئیسلامییەکان، کەدەرفەت لەناکۆکی نێوان پارتیو یەکێتی وەرنەگرن، ئەگەر خوانەخواستە ئەم دوو حیزبە دیسان لەسەر پۆستو داهات کێشە کەوتە نێوانیان، بەڵکو ببنە پۆلی شلکردنەوەی گرژییەکان، ئەگەر لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیش نەبێت، هەر لەپێناوی خۆیان، چونکە ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان ئەگەر تێکبچێت، کارەساتێکە بۆ هەموومان.

drkamalsaidqadir@gmx.at

www.arsivakurd.org

# هەڵبژاردنی ئافرەتانی پارتی لەکۆیە کێشەی تێدەکەوێت

## کاندیدێك دەڵێت بەرپرسی لقی سەفینی پارتی خیانەتی لێکردووە، بەرپرسی لقەکەش دەڵێت ئەو دەستتێوەردانی نەکردووە

**محەمەد نەجیب**

کادیرێکی ئافرەتی پارتی لەکۆیە، دەڵێت بەرپرسی لقی سەفینی پارتی خیانەتو غەدرێکی گەورەی لێکردووە، بەهۆی ئەوەی رێگری لێکردووە ببێتە بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی قەزای کۆیە، بەرپرسی لقی سەفینی پارتیش ئەوە رەتدەکاتەوە.

دوای ئەوەی رۆژی ٦/٣٠ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئافرەتان لەقەزای کۆیە دەستپێدەکات، لاری هەڵمەت پاڵێوراو و کادیری حیزبو ئەندامی یەکێتی لاوانو قوتابیانی کوردستان بۆ ئەو پۆستە، دەڵێت «بەرپرسی لق رێگری لێکردمو دەستیدەخستە ناو هەڵبژاردنەکەوە، پشتگیری کەسێکی دەکرد کەپارتی نییە».

لاری هەڵمەت حاجی، کادیری لقی ٢٤ سەفین، پاڵێوراو بۆ ئەنجومەنی قەزای ئافرەتانی کۆیە، وتی «پێشئەوەی هەڵبژاردن بکرێت، بڕیاردرابوو کەنەشمیل عەلی دابنرێت لەو پۆستە، چونکە بڵند ئیسماعیل پشتگیری تەواوی دەکردو ئاگاداری هەموو کادیرو ئەندامەکانی کردەوە کە بەهیچ شێوەیەک هاوکاری لاری نەکەنو دەنگم نەدەنێ».

لاری هەڵمەت ئاماژە بەوەدەدات کەئەوان چەندینجار ئاوارەو دەربەدەربوونو ماڵیان لێزەوتکراوە لەسەر پارتی، بەڵام وتی «ئێمە هەر پارتین، بۆیە ئەگەر ئەوان خۆشیان بێن بەدوامدا، ئەوا کارناکەم، چونکە خیانەتیان لێکردم، بەڵام بەداخەوە حیزبەکەی من کەسانێکی دڵسۆزی ناوێت، کەسێکی دەوێت کەئەملاو ئەولایان بۆ بکاتو دڵسوزیان نەبێت».

بەپێی ئەو زانیاریانەی کەدەست رۆژنامەی دەستوورکەوتوون، بەرپرسی لقی ٢٤ سەفین بڵند ئیسماعیل چەند رۆژێک پێش هەڵبژاردنەکە، بە٣ ئەندام ناوچەی دێگەڵەی وتبوو رۆژی هەڵبژاردن، لاری دەبێت بکشێتەوەو نابێت بێگەردی دایکی لاریش خۆی هەڵبژێرێتەوە.

پێش هەڵبژاردنەکە دایکی لاری زانیویەتی کەبەرپرسی مەڵبەند رێگری کردووە لەوەی جارێکیتر خۆی هەڵبژێرێتەوە، لەدژی لاریش پشتگیری لەنەشمیل ناوێک کردووە، بەپێی وتەی لاری.

بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ٢٤ سەفین، دەڵێت ئەوە راست نییەو ئەسڵو ئەساسی نییەو ئەو رۆژەش کەهەڵبژاردن کراوە لەوێنەبووە.

وتی «داوام لەهیچ کەسێک نەکردووە کەخۆی نەپاڵێوێتو پاشگەزبێتەوە لەهەڵبژاردن، بەڵکو زۆر بەئازادانە هەڵبژاردن کراوە، ئەو ئافرەتەش بەدەنگدان دەرچووە».

بەرپرسی لقی ٢٤ سەفین دەڵێت لیژنەی هەڵبژاردن لەهەولێرەوە هاتوونو ناوی پاڵێوراوەکانیش لای ئەوان بووە، وتی «بۆیە دەبێت ئەوانەی کەدەرنەچوون ئەنجامی هەڵبژاردنەکە قبوڵبکەن».

بڵند وتی «ئێمە دەزانین بنەماڵەی لاری پارتینو خەباتێکی زۆریان بۆ پارتی کردووە، دەرنەچوونی لاریش پەیوەندی بەهیچ شتێکەوە نییە، بەڵکو تەنها لەهەڵبژاردندا دەرنەچووەو دەنگی نەهێناوە، نەوەک ئێمە خیانەتی لێبکەین».

دەستوور ئەوەی زانیوە کەپێشتر نەشمیل عەلی پارتی نەبووە.

بڵند وتی «نەخێر ئەو ئافرەتە ئەندامی ئەنجومەنی ئافرەتانی قەزای کۆیە بووە، بەهەڵبژاردن دەرچووە».

دەستوور پەیوەندیکرد بەنەشمیل عەلی بەرپرسی ئافرەتانی ئەنجومەنی قەزای کۆیە، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کەدەبێت راستەوخۆ ستافی دەستوور ببینێت ئامادەنەبوو لێدوان بدات.

لاری وتی «ئەوان پیلانێکیان بۆ دانابووم، دەیانوت دەبێت ئەوانەی کەدەنگدەدەن دەبێت کادیربن، بەڵام ئەوانەی دەنگیاندا پارتیش نەبوونو خەڵکانی سەرجادە بوون، بۆیە فێڵیان لێکردم، چونکە ئەوانەی دەنگیاندەدا بەمن هەمووی کادیر بوون».



لاری هەڵمەت

# گەرمیان نەخۆشکەوتووە!

## نەخۆشخانەکانی شارەکانی گەرمیان، بەدەست نەبوونی پزیشکی پسپۆڕو کەمی دەرمانەوە دەناڵێنن

**فەرمان خێڵانی لەگەرمیان**

بەهۆی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕی زۆربەی نەخۆشییەکانو کەمی دەرمانەوە، هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوە دەستپێکردووە، بەو هیوایەی حکومەت کێشەکانی تەندروستی لەناوچەکە چارەسەربکات.

کۆمەڵەی پەیامی خەڵک لەگەرمیان هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوەکە بەڕێوەدەبات لەشارەکانی کەلار، کفری، چەمچەماڵ، خانەقین، دەربەندیخان، پێبازو رزگاری. بەنیازن ٢ هەزار ئیمزاکۆبکەنەوە لەناو ٥٠٠ هەزار کەس کە لەو شارانەدا دەژین.

رێکخراوەکە بەنیازە ئیمزاکان لەگەڵ یاداشتێکدا ئاراستەی پەرلەمانو حکومەت بکات، بۆ ئەوەی رێژەی دەرمانی ناوەندو بنکە تەندروستییەکانی گەرمیان زیادبکرێتو چەند پزیشکێکی پسپۆڕیشیان بۆ دابینبکرێت.

عەدنان قوربانی ئەندامی کارای کۆمەڵەی پەیامی خەڵک لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت گەرمیان لەڕووی پزیشکی پسپۆڕو دەرمانەوە کێشەو کەموکورتی زۆریان هەیە، وتی «پێمانوایە سلێمانی پشکی گەرمیان دەبات لەپزیشکی پسپۆڕو دەرماندا».

بەپێی ئامارەکان، لە٢٦٪ی نەخۆشەکانی گەرمیان دەگوازرێنەوە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٩و ٢٠١٠دا بەهۆی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕەوە ١٠ نەخۆش لەڕێگەی نێوان گەرمیان سلێمانی گیانیان لەدەستداوە، چەندین منداڵ لەڕێگەی نێوان شارەکانی گەرمیانو سلێمانیدا لەدایکبوون.

تائێستا لەکەلار کەسەنتەری گەرمیانە، پزیشکی پسپۆڕی چاو و دەروونی نییە، یەک پزیشکی پسپۆڕی منداڵان هەیە، پزیشکی پسپۆڕییەکانی هەناویو نەشتەرگەری گشتیو شکاوی گشتیو تیشکو سۆناریش ژمارەکەیان بە بەراورد بەو نەخۆشانەی رۆژانە دەچنە نەخۆشخانەکان، وەک پێویست نییە.

قوربانی وتی «جگەلەوەش هەمیشە لەگەرمیاندا کێشەی دەرمانو کەمی دەرمانمان هەیە، یان تیشکی تەنوری (وێنەی موگناتیسی تیشکی)، هێمارای لەهەموو پارێزگاکاندا هەیە، کەچی لەگەرمیاندا نییە».

قوربانی وتی «تائێستا ئاوڕ لەلایەنی تەندروستی نەدراوەتەوە، کەبوارێکە راستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەیە».

هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوە چەند رۆژێکە دەستیپێکردووە، تائێستا نزیکەی ٢ هەزار ئیمزا کۆکراوەتەوە.

قوربانی دەڵێت هاووڵاتیانو رێکخراوەکانی گەرمیان ئارامیان نەماوە، وتی «تائێستا زۆر داواکاریکراوە بۆ دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕو زیادکردنی دەرمان، بەڵام هیچ هەنگاوێکی جیدی بۆ چارەسەر نەنراوە، بۆیە هاووڵاتیانو ئێمەی رێکخراوەکان، ئەگەر ئەو داوایەمان لەکاتێکی دیاریکراودا وەڵام نەدرێتەوە، هەڵوێستی توندوەردەگرین».

بەرپرسانی تەندروستی گەرمیان دان بەو کەموکوڕیانەدا دەنێن کەخەڵکانی ناوچەکە بەهۆیەوە گیرۆدەبوون.

د. ئاکۆ ئیبراهیم بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «پێویستمان بەچەندین پزیشکی پسپۆڕیتر هەیە، سەرەڕای ئەوانەی ئێستا هەمانە، بەڵام کێشەی دەرمان وەک لەهەموو پارێزگاکانی تریشدا هەیە، ئەویش خۆی لەکەمی چەند جۆرێکی دەرمان، یان کێشەی بەسەرچوونی دەرمانو دواکەوتنی دەرماندا دەبینێتەوە».

د. ئاکۆ ئیبراهیم دەڵێت لەهەموو کوردستاندا پزیشکی پسپۆڕ کەمە، بەڵام لەگەرمیاندا بۆشاییەکە گەورەترە، وتی «تائێستا نەتوانراوە پێداویستیەکانمان لەپزیشکی پسپۆڕ بۆ دابینبکرێت، چارەسەری ئەم کێشەیەش بەوە دەکرێت کەحکومەت لەڕێگەی کارئاسانیو هاندانەوە پزیشکە پسپۆڕەکان بنێرێتە دەوروبەری پارێزگاکانیش، نەک تەنها لەناو پارێزگاکاندا کۆیانبکاتەوە».

د. ئاکۆ دەڵێت ساڵانە هەرچی پێداویستیو کەموکورتیمان هەبێت لەگەڵ داواکردنی دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕ، دەینرێن بۆ وەزارەت، وتی «ئێستاش چاوەڕێی وەڵامی وەزارەتین».



«وسلێمانی پشکی گەرمیان دەبات لەپزیشکی پسپۆڕو دەرماندا»

فۆتۆ: فەرمان خێڵانی

ئـــەوەش بـەمـەبـەسـتـی پشکنینی سەرجەم بیناو باڵـەخـانـەکـانو چۆنیەتی مۆڵەتدان بەدروستکردنی تەلارەکانو بوونی مەرجەکانی سەلامەتی لەو تەلارانەی دروستدەکرێن.
بەڵام دەستەی وەبەرهێنان تائێستا بەردەوامن لەپێدانی مۆڵەت و زەوی بـەپـرۆژەکـانـی دروسـتـکـردنـی بیناو باڵەخانە.
یاسین فەقێ سەعید بەڕێوەبەری لقی سلێمانیی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت تائێستا بەردەوامن لەپێدانی مـۆڵـەت و زەوی بـەدروسـتـکـردنـی پــرۆژەی دروسـتـکـردنـی باڵەخانەو تــەلاری بـازرگـانـی، وتــی "تائێستا لەلایەن حکومەتەوە هیچ بڕیارێکمان پێنەگەیشتووە بۆ ڕاگرتنی دروستکردنی باڵەخانە".

**ئەشکەوتەکانی سلێمانی**

تەیب جەبار دەڵێت باڵەخانەو بیناکانی سلێمانی وەک ئەشکەوت دروستکراون، دەروازەیـــەکـــی سـەرەکـیـان هەیە لەنهۆمی زەویـدا، بەڵام لەنهۆمەکانی تـردا هـەرچـوارلای بیناکان کراوەتە ژووررو شوقەو پەنجەرەیان بـەڕووی دەرەوەدا نییە.
تەیب جەبار وتی "زۆربەی باڵەخانەکان بەتەنیشت یەکەوە دروستکراون، ماوە لەنێوانیاندا نییە، پەنجەرەیان بەڕووی دەرەوە تێدا نییە، هـەوا گۆڕکێیان نییە، خۆر لەناوەوەی تەلارەکان نادات، باڵکۆنیان نییە، یەک ئاسانسەرو یەک ڕێگەی پلیکانەیان تێدایە، کەواتە مەرجەکانی سەلامەتییان تێدا نییە".
بەپێی ئامارێکی دەزگـای هاندانی وەبـەرهـێـنـان کـەدەسـت دەسـتـوور کەوتووە، لەساڵی ٢٠٠٤وە تا ساڵی ٢٠٠٦ لەسلێمانی مـۆڵـەت دراوە بەدروستکردنی ٦١ بیناو باڵەخانەو پرۆژەی بازرگانیو وەبەرهێنان.
خەسرەو کەمال سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند "لەساڵی ٢٠٠٠وە تا مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ لەسەر داوای ئەنجومەنی شـارەوانـیو بەبیانووی خـێـرایـی لـەبـەڕێـکـردنـی مـامـەڵـەی هاووڵاتیاندا، دەستبەجێ مۆڵەت دەدرا بەدروستکردنی تەلارو باڵەخانەکان، "بەبێ هیچ مەرجێکی سەلامەتی".
عومەر مەحوی سـەرۆکـی پێشووی شـارەوانـیـی سلێمانی ئامادەنەبوو لەوبارەیەوە لێدوان بدات.
لەکاتێکدا بەپێی یاساو ڕێنماییەکان هەر بینایەک کە لە٢ نهۆم زیاتربێت، پـەیـژەی ڕزگـــاربـــوونو سیستمی ئاگرکوژێنەوەو زەنگی ئاگادارکردنەوەی تێدا بێت، ئینجا مۆڵەتی پێدەدرێت.
خەسرەو کەمال دەڵێت لەوەتەی بووە بەسەرۆکی شارەوانی یەک بینا یان ئوتێلێک دروستنەکراوە، کەمەرجەکانی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانو ڕێنماییەکانی ئاوەدانکردنەوەی تێدا نەبووبێت.
خەسرەو کەمال ئاماژەی بەوەدا دوو مانگ پێش ئێستا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیـرانـەوە لیژنەیەک دیاریکرا بۆ پێداچوونەوە بەپرۆژەکانی سلێمانی بەپێی ماستەرپلانی شارەکە، بۆیە ئەوان لەو کاتەوە مۆڵەتی دروستکردنی بیناو باڵەخانەکانیان ڕاگـرتـووە، وتــی "سـەرقـاڵـی پـێـداچـوونـەوەیـن بەکەموکورتییەکان".
تەیب جەبار ئەوەشی وت پێویستە دیزاینی بنەڕەتیی شـارو دیزاینی میعماریی باڵەخانەکان پێداچوونەوەی بـۆ بـکـرێـتو کـەمـوکـورتـیـەکـانـی چاکبکرێن، "چونکە بەردەوام ئەگەری دووبارەبوونەوەی ڕووداوی هاوشێوەی ئوتێل سۆما هەیە".

**حکومەت وردبینیو بەدواداچوون ناکات**

بەرپرسان دەڵێن زۆریـنـەی خـاوەن بیناکان نەخشەی بیناکانیان وەک خۆی جێبەجێ نەکردووە، دوای وەرگرتنی مۆڵەت نەخشەکەیان گۆڕیوە، هیچ دەزگایەکی حکومەتیش بەدواچوونو لێپێچینەوەی نەکردووە.
یـاسـیـن فـەقـێ سـەعـیـد دەڵـێـت دەستەی وەبەرهێنان بەرپرس نییە لەکەموکورتیی پرۆژەکانی بیناسازی، وتــی "شـارەوانـیو ئاوەدانکردنەوەو یەکێتیی ئـەنـدازیـاران بەرپرسن لەکەموکوڕیی هونەریی پـرۆژەکـان، ئەوان مۆڵەت دەدەن بەدروستکردنی باڵەخانەکان، بۆیە دەبێت ئـەوان چاودێری جێبەجێکردنی مەرجەکانی سـەلامـەتـیو فـریـاگـوزاری بکەن لەتەلارەکاندا".
یـاسـیـن وتـــی "تـائـێـسـتـا لـەلایـەن حـکـومـەتـەوە ڕێنمایمان لـەبـارەی مەرجەکانی سـەلامـەتـیو سیستمی فریاکەوتنەوە پێنەگەیشتووە، بەڵام هەرکاتێک ڕێنمایی حکومەتمان لەو بارەیەوە بۆ هات، ئەوا ڕەچاوی دەکەین".
مـەهـابـاد حـەفـیـد بـەڕێـوەبـەری گەشتوگوزاری سلێمانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور هەریەک لەشارەوانیو بەرگریی شارستانیو گەشتوگوزار بە بەرپرسیار دەزانـێـت لـەڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی ئوتێل سۆما.
مەهاباد حەفید وتـی "هەندێکجار خاوەن بیناو ئوتێلەکان ڕێنماییەکان وەک خۆی جێبەجێناکەن، خاوەنی ئـوتـێـل سـۆمـاش ئـــەو ڕێـنـمـایـیـانـەی

داوادەکرێت سەرۆکی حکومەت بهێنرێتە پەرلەمانو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت

جـێـبـەجـێـنـەکـردووەو نـەخـشـە سەرەکییەکەی گۆڕیوە".
لـــە٢٠٠٩/١٢/١٢دا بەهۆی گڕگرتنی دوو مولیدەی کارەباییەوە لەشەقامی سالم پێنج ئۆتۆمبێل سـووتـان، بـەهـۆیـەوە خـاوەنـی ئۆتۆمبێلەکان سـکـاڵای یاساییان لـەدژی عومەر مەحوی سەرۆکی ئەوکاتەی شارەوانیی سلێمانی تـۆمـارکـرد، ئـەوەش وەک تۆمەتبارکردنی شارەوانیی سلێمانی بەوەی شوێنی تایبەتی بۆ مولیدەی کارەبایی تەرخان نەکردووەو ڕێگەی داوە خاوەنی باڵەخانەکان مولیدەی کارەبایی لەسەر شۆستەی بـەردەم باڵەخانەکان دابنێنو کاری پێبکەن.
تەیب جەبار وتی "دەبێت پێداچوونەوە بەسیستمی کـارەبـای سـەرجـەم باڵەخانەکاندا بکرێتو چاکبکرێنەوە، چونکە زۆرجـار هەڵە لەگەیاندنی کـارەبـادا دروستبووەو بووەتە هۆی ئاگرکەوتنەوە".

**حکومەت دوای بارانبارین فەرەنجی لەبەردەکات**

ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٩ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کۆبووەوە، کەتێیدا بـڕیـاریـدا بەپێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان وەزارەتـی ناوخۆو شارەوانیو گەشتوگوزار پێکبێت، بۆ پشکنینی سەرجەم شوێنە گشتیو حکومییەکان بەمەبەستی دڵنیابوون لـەهـەبـوونـی سیستمی بـەرگـریـی شارستانی وەک لەیاسای ژمارە ٦٢ی ١٩٧٨دا هاتووە.
هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا مۆڵەت نەدرێت بەهیچ پــرۆژەو شوێنێکی خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەتو شوێنە گشتییەکان، تا مۆڵەتی ڕەسمی بەشێوەی بڕوانامەی سەلامەتیو بـەرگـریـی شـارسـتـانـی لـەوەزارەتـی نـاوخـۆ وەرنەگرن.
بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سلێمانی وتــی "دوای سـووتـانـی ئوتێل سۆما، لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی کەموکورتییەکانی ئوتێلو بیناکان دروستکراوەو لەم ڕۆژانەدا ئەنجامەکان ئاشکرادەکرێنو ئێمەش لای خۆمانەوە چاودێریی کەموکورتیی ئەو ئوتێلو تەلارانە دەکەین کەمۆڵەتمان پێداون".
یاسین فەقێ سەعید وتی "ئەگەر لەلایەن حکومەتیشەوە هـەر ڕێنماییەکمان پێبگات، ئـەوا جێبەجێی دەکەینو بەپێی ئەو ڕینماییانە مۆڵەتدەدەین بەدروستکردنی باڵەخانە".
زانـا محەمەد قایمقامی سلێمانی لەلێدوانەکەیدا بۆ دەستوور دەڵێت لەدوای سووتانی ئوتێل سۆماوە کاری لیژنەکانی چاودێریان توندوتۆڵکردووە، وتی "هەر شوێنێک پەیوەندی بەئێمەوە هـەبـێـتو مـەرجـەکـانـی سـەلامـەتـی تـیـدا نـەبـێـت، ئـەوا لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکەینو مەرجەکانیان پێ جێبەجێدەکەین".
تەیب جەبار ئاماژەی بـەوەدا کاتێک ئەندازیارێک تێبینیو سەرنجی لەسەر پرۆژەیەک هەیە، بەقسەی ناکرێت، وتی "ئەندازیاری ناو فەرمانگەکان هـەڕەشـەیـان لـێـدەکـرێـت، شـەڕیـان لەگەڵدا دەکەن، بەقسەیان ناکەن".
ئەوئەندازیارە ئاماژەی بەکەموکوڕییەکی تری باڵەخانەکانی کوردستاندا، وتی "لەهەندێک لەباڵەخانەکاندا ڕەچاوی ڕێگەو هاتوچۆی کەمئەندامان نەکراوە".
شـوان سدیقیش وتـی کەحکومەت لـێـپـرسـیـنـەوەو لـێـپـێـچـیـنـەوەی کەموکورتییەکان لـەگـەڵ هەندێک کۆمپانیای بچوک ئەنجامدەدات، بەڵام لێپرسینەوە لـەو کۆمپانیاو پـرۆژە گەورانە ناکات، کەبەرپرسی باڵایان لەپشتە.
نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی نـاوخـۆی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان، ئـامـاژەی بـــەوەدا کــە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان لەو ڕووداوە، بۆیان دەرکەوتووە کەکەموکورتی زۆر لەلایەنی ئـیـداریو کەرەستەکانی سەلامەتی هەیە، لەئوتێلەکەداو کەموکورتیش لەپێداویستییەکانی ئاگرکوژێنەوەدا هەبووەو وتی "ئێمەش ڕاپۆرتی خۆمان داوە بەسەرۆکایەتی پەرلەمانو داوای سزای توندی ئەو کەسو لایەنانەمان کـردووە کە کەمتەرخەمیان کـردووە لـەدروسـتـکـردنو پـێـدانـی مۆڵەتی ئوتێلەکەدا".
نـەریـمـان وتـــی "ئـێـمـە چـاودێـری کـاری لیژنەکان دەکـەیـنو ئەگەر بەپێی ڕێنماییەکان کەموکورتی بیناو ئوتێلەکانی تـر ڕێکوپێک نەکەن، ئەوا وەک لیژنەکەی خۆمان داوادەکـەیـن سـەرۆکـی حکومەتو وەزیرە پەیوەندیدارەکان بانگهێشتی پـەرلـەمـان بکرێنو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت".
ئەو ئەندامەی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان وتـی "کـارەسـاتـەکـەی ئوتێل سۆما ئەوە دەهێنێت کەسەرۆکی حکومەت بهێنرێتە پەرلەمانو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوەی سەرۆکی حکومەت ڕاسـتـەوخـۆ بەرپرسیارە لەژیانو سەلامەتی هاووڵاتیان، بەڵام لەپەرلەماندا بـۆئـەوەی بەرپرسێک بهێنینە پـەرلـەمـانو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەین، پێویستمان بەدەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان هەیەو لەمەشدا هاوڕێیانی یەکێتیو پارتی دەنگ بەوەنادەنو بەمەش ئەو ئەگەرە لاوازدەبـێـت، کەبتوانین بەرپرسێکی باڵای وەکو سەرۆکی حکومەت بهێنینە بــەردەم پـەرلـەمـانو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەین".
لیژنەی لێکۆڵینەوە لـەڕووداوەکـەی ئوتێل سۆما، بڕیاری دەستگیرکردنی خـــاوەن ئـوتـێـلـەکـەی دەکـــردووە، بـەمـەبـەسـتـی لـێـکـۆڵـیـنـەوە لێیو دوێنێش خاوەنی مۆبیلیاتی پاشاو بەرپرسی ئوتێلەکە بەبڕیاری دادوەر دەستگیرکران، بـەڵام تەنها ئوتێل سۆما مەرجەکانی سەلامەتی پشتگوێ نەخستووە، بەڵکو زۆربەی باڵەخانەکان هەمان کەموکوڕییان تێدایە.
تەیب جەبار ڕوونیدەکاتەوە کەسێ لایەن بەرپرسن لەکەموکورتی بیناکان، ئەو کەسەی کەدیزاینی باڵەخانەکە دەکات، پاشان حکومەت، کەدەبێت چـاودێـری چۆنیەتی دروستکردنی باڵەخانەکان بکات، هەروەها خاوەن باڵەخانەکەش.
بۆیە بەپێویست دەزانـرێـت جگە لەئەندازیارانی پـرۆژەکـانو خـاوەن باڵەخانەکان، سەرۆکی حکومەتو وەزیــرە پـەیـوەنـدیـارەکـانـیـشـیـش بەتۆمەتی کەمتەرخەمی بەدوادانەچوون بۆ پرۆژەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

سەرۆکی شارەوانی سلێمانی: لەساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٠ دەستبەجێ مۆڵەت دەدرا بەدروستکردنی تەلارو باڵەخانەکان، بەبێ هیچ مەرجێکی سەلامەتی.



# مانگانە زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن دینار لەپێشمەرگە وەردەگیرێت

دەستوور

هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنو فشاری دەرەکی لەسەر پارتیو یەکێتی ئەنجامی نەبووە بۆ پێکهێنانی هێزێکی یەکگرتووی نیزامی، بەڵێنەکانی سەرۆکی هەرێمو حکومەتیش نەبرایە سەر لەدەستبەرداربوونی یەکێتیو پارتی لەهێزی چەکداری.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەکاتی وەرگرتنی موچەی ئەم مانگەدا، پارتیو یەکێتی لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی خۆیانەوە بۆ هەر پێشمەرگەیەک بری (٥) هەزار دیناریان لەموچەکەیان بری، وەک ئابوونەی حیزبی، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لەڕێکخستنەکانی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە ڕایدەگەیەنێت کەنزیکەی ٢٥٠ ملیۆن دینار لەم مانگەدا ئابوونەی حیزبی وەرگیراوە.

دەستوور زانیویەتی کەهەڕەشەی ئەوەش لەپێشمەرگەکان کراوە کەئەگەر باسی بکەن دووردەخرێنەوە. بەڵام بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت ئەو ئابوونەیە لەنێو لیواکاندا نەبووە، بەڵکو لەنێو ئەو هێزانەدا بووە کەپێیاندەوترێت «پێشمەرگەو سەر بەحیزبەکان».

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥وە هەریەکە لەسەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت بەڵێنی ئەوەیان بەهاووڵاتیانی کوردستاندا کەهێزی پێشمەرگەی سەر بەحیزبەکان نامێنێتو هێزێکی یەکگرتووی نیزامی دروستدەکرێت، بەڵام هەنگاوەکانی ئەو بەڵێنانە بەسیستی دەڕۆن، بەجۆرێک تائێستا ئەو ٤ لیوایەی کە ٨ مانگ لەمەوبەر بڕیاری لەسەردرا بەتەواوی پێکهێنانی ڕانەگەیەنراوە.

ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەپێی ئەو بڕیارانەی کە لەسەرووی خۆمانەوە هاتووە، دەبێت لەئایندەیەکی نزیکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسوپایەکی یەکگرتوودا یەکبخرێت.

ئەو وتی «بۆ ئەو مەبەستە چەند هەنگاوێک نراوە لەوانە دروستکردنی ئەو چوار لیوایەی بڕیاریداوە، کەخۆشبەختانە ئێستا بەشی زۆری کارەکانی تەواوکراوە».

ڕاشیگەیاند کەبڕیارێکیتر هەیە هەر لەچوارچێوەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەدا ٤ بۆ ٦ لیوایتر دروستبکرێت.

وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم ناتوانێت ژمارەی هێزی پێشمەرگە بەتەواوەتی دیاریبکات، بەڵام بەپێی ئەو خەمڵاندنەی ئەوان کردوویانە خۆی لەنزیکەی ١٩٠ هەزار پێشمەرگە دەدات.

ئەنوەری حاجی عوسمان وتی «پێشتر لەگەڵ حکومەتی عێراقدا باس لە ١٩٠ هەزار پێشمەرگە کرابوو». هەروەها وتی «بەڵام بێگومان ئێستا هێزی پێشمەرگە لەو ڕێژەیە زیاترە».

یەکێک لەسەرەکیترین کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێم، داننەنانە بەو ژمارەیەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو بەشێک لەکێشەکەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تائێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەر بەحیزبەکانن.

نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت حکومڕانی وڵات وایپێویست دەکات کە لەنێو هێزە چەکدارەکاندا کاری حیزبی قەدەغە بکرێت، بەڵام وتی «ئەوەی لەوڵاتی ئێمەدا پەیڕەودەکرێت نەشازەو لەهیچ وڵاتێکدا نییە».

نەریمان وتی «بەڵگەمان لایە کەیەکێتیو پارتی بەردەوام کاری حیزبی لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا دەکەن، پێشمەگە سەر بەحیزبەکانن، لەناو حیزبەکانیشدا سەر بەکەسانێکن».

بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە هەبوونی هێزی پێشمەرگەی تایبەت بەحیزبەکانی کوردستان بەتایبەت یەکێتیو پارتی ڕەتناکەنەوە.

ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێت کەڕێکخستنی حیزبی لەناو لیواکان نییەو بەهەموو مانایەک قەدەغەیە. هەروەها وتی «هێزی پێشمەرگە هی حیزبەکانە بەتایبەتی پارتیو یەکێتی، ئەمە ڕاستییەکە ئیتر کەیفی خۆیانە ئابوونە وەردەگرن یان نا».

ئەوە لەکاتێکدا بەپێی یاسای ڕێکخستنی کاری حیزبەکان کەساڵی ١٩٩٣ پەرلەمانی کوردستان دەریکردووە، نابێت حیزبەکان هێزی چەکداری تایبەت بەخۆیان هەبێت، یان ڕێکخستن لەناو هێزی پێشمەرگەدا بکەن.

بەپێی یاساکە ئەگەر هەر حیزبێک ئەو مەرجانەی جێبەجێ نەکرد، ئەوا ڕووبەڕووی داخستن دەبێتەوە، بەڵام تا ئێستا زۆربەی حیزبەکان ئەو مەرجەیان پێشێلکردووە، لەپێش هەموویانەوە یەکێتیو پارتی.

بەرپرسێکی پێشمەرگە کەنەیوست ناوی بڵاوبکرێتەوە بەدەستووری وت «لەم مانگەدا کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە موچەیان وەرگرت، ڕێکخستنەکانی یەکێتیو پارتی ئابوونەیان لەپێشمەرگەکان وەرگرتووە».

ئەو بەرپرسە وتی «خۆم بەدواداچوونم بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە، بۆم دەرکەوتووە زیاتر لە ٥٠ هەزار پێشمەرگە ئابوونەی لێوەرگیراوە، کە ٢٥٠ ملیۆن دینار دەکات».

پرۆژە یاسایەک لەپەرلەمانی کوردستاندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە بۆ قەدەغەکردنی کاری حیزبی لەناو هێزی پێشمەرگەدا، کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە ڕەوانەی پەرلەمان کراوە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن ڕەخنەی ئەوە دەگرن کەدەسەڵات نیەتی یەکگرتنەوەی لاوازە.

نەریمان عەبدوڵڵا وتی «دەمانەوێت کاری حیزبی لەناو هێزە چەکدارەکاندا قەدەغەبکەین، بەڵام لیستی دەسەڵات کار بۆ دواخستنی دەکەن».

ئەو وتی کەبەرژەوەندی هەردوو حیزبەکە لەوەدایە کەبەو شێوەیەی ئێستا بمنێتێتەوە.

ئەنوەر وتی «هیوادارین یەکێتیو پارتی سستی نەنوێنن لەیەکخستنی هێزی پێشمەرگە، بۆئەوەی بتوانین سوپایەک دروستبکەین بۆ پاراستنی ئەم وڵاتە».

تائێستا هێزی پێشمەرگەی حیزبە بچووکەکان نەچووەتە ژێر ڕکیفی وەزارەتی پێشمەرگەو ئەو چوار لیوایەی کەهەوڵی دروستکردنی دەدرێت. یەکێتیو پارتیش ڕێکخستنەکانی لەناو هێزی پێشمەرگەدا ڕانەگرتووە.

عەبدوڵڵای حاجی مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی سۆسیالیست وتی «ئەوکاتەی کەبڕیاردرا ئەو لیوایانە دروستبکرێت، داوامانلێکرا، بەڵام تائێستا هەر وەکو خۆی ماوەتەوەو نەچووەتە ناو ئەو چوار لیوایەوە».

حیزبی سۆسیالیست نزیکەی ١٠٠٠ پێشمەرگەی هەیە، کە لەلایەن خۆیانەوە سەرکردایەتی دەکرێن و موچەیان دەدرێتێ.

شوان قەڵادزێی وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی وتی «هێزی چەکدارمان بەڕەسمی نەچووەتە ژێر وەزارەتی پێشمەرگە، لایەنی سەربازی بزووتنەوەش لەماڵەوە دانیشتوون».

شوان ڕەشبینی خۆی نیشاندا لەوەی دەسەڵات بتوانێت بەمنزیکانە هێزێکی نیزامی لەکوردستاندا دروستبکات.

ئەو وتی «نزیکەی ١٠٠٠ تا ١٥٠٠ چەکدارمان هەیە».

نەریمان عەبدوڵڵا ڕایگەیاند کەئێستا تەواوی پێشمەرگە بەبێ خواستی خۆیان حیزبینو وتی «پەرتەوازەیی لەهێزی پێشمەرگەدا بەدیدەکرێت، مافی پێشمەرگەش بەتەواوی خوراوە».

# ئوتێلەکانی مەرگ!

## ئەندازیار تەیب جەبار: باڵەخانەو بیناکانی سلێمانی وەك ئەشکەوت دروستکراون، تەنیا یەك دەروازەیان هەیە

فەرمان خێڵانی

پاش ڕووداوی سووتانی ئوتێل سۆما لەشاری سلێمانی، حکومەتی هەرێم بڕیاریدا بەپێداچوونەوە بەچۆنیەتی مۆڵەتپێدانو مەرجەکانی خۆپارێزیو سەلامەتی لەباڵەخانەو تەلارەکانی سلێمانیدا، فەرمانگە حکومییەکانیش تۆمەتی بەرپرسیاری لەکەموکوڕیی بیناکان لەسەر خۆیان لادەبەن.

شەوی ٢٠١٠/٧/١٥ بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لەئوتێل سۆما لەشاری سلێمانی، نزیکەی ٢٨ کەس گیانیان لەدەستداو زیاتر لە٢٠ کەسیش بریندداربوون، هەرچەندە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە نەزانراوە، بەڵام ئاماژە بەوەدەدرێت کەڕەنگە شۆرتی کارەبا بووبێتە هۆی ئاگرکەوتنەوەکە.

ڕۆژی دوای ڕووداوەکە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم سەردانی ئوتێل سۆمای کردو بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکیدا بۆ لێکۆڵینەوە لەهۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە، بەڵام تائێستا لیژنەکە هیچی ئاشکرانەکردووە.

نەجمەدین قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی لەلێدوانیکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا کە تائێستا هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە دەرنەکەوتووە.

هەروەها وتی لیژنەیەک لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ لێکۆڵینەوە پێکهاتووە، جگە لەوەش لیژنەیەکیش لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ لێکۆڵینەوە، سەردانی ئوتێل سۆمایان کردووەو ماوەیەکیتر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرادەکەن.

**سەرەتای قەیرانەکە**

ساڵی ٢٠٠٠ حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) کابینەکەی بەرهەم ساڵح، دەزگای هاندانی وەبەرهێنانی دروستکرد، دەستەکە لەماوەیەکی کەمدا مۆڵەتی بەدەیان بینا لەناوشاری سلێمانی بەخشی، کە بەوتەی شارەزایانی بواری تەلارسازی، زۆرینەیان مەرجەکانی سەلامەتیان تێدا نییە.




دوای باران، فەرەنجی لەبەرکردن چ نرخێکی هەیە

هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەرزکردنەوەی تەلارەکان بۆ ئاسمان چڕتربووەوە لەسەر حیسابی ژیانی هاووڵاتیان، تەنانەت لەهەندێک گەڕەکو شوێنی نیشتەجێبووندا بینای بازرگانی دروستکرانو دانیشتووانی گەڕەکەکان ناچارکران خانووەکانیان بەبازرگانەکان بفرۆشن.

تەلارەکانی سلێمانی زۆرینەیان ئەو مەرجە ساکارانەشیان پشتگوێخستووە، کەحکومەت بۆی داناون، بەرپرسانی شاریش بێگوێدانە ژیانی خەڵک، لێیپێچینەوە لەو بازرگانانە ناکەن، کەزۆرینەیان دوای شەڕی ناوخۆ دەرکەوتوون.

شوان سدیق ئەندازیاری شارستانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "زۆرێک لەو بینایانە بەرپرسی باڵایان لەپشتەو کەس ناتوانێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، تەنانەت حکومەتیش چاوپۆشی لێکردوون، هەرچەندە کەموکورتییان تێدایەو زۆرینەیان مەرجەکانی سەلامەتیان تێدا نییە».

زۆربەی ئەو بینایانەی لەسەر شاڕێی سالم قوتکراونەتەوە، مەرج بووە لەسەریان نهۆمی ژێرەوە بکەن بەگەراج، بەڵام ئەوان کردوویانە بەدوکانی مۆبیلیاتو شۆستەکانیشیان بەئۆتۆمبێل گرتووە، بەو هۆیەوە هاووڵاتیان ناچارن بەسەر شەقامەکاندا هاتوچۆ بکەن، حکومەتیش تائێستا هیچ لێچینەوەیەکی نەکردووە.

بەشێک لەو بینایانەی کە بەهی بەرپرسان ناسراون، بەزیادەڕەوی چەند مەترێکیان لەشۆستەکە بردووە، جگە لەوەی هاتوچۆی ڕێبوارانیان ئەستەمکردووە، بواریان بۆ فراوانکردنی شەقامەکە لەداهاتوودا نەهێشتووەوە.

شوان سدیق ئەوەشی وت کەموکورتیی باڵەخانەکان، ئەندازیاران لێی بەرپرسن، هەروەها ئەو بەڵێندەرانەش بەرپرسن کەباڵەخانەکان دروستدەکەن، وتی "بەڵام لەبەرئەوەی ئەو بەڵێندەرانە خەڵکی دەسەڵاتداریان لەپشتە، بۆیە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێتو حکومەتیش چاوپۆشیان لێدەکات".

تەیب جەبار ئەندازیار لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت پێویستە چواردەوری باڵەخانە بازرگانییەکانو ئوتێلو بینا بەرزەکان کراوەبێت، نەک بینا بەرزەکان بەتەنیشت یەکەوە بن، وتی "چونکە باشتروایە لەناوچەی نیشتەجێبووندا باڵەخانەی بەرز دروستنەکرێتو نەکرێتە ناوچەی بازرگانیو ئوتێل".

**ئوتێلەکانی مەرگ**

ساڵی ٢٠٠٨ لەیەکێک لەگوندە گەشتیارییەکانی سەیرانگای دوکان بوکو زاوایەک گیانیان لەدەستدا، بەهۆی ڕوودانی شۆرتی کارەباوە.

ئەوکات بەرپرسانی حکومەت بەڵێنو بڕیاریاندا بەمەرجەکانی سەلامەتی ئوتێلەکاندا بچنەوە، ڕێوشوێنی توندو پێویست بگرنەبەر، بەڵام چاوپۆشیکردنەکانیان کارەساتەکەی ئوتێل سۆمای لێکەوتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، لەڕووداوەکەی ئوتێل سۆمادا، نزیکەی دە کەس بەهۆی سوتانەوە گیانیان لەدەستداوە، ئەوانیتر بەهۆی قەتیسبوونیان لەئوتێلەکەداو نەبوونی ڕێگەی دەربازبوون، بەهۆی دووکەڵەوە خنکاون.

وەک لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە دوای سووتانی ئوتێل سۆما، حکومەتی هەرێم بڕیاری دروستکردنی باڵەخانەی لەسلێمانی بۆ ماوەی مانگێک ڕاگرتووە،

www.arsivakurd.org

# «دەبێت پێداچوونەوە بەکارە نەگونجاوەکاندا بکەین»

## د. کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری‌و لاوان بۆ دەستوور

سازدانی: عەلی بانیشاری

د. کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری‌و لاوان لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی دەستووردا، دەڵێت رێنمایی نوێیان بۆ ئەو سەنتەرانە دەرکردووە کەبودجە لەوەزارەتی رۆشنبیری وەردەگرن.
لەو چاوپێکەوتنەدا کاوە مەحمود دەڵێت لەبەرنامەی وەزارەتی رۆشنبیری‌و لاواندا، بایەخدان بەگەنجانی قەزاو ناحیەکان ئەولەویەتی پێدەدرێت.

**دەستوور:** لەکوردستاندا بەدەیان سەنتەر هەن، مانگانە پارە لەحکومەت وەردەگرن، بۆچی تائێستا لیژنەیەک نییە بۆ بەدواداچوون بۆ ئیشوکارەکانی ئەو سەنتەرانە؟

**د. کاوە مەحمود:** ئەو سەنتەرە رۆشنبیریانە رێنمایی نوێمان بۆ دەرکردوون، کەدەبێت بەپێی ئەو رێنماییانە بجوڵێنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان کاریگەرانە بن‌و بتوانن لەسەر ئەوە چالاکییەکانیان چاکتربکەن، ئەگەر سەنتەرێک بوونی نەبێت یان چالاکی نەبێت، ئەوا مینحەکەی دەبڕین، چونکە ئەو مینحەیە هی گشتییە، لەسەر ئەساسی چالاکی ئەو مینحەیە دابەشدەکرێت، هەر لەو بارەیەوە رێنمایی نوێمان بۆ سەنتەرەکان دەرکردووە.

**دەستوور:** گەنجانی قەزاو ناحیەکان هەمیشە گلەیی ئەوە دەکەن، کەسەنتەرو یانەی رۆشنبیری‌و کتێبخانەیان نییە، کەمتر ئاوڕ لەوان دەدرێتەوە؟



ئیشوکارەکانی من لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی حیزب‌و کاری وەزیفەیە

**د. کاوە مەحمود:** ئێمە یەکێک لەکارەکەمان لەوەزارەتی رۆشنبیری‌و لاوان، دەمانەوێت لەناوەندی پارێزگاکان نەبێت، بەڵکو دەبێت دەرەوەی پارێزگاکان بگرێتەوە، هەندێک پێوەرمان داناوەو ئاسانکاریمان کردووە، کۆمەڵێک سەنتەر کەخۆمان دروستمانکردەوە، هانمانداوە بۆ ئەو شوێنانەی کەخۆمان دەستمان نایگاتێ، بیرمان لەوەش کردووەتەوە کتێب بگەیەنینە هەندێک شوێنی دوورەدەست وەک گوندەکان یان کتێبخانەی گەڕۆکمان هەبێت.

**دەستوور:** چالاکییەکانتان لەچیدا چڕکردووەتەوە؟

**د. کاوە مەحمود:** هەوڵەکان زیاتر لەوە کۆدەبێتەوە، کەچۆن بتوانین چالاکی بگەیەنین. ئەگەر کتێب بێت لەناوچەیەک زیاتر هاوکاری بکرێت، ئەو شوێنانەی کەسەنتەری رۆشنبیریان نییە، بۆیان دروستبکەین‌و هاوکاری تەواویان بکەین، بێگومان ئەم کارانە زۆر باشن، بەڵام گرنگترین شت هاوکاریکردنیانە، هەروەها چالاکییە وەرزشیەکانیش، چونکە ئەمانەش زۆر گرنگن وەک کردنەوەی یاریگاو ئەوانەی پەیوەندی بەلاوانەوە هەیە، چ رۆشنبیری بێت یان وەرزشی.

> **پێدانی مینحە بەسەنتەرەکان دەبێت لەسەر ئەساسی چالاکی بێت**

**دەستوور:** لەکابینەی پێنجەمدا وەزارەتی وەرزش‌و لاوان بەهۆی سستی کارەکانیەوە رووبەڕووی رەخنەی زۆر بووەوە، ئێوە چۆن دەتوانن جێگەی رەزامەندی خەڵک بن؟

**د. کاوە مەحمود:** کابینەی شەشەم تەواوکەری کابینەی پێنجەممە، واتە ئەو شتانەی دەستکەوتبوون، ئێمە پەرەی پێدەدەین، ئەو مەسالانەشی پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە، بۆی دەکەین، بێگومان ئەم کارەش بەهاوکاری خودی رۆشنبیران‌و رووناکبیران‌و گوێگرتن لێیان دەبێت، ئەگەر پێش دوو مانگ کارێکمان کردبێت، نەگونجاو بێت، دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکەین.

**دەستوور:** باس لەوەدەکرێت وەزارەت دەیەوێت کۆمەڵێک گەنج بنێرێتەوە دەرەوە بۆ ئەوەی لەهەندێک بواردا شارەزابن‌و دواتر بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، لەسەر چ ئەساسێک ئەو گەنجانە دەنێرنە دەرەوە؟ ئایا ئەوە پێوەری بۆ دانراوە؟

**د. کاوە مەحمود:** ئەوە نەخشەیەکی حکومەتی هەرێم هەیە، بودجەی بۆ تەرخانکراوە، بایەخدان بەتوانستەکانی لاوان‌و کادیر، ئەوە تەنها پەیوەندی بەوەزارەتی رۆشنبیرییەوە نییە، بەو پێیەی سیاسەتێک هەیە، ئەو سیاسەتەش وەزارەتی خوێندنی باڵاش دەگرێتەوە، کەئەنجومەنی وەزیران راستەوخۆ لەڕێگەی زەمالەوە دەیکات، پارەیەکی باشی بۆ تەرخانکراوە.

**دەستوور:** کەی ئەنجامدەدرێت؟

**د. کاوە مەحمود:** ئەو پرۆژەیە ئێستا دەستپێکردووەو کاری پێویستی بۆ دەکرێت.

**دەستوور:** دەوترێت زۆرترین کادیری پارتی لەوەزارەتەکەی ئێوەدا دامەزرێنراون‌و لەولاشەوە رەخنەی ئەوەتان رووبەڕوو دەکرێتەوە کەپارتی دەستی بەسەر وەزارەتەکەدا گرتووە، بەجۆرێک زۆرینەی بریکارو بەڕێوەبەرەکان‌و کارمەندەکان پارتین؟

**د. کاوە مەحمود:** ئیشوکارەکانی من لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی حیزب‌و کاری وەزیفییە، من لەگەڵ فەرمانبەردا مامەڵەدەکەم لەگەڵ هاووڵاتیدا مامەڵەدەکەم، ناپرسم ناسنامەی سیاسی چییە، سەبارەت بەدامەزراندن، ئێمە پرۆژەمان پێشکەشکرد لەکۆتایی مانگی پێنج، ئەنجومەنی وەزیران ئەو بڕیارەی وەرگرت کەهەندێک دەسەڵاتەکان بگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، بەڵام ژمارەیەکی زۆری دامەزراندن لەسەر میکانیزمی پێشوو بووە. ئێستا شوێنی دامەزراندن نەماوە.

# «توندڕەوی زۆر هەبووە لەبەشێك لەکتێبە دینیەکاندا»

## بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەکانی هەرێم بۆ دەستوور

سازدانی: فەرمان رەشاد

ئاسۆ حەسەن بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەکانی هەرێم، لەگەڵئەوەی دەڵێت توندڕەوی زۆر هەبووە لەبەشێک لەکتێبە دینیەکاندا، بەڵام رایدەگەیەنێت کە تائێستا جگە لەتێبینی، هیچ کتێبێک رەفزنەکرانەوەتەوەو وتی «بڕیارمانداوە ئەو کتێبانەی گومانیان لێدەکرێت، ئەوا بەلیژنەیەکی وەزارەتی ئەوقاف بسپێردرێت‌و ئەوان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن».
ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێت تەنها لەکابینەی پێنجەم‌و شەشەم ٢٣ کتێبخانەی نوێ دروستکراون، بەڵام رێژەی خوێنەر هەر کەمە.

**دەستوور:** مەرجی ئێوە بۆ پێدای ژمارە سپاردن بەکتێب چییە، چونکە ئێستا هەست بەبێسەروبەرییەکی زۆر لەکتێبدا دەکرێت؟

**ئاسۆ حەسەن:** ئێمە مۆڵەت نادەین، بەڵکو ئەرکی ئێمە لەدانی ژمارەی سپاردن، تەنها ریزبەندییە، ئێمە یاسایەکمان هەیە لە ١٩٩٣ دەرچووە، بەگوێرەی ئەو یاسایە، هیچ جۆرە سانسۆرێک لەسەر بڵاوکردنەوەی کتێب نییە، ئێمە بەر لەبڵاوکردنەوەی کتێبەکە بەشێوەی سی دی دانەیەک وەردەگرین، ئەمەش نەوەک بۆ خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن، بۆ ئەرشیفە، ئەگەر دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە ئەو کتێبە هەر گرفتێکی هەبوو، نووسەر خۆی لێی بەرپرسیارە، هەرچەندە هەندێ شارەزایانی زمان داوایانکردووە ئێمە سانسۆری زمان یاخود پێداچوونەوەی رێزمانی دابنێین، بەڵام ئەمەش ئیمکانیەت‌و شارەزاو کاتی پێویستە، بۆیە نەمانتوانیوە، ئێمە لەو نوسخەیەی کەوەریشی دەگرین هەندێ جار تووشی گرفت دەبین، لەوەی بەشێک لەنووسەران پێمانی نادەن بەبیانووی ئەوەی ئەوە جۆرێکە لەسانسۆر.

**دەستوور:** ئەو هێڵانە چین کەبۆ هەر کتێبێک هەتانە، یان کتێب تووشی گرفت دەکەن؟

**ئاسۆ حەسەن:** هێڵە سوورەکان، بریتین لەئاسایشی نەتەوەیی‌و خاکو نیشتمان‌و هەندێ سیمبۆلی نەتەوەیی‌و ناوزڕاندن‌و دابی گشتی، کەدوای بڵاوکردنەوە ئەگەر کەسێک رەخنەی لێی هەبوو، کتێبەکە دەدرێتە دادگا، لەم رووەوە زۆرجار گلەیی ئەوە دەکرێ، فڵانە کتێب ناوەڕۆکێکی زیان بەخشی هەیە، کەچی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی سپاردنی پێداوە، ئەرکی ئێمە نییە کتێب بخوێنینەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، ئەوا دوای بڵاوکردنەوە دەتواندرێ بدرێتە دادگا.

**دەستوور:** دەوترێ ئەو کتێبانەی پەیوەندی بەئایینەوە هەیە سانسۆریان لەسەرە؟

**ئاسۆ حەسەن:** پێشتر چەند کێشەیەک روویدا لەوەی هێرشکرایە سەر ئایین یان لەبەرامبەردا توندڕەوی زۆر هەبوو لەبەشێک لەکتێبە دینیەکاندا، بەڕەچاوکردنی ئەو خاڵە بڕیاردرا ئەو کتێبانەی گومانیان لێدەکرێت، ئەوا بەلیژنەیەکی وەزارەتی ئەوقاف بسپێردرێت‌و ئەوان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن، تائێستا جگە لەتێبینی هیچ کتێبێک رەفزنەکرانەوەتەوە.

**دەستوور:** رێژەی کتێبخانە گشتییەکان چەندە، ئایا لەئاستی پێویستدان؟

**ئاسۆ حەسەن:** ئێمە ٦٢ کتێبخانەمان لەحەوت بەڕێوەبەرایەتی هەیە، دەتوانم بڵێم لەدوای ٢٠٠٠ گرنگی دەدرێت بەکردنەوەی کتێبخانە گشتییەکان‌و پەرەیانسەندووە، لەماوەی کابینەی پێنجەم‌و شەشەم تائێستا ٢٣ کتێبخانەی نوێ دروستکراون، ئەم رێژەیەش بەردەوام لەگەشەکردنەو ئەوەندەی ئیمکانیەت هەبێ ئێمە لەهەوڵی زیادکردنیاین، لەمەڕ ئەوەی رێژەکە چۆنە بێگومان تائێستا هەر کەمە، من پێموایە هەر باخچەیەک پێویستە کتێبخانەی لەنێودا دروستبکرێت، ئەوە ئاواتی هەموومانە، بەڵام بەداخەوە ئێستا چەندین قەزاو گوندی گەورە هەیە، کتێبخانەی تێدانیەو ئەمە جگەلەوەی لەشارە گەورەکانیش هەر کەمە، بۆ نمونە لەهەولێر یەک کتێبخانەی گشتی هەیە لەکاتێکدا پێویستی بەچوار کتێبخانەی گەورە هەیە. ئێمە بەردەوامین لەهەوڵی زیادکردنیان بەتایبەت لەدەرەوەی شارە گەورەکان‌و گوندەکان تەرکیزمان کردووەتە سەر ئەو لایەنە.

**دەستوور:** دەوترێ کتێب زۆرەو خوێنەر کەمە، قسەی تۆ چییە؟

**ئاسۆ حەسەن:** بێگومان ئێستا کتێب زۆرەو بەگوێرەی ئاماری ئێمە، ساڵانە ٣٠٠٠ کتیب لەهەرێم چاپو بڵاودەکرێنەوە، پێشموایە راستە لەکتێبخانە گشتییەکان خوێنەر کەمن، بەڵام بەگشتی خوێنەری کتێبی کوردی ئێستا لەبەرزبوونەوەدایە بە بەڵگەی ئەوەی کەساڵانە پێشەنگەی گەورەی کتێب دەکرێتەوە، لێکۆڵینەوەی خۆمان دەکەین‌و لەوەوە بۆمان دەرکەوتووە، ئێستا خوێندەوە بەرەو پێشچوونە بەتایبەتی لەنێو چینی تازەو گەنجاندا، بەڵام بەدڵنیایی هێشتا ماوەو پێویستە ئێمە خوێندنەوە بکەینە کلتوور، بەخۆشحاڵییەوە ئێستا سەرەتاکانی ئەو قۆناغە دەستپێکردووە، بەهیواین لەداهاتوودا هەموو ماڵێک کتێبخانەی خۆی هەبێت.

**دەستوور:** بۆچی لەکتێبخانە گشتییەکاندا خوێنەر کەمە؟

**ئاسۆ حەسەن:** پێموایە ئەمە پەیوەندی بەچەند خاڵێکەوە هەیە، لەوانە هەرزانی نرخی کتیب، خەڵک لەجیاتی ئەوەی لەکتێبخانە کتێب بخوازێت، خۆی لەبازاڕ دەیکڕێت، ئەمە جگە لەزۆربوونی شوێنی کاتبەسەربردن، لەلایەکیتر کەموکوڕیش لەکتێبخانەکاندا هەیە لەدابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست‌و چەندین کێشەیتر.



> **هەندێک لەنووسەران کۆپی کتێبەکانمان پێنادەن، دەڵێن ئەوە جۆرێکە لەسانسۆر**

www.arsivakurd.org

# دەیان منداڵی بلوریتر بەمنزیکانە لەدایکدەبن

## بەهۆی کاریگەری جەنگەوە، تۆوی پیاوانی عێراق کەموکوڕی تێدایە

بێستون فەتاح لەسلێمانی

«ئاواتەکەمان هاتە دی» محەمەد رەزا باوکی یەکەمین منداڵی بلوری لەسلێمانی کەزەردەخەنە لەسەر لێوەکانی بوو، وایوت.

محەمەد رەزا وتی «زۆر خۆشحاڵم پاش ١٢ ساڵ کەخێزانمان پێکەوەناوە، ئەم منداڵەمان بوو».

شێوازی لەدایکبوونی بلوری، هیوایەک بەو خێزانانە دەبەخشێت، کەبەهۆی گرفتی نەزۆکییەوە دەناڵێننو چەندین ساڵ لەچاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵێکدان.

ئەوە یەکەمین منداڵی سەنتەری ساوایە بۆ منداڵی بلوری، کەچاوەڕواندەکرێت لەچەند مانگی داهاتوودا، چەندین منداڵیتر بەهەمان شێوە بهێنێتە دنیاوە.

د. عوس شحاتە راویژکاری نەزۆکی لەسەنتەری ساوا، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت دەیان منداڵیتر لەم ماوەیەدا لەسەنتەرەکەدا لەدایکدەبن، وتی «تواناکانمان لەئاستێکی باشدایە، توانیمان هاوکارییەکی راستگۆیانە بکەین لەگەڵ نەخۆشەکانماندا».

**کێشەی نەبوونی منداڵبوون (نەزۆکی)**

پسپۆڕان دواکەوتنی منداڵبوون، بۆ چەند هۆکارێک دەگێڕنەوە، کەهەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ پیاوەکە لە٣٠٪ وەک کەمی بڕی سپێرم، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ژنەکە لە٣٠٪ وەک کیسکردنی هێلکەدانو بڵاوبوونەوەی رووپۆشی ناوەوەی منداڵدان، رێژەی لە٢٠٪ی نەزۆکیش دەگەڕێتەوە بۆ هەردوولاو رێژەی لە٢٠٪ی تائێستا لایەنی زانستی پەی بەهۆکارەکەی نەبردووە.

**ناوەندی منداڵی بلورین**

لەساڵی ١٩٧٨دا یەکەم منداڵی بلوری هاتە دنیاوە، بەناوی (لویس براون، لەویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا، دواتر رەوتی پەرەسەندن بەردەوامبوو تا لەساڵی ١٩٩٣ توانرا زانستی پیتاندنی گەردبینی هێلکۆکە بەسپێرم بێتەئاراوە.

لەهەرێمی کوردستاندا لەکەرتی تایبەتدا چەند سەنتەریکی منداڵی بلوری لەکارکردندایە، لەم هەفتەیەدا یەکەمین ئەنجامی منداڵی بلورینی سەنتەری ساوا لەشاری سلێمانی لەدایکبوو.

**دروستبوونی منداڵی بلوری چییە؟**

د. ژیان ئەحمەد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵبوونو نەزۆکی، دەڵێت بۆ ئەو خێزانانەیە کە بەرێگەی سروشتی منداڵیان نابێت، هەردوو هاوسەرەکە چەند دەرزییەک وەردەگرن بۆ ئەوەی باش هێلکە دروستبکات لەئافرەتەکەدا، پاش ئەوەی دەرکەوت هێلکەکە قەبارەکەی گەورەبووە، دەرزییەکی تری تایبەتی بۆ دەکرێتو مەوعیدی بۆ دادەنرێت پاش ٣٦ کاتژمێر دێتەوە بۆ وەرگرتنی هێلکەکە، هێلکەکە لەدایکەکە وەردەگیرێتو پاش ئەوە دەپیتێنرێت لەگەڵ تۆی باوکەکەدا لەسەنتەرێکی پزیشکی تایبەتمەندا، ئیتر چاودێری دەکرێتو پاش دووڕۆژ کەزانرا کۆرپەلە دروستبووەو گەیشتووەتە قەبارەیەکی باش، ئەمجارە بەشێوەیەکی ئاسایی کۆرپەلەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ منداڵدانی دایکەکە.



(٣٥٠٠٠) دۆلار بۆ هەر منداڵێکی بلوری

فۆتۆ: بێستون

**نرخەکەی گرانە!**

رەعد جەنابی لەچاوەڕێی نەشتەرگەری هاوسەرەکەیدا بوو، سەبارەت بەسەنتەرەکە وتی «لەگەڵ ئەوەی خزمەتەکەیان باشە، بەڵام بڕی پارەکە کەنەخۆشخانەکە وەریدەگرن زۆرە. دەرزییەکان گرانن».

د. ئەحمەد عەبدوڵڵا پزیشکی پسپۆڕو بەڕێوەبەری کارگێری سەنتەری ساوا، بڕی پارەکە لەچاو ماندووبوونو پسپۆڕێتی پزیشکەکان بەزیاد نازانێت، وتی «تیمێکی پزیشکی پسپۆڕییە جیاوازەکان لەم سەنتەرەدا کاردەکەن بەسەرپەرشتی پسپۆڕێکی ئوردونی، جاری وا هەیە ئەو پسپۆڕەی کاری هەڵبژاردنی تۆو هێلکەکە دەکات، نزیکەی ٧ کاتژمێر بەو کارەوە خەریکدەبێت، جاری واش هەیە، کەسەکە ناتوانێت منداڵیانبێت، راستەوخۆ پێیان دەڵێین، پارە سەرف مەکەن».

د. ئەحمەد عەبدوڵڵا وتی «بەگشتی بڕی ئەو پارەیەی لەسەنتەرەکە وەردەگیرێت، بریتیە لەنزیکەی ٣٥٠٠٠ دۆلار».

**لەباشووری عێراق نەزۆکی زۆرترە**

د. ئەحمەد عەبدوڵڵا دەڵێت کێشەی شەڕەکانی عێراقو بەکارهێنانی چەندین جۆری چەکی قەدەغەکراو وایکردووە رێژەی نەزۆکی لەعێراقدا بەرزبێتەوە، وتی «نەخۆشەکانی باشوری عێراق زیاترن، کیشەکانیان زیاتر لەپیاوەکانیاندایە، تۆوەکانیان کەموکوڕی تێدایە، کەهۆکارێکی ئەم دیاردەیە، هەردوو جەنگی نەوەدەکانو ٢٠٠٣ یە، وەک بوونی یۆرانیومو چەکیتر، بەگشتی رێژەی نەزۆکی پیاوان لەباشووردا زیاترە لەرێژەی ئاسایی».

محەمەد رەزا وتی «بەو هیوایەی ئەو خێزانانەی هەمان گیروگرفتیان هەیە، وەک ئێمە دڵیان شادبێت».

# پلەی گەرما، کوردو عەرەب لەسەیرانگاکان کۆدەکاتەوە

## بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، عەرەبەکانی دانیشتوی ناوەڕاستو خوارووی عێراقو کوردەکانی هەرێم پێکەوە کۆدەکاتەوە

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە، لەهەفتەکانی رابردوودا بەهەزاران هاوڵاتی بەرەگەز عەرەب سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، بەڵام هێشتا ناوچە گەشتوگوزارییەکانی هەرێم نەبوونەتە لانەیەکی فێنک بۆ ئەوان.

سەیرانگاکانی هەرێم پڕدەبن لەدانیشتوانی عەرەب، تادێت ئەو رێژەیەش بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە زیاتر دەبێت، هاووڵاتیانیش دەڵێن بەرزبوونەوەی پلەی گەرما تەنگی پێهەڵچنیوون.

لەهەفتەکانی رابردوودا پلەی گەرما لەتەواوی عێراقدا پلەیەکی نوێی تۆمارکرد، کە بەپێی وتەی شارەزایانی کەشناسی زیاتر لە ٧٠ ساڵە ئەو پلەیە تۆمارنەکراوە.

لەدەوروبەری شاری سلێمانی بەپێی ئامارێکی کەشناسی سلێمانی، بەرزترین پلەی گەرما گەیشتە ٤٤ پلەو لەهەولێر ٤٦ پلەو لەدهۆک ٤٧ پلە تۆمارکراوە، بەڵام لەخوارو و ناوەڕاستی عێراق ئەو پلەیە گەیشتە ٥٠ تا ٥٢.

پلەی گەرما عێراق عەباسو خێزانەکەی ناچارکرد هەفتەی رابردوو بڕیاربدەن سەردانی کوردستان بکەن. وتی "لەوێ گەرمەو ناتوانین بچینە شوێنە گەشتیارییەکان، بەڵام ئێرە فێنکە».

عێراق عەباس عبدلعلی گەشتیارێکی عەرەبەو لەگەڵ دوو کوڕو کچەکەی لەشاری بەغدادەوە سەردانی شاری سلێمانیان کردبوو، ئەو هەستی بەفێنکیو خۆشی کەشوهەواکەی دەکرد لەچاو شارەکەی خۆیدا.

خێزانەکەی عێراق بۆ رزگاربوون لەو گەرمایەی بەغداد، سەردانی هاوینەهەواری ئەحمەدئاواو دوکانو سەرگەڵوو بەرگەڵویان کرد. وتی "کەشوهەوای کوردستان خۆشو شوێنکی دڵگیرە».

هەفتەی رابردوو سەیرانگاکانی هەرێم جمەیان دەهات لەهاووڵاتیانی کوردو عەرەب، بەجۆرێک بەپێچەوانەی سەرکردە عێراقییەکانەوە کەبۆ پێکهێنانی حکومەت دەچوونە بەغداد، هاووڵاتیان دەهاتنە هەرێم بۆ رزگاربوون لەو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، تەنها لەمانگی شەشدا ٧٣٢١ گەشتیار سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی سلێمانیان کردووە، کە لەو رێژەیەدا نزیکەی ٣٠٠٠ گەشتیاری عەرەبنو لەخوارو و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون.

حسێن عەلی عبدل موسلیم گەشتیارێکی تری عەرەبە لەگەڵ ژنو منداڵە ٤ ساڵانەکەیان لەشاری نەجەفەو هاتبووە شاری سلێمانی، بەدەستووری وت "کەشوهەوای کوردستان خۆشو فێنکە، شوێنە گەشتیارییەکانیش جوانو دڵگیرن، بۆیە لەبەر گەرما روومانکردووەتە کوردستان".

ئاکۆ ئەحمەد عارف لێپرسراوی بەشی پۆلێن لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەدەستووری راگەیاند لەماوەی مانگی ٦دا، ژمارەی ئەوگەشتیارانەی کەسەردانی ئوتێلەکانیان کردووە، گەشتیاری ناوخۆ ١٧٠٢، عەرەب ١٤٠، بیانی ٩٢٢ گەشتیار بوون، ئەو گەشتیارانەی سەردانی مۆتێلیان کردووە، ناوخۆ ٣١٠، عەرەب ٦٩٤، بیانی ١٤١.

هەروەها ئەو گەشتیارانەی سەردانی هەوارگەو کابینەی سیاحیان کردووە، ناوخۆ ١٣١٧، عەرەب ٧٩٧، بیانی ٣٣ گەشتیار بوون.

بۆ عەرەبەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق، هەرێمی کوردستان دەربازبوونە لەپلەی گەرما، بەڵام هێشتا دەربازبوون نییە لەو بێ خزمەتگوزارییەی کە لەئوتێلو شوێنە گەشتوگوزارییەکاندا هەیە.

موسلیم هەمزە کەگەشتیارێکی عەرەبەو لەدیوانییەوە هاتبووو سلێمانی، وتی "شوێنە گەشتیارییەکانی سلێمانی خزمەتگوزاری زۆر باشیان نییە، بەڵام ئێمە بۆ ئەوە هاتووین رابکەین لەو بەرزی پلەی گەرمایە".

موسلم وتی "دەبێت لەشوێنە گەشتوگوزارییەکان نووسینگە هەبێت بۆ بەکرێدانی ئۆتۆمۆبێل بۆ گواستنەوەی گەشتیاران، هەروەها ئوتێل لەزۆربەی هاوینەهەوارەکاندا نییە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ گەشتیار، سەرەڕای ئەوەی کەپێویستە ئوتێلەکان لەژێر چاودێری تەندروستیدا بن".

دارا حەسەن فەرەج بەڕێوەبەری فەرمانگەی بومەلەرزەی کەشناسی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هەرێمی کوردستان جیاوازی هەیە لەگەڵ ناوچەکانی باشووری عێراقدا لەپلەی گەرمادا".

کەمال سادر بەڕێوەبەری چێشتخانەی نێرگز بەدەم پێشوازیکردنو بەڕێکردنی میوانانی چێشتخانەکەیەوە وتی "بەهۆی هاتنی ئەو گەشتیارانە، چێشتخانەکەمان قەرەباڵغ بووەو قازانجێکی باشمانکردووە".

شێرزاد ئەحمەد لەئوتێل مەولەوی بەدەستووری وت "بەهۆی گەرماوە، ماوەی مانگێکە گەشتیارێکی زۆری عەرەب سەردانی کردووین".

**ئەجومەن حسێن بەشداریکردووە لەئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا.**



سەیرانگاکان پڕبوون لەهاووڵاتیان

محەمەد نەجیب

www.arsivakurd.org

# لەپشتی حکومەتەوە بازرگانی بەجگەرەوە دەکرێت

## تەنها لەچوار مانگی رابردوودا، نزیکەی ١ ملیۆن کارتۆن جگەرە هاتووەتە سنووری سلێمانییەوە، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت داهاتەکەی بۆ حیزبە نەک حکومەت

رامانو ئازاو محەمەد

یەکێتیو پارتی لەرێگەی کۆمپانیاکانیانەوە، پەرە بەبازرگانیی جگەرە لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەدەن، بەجۆرێک تەنها لەسێ مانگی رابردوودا نزیکەی ١ ملیۆن کارتۆن جگەرە هاتووەتە هەرێمی کوردستانەوە، گومانی ئەوەش هەیە کەداهاتەکەی بۆ حکومەت نەبێتو بچێتە خەزێنەی حیزبەوە.

تائێستا رووننەبووەتەوە داهاتی بازرگانییکردن بەجگەرە، دەچێتە خەزینەی حکومەتەوە یاخود حیزبە سەرەکییەکان، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت هەموو داهاتی ئەو جۆرە بازرگانییە دەچێتە خەزێنەی حیزبەکانەوەو حکومەت بێدەنگە لێی.

بەپێی ئامارێک، کەدەستوور لەبەرێوبەرایەتی کوالێتی جۆری کۆنترۆڵ لەسلێمانی دەستیکەوتووە، تەنها چوار مانگی ئەمساڵ، نزیکەی یەک ملیۆن کارتۆن جگەرە هاتووەتە ناو پارێزگای سلێمانیو بەقسەی بازرگانەکانیش بێت، تەنها لە١٥٪ ئەو جگەرانە لەناوخۆدا بەکاردەهێنرێتو ئەوەی تری بۆ دەرەوە دەڕوات.

لەو ئامارەدا تەنها سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵ بڕی (٧١٦٢١٥) کارتۆن جگەرە هاتووەتە ناو پارێزگای سلێمانییەوە، هەروەها مانگی نیسان بڕی (٢٣٧٥٧٤) هاتووە. بەپێی ئامارەکە ئەمساڵ بڕی جگەرەی هێنراو بەراورد بەپار زیادیکردووە، ساڵی پار لەسەرەتای مانگی هەشت تاکو کۆتای ساڵ (٤٢١٤٦٥) کارتۆن جگەرە هێنراوەتە پارێزگاکەوە، لەکاتێکدا ئەمساڵ (٩٦٦٠٩١) کارتۆن بووە.

بازرگانانی جگەرە ئاماژە بەوەدەدەن کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بازرگانیکردن بەجگەرەوە پەرەیسەندووە، دەڵێن ئێستا رۆژانە بەهەزاران کارتۆن جگەرە لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئاودیوی ئێرانو ناوەڕاستو خوارووی عێراق دەکرێت.

لەهەرێمی کوردستاندا بازرگانیکردنی جگەرە لەسێ رێگاوەیە، لەوانە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخو فرۆکەخانەکانو خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل.

لەئامارەکەشدا دەرکەوتووە بازرگانیی جگەرە ئەمساڵ بەراورد بەپار زیادیکردووە، مەرزی باشماخ گرنگترین دەروازەی بازرگانیکردنی جگەرەی هەرێمی کوردستانە، کە (٩٣٨٠٩٨) کارتۆن جگەرە لەو مەرزەوە هاتووەتە ناو پارێزگای سلێمانی، لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیش (٢٨٠٢٢) کارتۆن جگەرە هاتووەتە ناو پارێزگای سلێمانییەوە، ئەمە جگە لەفڕۆکەخانەی هەولێر کەگوماندەکرێت زۆر لەوە زیاتربێت.

حاجی ئیبراهیم بەڕێوەبەری کۆمپانیای حاجی ئیبراهیم، ئاماژەی بەوەدا کەوا رێژەیەکی زۆر جگەرە دێتە هەرێمی کوردستان، وتی "لەمەرزی باشماخو فرۆکەخانەی سلێمانیەوەو لەوێشەوە جارێکیتر بۆ ئێران".

لەکوردستاندا هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە دەستیان بەسەر بازرگانیی جگەرەدا گرتووە، لەماوەکانی رابردووشدا کێشە لەنێوان یەکێتیو پارتی دروستبوو، لەچۆنیەتی بازرگانیکردن بەجگەرەوەو هەریەکیان دەیویست ئەو بازرگانیکردنە لەرێگەی خۆیانەوە بێتو کۆنترۆڵی بکەن.

پێشتر کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ چەندجارێک بەرێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی هەرسێ پارێزگاکەی ئاگادارکردەوە، لەرێگریکردن لەبەکارهێنانو فرۆشتنی چەند جۆرێکی جگەرە، کەئەو جگەرانە لەلایەن کۆمپانیاکانی سەر بەیەکێتییەوە دەهێنرانە هەرێمەوە، بەڵام وەزیری ناوخۆ رێگری لەو جۆرە جگەرانە نەکرد کەپارتی دەیهێنێتە هەرێمەوە.

لەو بڕە جگەرەی چوار مانگی ئەمساڵ، کە (٩٥٣٧٨٩) کارتۆن جگەرەی شیاو، (١٢٣٠٢) کارتۆن جگەرەی نەشیاو بووە، لەکاتێکدا ساڵی پار (٤٠٩٠٦٢)، کارتۆن جگەرەی شیاو و (١٢٤٠٣) کارتۆن جگەرەی نەشیاو بووە. بەپێی پێوەرەکانی کوالێتی کۆنترۆڵ.

محەمەد زەنگین، کەکاری گواستنەوەی جگەرە دەکات لەکۆمپانیای تەکنۆتاش لەڤێرسیمی تورکیاوە بۆ ناو هەرێم، وتی "مانگانە کەمتر لە ٨٠٠ کۆنتۆن جگەرە دێتە کوردستان، لەزاخۆ کەمتر لە١٥٠ تا ٢٠٠ کۆنتۆن دێتە کوردستان، لەسلێمانی ٣٥ تا ٤٠ کانتۆن دەکات".

دەستوور زانیویەتی هیچ کام لەو بەرێوبەرایەتیانەی پۆلیس لەسنووری یەکێتی ئەو بڕیارەی کەریم سنجاریان جێبەجێنەکرد، بەو هۆیەوە چەندجارێک کێشە لەسەر چۆنیەتی بازرگانیکردن بەجگەرەوە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دروستبوو.

بازرگانێکی هێنانی جگەرە کەنەیوویست ناوی بهێنرێت، وتی "رێژەیەکی زۆر جگەرە داخڵی کوردستان دەبێت، بەڵام بەرهەمهێنانی جگەرە لەکوردستاندا سفرە، چونکە نەتوانراوە پەرە بەبواری پیشەسازی جگەرە بدرێت".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەبازرگانیکردن بەجگەرەوە بەدەستووری وت "یەکێتیو پارتی بەهۆی قازانجی زۆریان لەبازگانی جگەرە، نایانەوێت بەرهەمهێنانی جگەرە لەناوخۆدا پەرە پێبدەن".

لەکوردستاندا چەند کارگەیەکی جگەرەو پوختەکردنی توتن هەیە، کەچەند ساڵێکە هیچ بەرهەمێکیان نییەو فەرمانبەرو کرێکارەکانی رۆژ تائێوارە خەریکی دامەو دۆمینەن.

ئەو بازرگانەی نەیویست ناوی بڵاوبێتەوە بەدەستووری وت «ئەگەر بێتو هەندێک جۆری توتن لەدەرەوە بهێنرێت، بەتایبەتی لەزیمبابۆیو ڤێرجینیا، دەتوانرێت بەرهەمهێنانی توتن زیادبکرێت، بەڵام ئەوە نەکراوە».

حاجی ئیبراهیم مستەفا سەعید بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیای حاجی ئیبراهیم، ئاماژەی بەوەدا کەوا هێنانی ئەو جگەرەیە تەنها لە١٠٪ تا لە١٥٪ بۆ ناو هەرێمەو ئەوەی تری دەچێتە دەرەوەو وتی "ئێمە جگەرەکانی وەک (مارلبۆرۆ، پەرلەمان، LM، بادیلۆ، کەنت، رۆسمەندو دانیاڵ، وینستۆن) دێنین.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کەوا فرۆشتنی جگەرە جێگیر نییەو بەگوێرەی رۆژ دەگۆڕێتو وتی "جاری وایە لەمانگێکدا، ٦٠٠٠ تا ٨٠٠٠ کارتۆن دەفرۆشرێت، ئەمەش جێگیر نییە، چونکە مانگی وایە جۆرێکو مانگی واش هەیە جۆرێکیتر باش دەفرۆشرێت، جاری واش هەیە مانگێک بازاڕ باشەو مانگێک خراپ. هۆکاری ئەمش سنوورە، چونکە ماڵی ئێمە بەرەسمی دەچێتە سنوور، بەڵام لەوێ بەقاچاخ دەچێتە ئێران".

لەکاتێکدا خودی بازرگانەکان ئاماژە بەرۆیشتنی جگەرە دەدەن بۆ ئێرانو خواروو و ناوەڕاستی عێراق، بەڵام بەرپرسانی مەرزەکان ئەوە رەتدەکەنەوە.

ئەدوەر جەبەلی بەرپرسی گومرگی حاجی ئومەران بەدەستووری وت "ئەو بازرگانیکردنە بەرەزامەندی وەزارەتی دارایی دەبێت، بەڵام بەرێگای ئێمە ناڕواتو نەشرۆیشتووە، لەبەرئەوەی ئێران جگەرە وەرناگرێت لەسنووری ئێمە".

ئەو وتی «رەزامەندی دراوە بەهەندێک کۆمپانیا بۆ ناردنی جگەرە، بەڵام نە کارتۆنێک رۆیشتووەو نە کارتۆنێک هاتووە».

ئاماژەی بەوەشدا کەئەگەر بڕوات، ئەوا قازانجی دەبێت بۆ حکومەت بەهۆی ئەوەی کە گومرگیان لێوەردەگیرێت.

سەمیر سەلیم ئەمین ئەندامی لیژنەی داراییو ئابووری پەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «داهاتی هیچ مەرزێکی کوردستان لەناو بودجەدا دیاری نەکراوە، بۆیە یەکێکبوو لەکەموکوڕییە گەورەکانی پرۆژە یاسای بودجە».

سەمیر دەڵێت سەرچاوەی داهاتەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، چ نەوتو داهاتی گومرگەکانو باجی دەرامەتو باجە ناوخۆییەکان دیار نییە.

سەمیر وتی «تەنها خواو دوو حیزبی دەسەڵات دەزانن ئەو داهاتانە بۆ کوێ دەڕوات».

پەرلەمانتاران تائێستا هیچ بەدواداچوونێکیان بۆ ئەو داهاتە نەکردووە.

سەمیر وتی «حیزب هەموو بوارەکانی کونترۆڵکردووە، بەتایبەتی بواری ئابووریو بازرگانی، بۆیە یەک فلسی ناچێتە گیرفانی حکومەتەوەو هەمووی بۆ حیزبە».

> یەکێتیو پارتی بەهۆی قازانجی زۆریان لەبازگانیی جگەرە، نایانەوێت بەرهەمهێنانی جگەرە لەناوخۆدا پەرە پێبدەن.

# «لەهەوڵەکانمان لەبەغداد ساردبووینەتەوە»

## محەمەد ئەحمەد ئەندامی وەفدی لیژنەی دانوستکاری فراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکان لەبەغداد بۆ دەستوور

سازدانی: زانا ئەحمەد

محەمەد ئەحمەد ئەندامی لیژنەی دانوستکاری فراکسیۆنی لیستەکوردستانییەکان لەبەغداد، ئاشکرایدەکات کەوەفدەکەیان لەدانیشتنو کۆبوونەوەکانیان لەبەغداد ساردبوونەتەوەو وتی ئەوەش زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە کەلایەنی عێراقی ئامادەنین پێکەوە کۆبوونەوە ئەنجامبدەین.

محەمەد ئەحمەد لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ دەستوور، دەڵێت "دوو جەولەی کۆبوونەوەمان لەگەڵ هەردوولایەندا ئەنجامدا، بەڵام کەئێستا هاتووەتە سەر پۆستە سیادییەکان، هەموو شتیان لەبیرچووەتەوە».

ئەو داوایکرد هەرچی زووە ئەنجومەنێکی سیاسی باڵا لەکوردستاندا پێکبێت، کەخودی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی کۆمار سەرکردایەتی ئەو ئەنجومەنە بکەن، وتی "چونکە خاڵی لاوازمان ئەوەیە، بەشێکی زۆر لەکارەکان بەو وەفدە ناکرێت کەئێستا لەبەغدادایە".

**دەستوور:** دواهەمین هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی عێراق گەیشتووەتە چ ئاستێک؟

**محەمەد ئەحمەد:** لەئێستادا هەموو لایەنەکان سەرقاڵی بەرژەوەندی خۆیانن بۆ دابەشکردنو بەدەستهێنانی پۆستە سیادییەکان، لەڕووی عەمەلیەوە هیچ هەنگاوێکی جیدی نەنراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، تائێستاش وەرگرتنی پۆستە سیادییەکان لەکێشمەکێشمێکی گەورەدایەو هەرلایەنێک دەیەوێت گرنگترین پۆستی سیادی بۆخۆی کەسب بکات، کەزۆرکات ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی کەڕیزبەندییەکانی هاوپەیمانێتی ئاڵوگۆڕی تیادا بکرێت، کە بەبۆچوونی من هەمووی بۆئەوەیە کەهەرلایەک مەرجەکانی خۆی بەسەر بەرامبەریدا بچەسپێنێت.

**دەستوور:** زۆرکات گلەیی ئەوە دەکرێت، کەفراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکان ئاگاداری ئەو دانیشتنو گفتوگۆیانە نین، کەبارزانیو تاڵەبانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراقیەو دەوڵەتی قانوندا ئەنجامیدەدا، بەڵام ئەمە پێشێلکردنی خاڵێکی سەرەکی پەیڕەوی ناوخۆی فراکسیۆنەکە نییە؟

**محەمەد ئەحمەد:** راستە قسەکراوە، بەڵام دواجار هەربڕیارێک بدرێت، دەبێت هەموولایەک رەزامەندبن لەسەریو پەسەندی بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دانوستانێک وردەکارییەکانی ناوترێت.

**دەستوور:** مەبەستم ئەوەبوو لەدەرەوەی ئەو فراکسیۆنە، هەر رێککەوتنێک کرابێت ئێوە رەتیدەکەنەوە وەک سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن؟

**محەمەد ئەحمەد:** ئەگەر گەیشتە رێککەوتن، دەبێت هەموو لایەک ئیقراری بکەین، بەڵام ئەگەر ئەم هەنگاوە نەنرا، ئەوا چارەنووسی ئەو فراکسیۆنە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبات.

**دەستوور:** ئەوکاتەی گەیشتنە بەغداد، لەسەرەتادا بەگەرمی دەستانکرد بەئەنجامدانی دانیشتنو وتووێژی چڕوپڕ، بەڵام هەستناکەیت لەئێستادا هەوڵەکانی فراسیۆنەکە تاڕادەیەک ساردبوونەوەی تەوای بەخۆیەوە دیوە؟

**محەمەد ئەحمەد:** بەڵێ بەتەئکید لەهەفتەی یەکەمدا کەچووینە بەغداد، زۆر بەگەرمی دەستمان بەوتووێژ کرد، بەڵام دواتر دانیشتنەکان ساردبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کەلایەنی عێراقی ئامادەنین پێکەوە کۆبوونەوە ئەنجامبدەینو دوو جەولەی کۆبوونەوەمان لەگەڵ هەردوولایەندا ئەنجامدا، بەڵام کەئێستا هاتووەتە سەر پۆستە سیادییەکان، هەموو شتیان لەبیرچووەتەوە.

**دەستوور:** تۆ وەک ئەندامێکی وەفدی دانوستکار، خاڵی بەهێزو لاوازی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەچیدا دەبینیتەوە؟

**محەمەد ئەحمەد:** خاڵی بەهێزی فراسیۆنەکە لەیەکڕیزی لایەنە براوەکانی کورددا خۆی دەبینێتەوە، لەگەڵ بوونی چەند جیاوازییەک کەهەموولا جیاوازییەکانی خۆیان وەلاناوە، بەڵام خاڵی لاوازی لەوەدایە کەبەشێکی زۆر لەکارەکان بەئاستە باڵاکان دەکرێتو بەو وەفدە ناکرێت کەبۆی پێکهێنراوەو دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی کۆمارو سەرۆک حیزبەکاتیتر کارەکان بکەن، نەک بەم شێوەیە بێت، ئەگەر سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی کۆمار خۆیان سەرپەرشتی وەفدەکەیان بکردایە، ئیشوکارەکان بەهێزترو شەفافانەتر دەچوون بەڕێوە.

**دەستوور:** کەواتە ئێوە پێکهێنانی ئەنجومەنێکی سیاسی باڵا بەپێویست دەزانن لەئێستادا؟



محەمەد ئەحمەد

**محەمەد ئەحمەد:** ئەوە پێویستییەکی سەرەکییە، من پێشموایە پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە کاریگەریی دەبێت لەسەر هەندێک مەسەلەی هەستیارو پەیوەندیدار بەئەمنی قەومی هەرێمەکەوە، بەهێزتر دەتوانێت هەڵوێستی خۆی لەسەر مەسەلەکان دەرببڕێتو من پێموایە ئەوە زەرورەتێکە بۆ چارەسەرکردنی زۆرێک لەکێشەکان.

# لە "ام القرا"ی ئیسلامی نوێژکردن حەرامە

## شێخ عیزەدین حوسێنی بۆ دەستوور: جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت، مافەکانی سەرجەم ئیمانداران دەپارێزێ



شەپۆلی نوێی بەربەست و فشار بۆ سەر سوننەکان لە ئێراندا دەستپێیکرد

هیوا سەلیمی

فشارەکانی حکومەتی ئێران بۆسەر سوننەکان زیادیکردووە، ئەم گوشارە تازانە درێژەی سێ دەیە هەڵاواردنی مەزهەبی لەدژی مەزهەبو ئایینە جیاجیاکانی ئێرانە.

هاوکات شارەزایانی ئایینیو سیاسیی ئێران پێیانوایە تەنیا ڕێگەی دەربازبوون لەم بارودۆخە، جیایی مەزهەب لەدەوڵەتە. لەوبڕوایەدان حکومەتێکی عیلمانیو سیکۆلار، دەتوانێ پارێزگاری لەمافی سەرجەمی مەزهەبو ئایینە جیاجیاکان بکا.

**فشار بۆ سەر سوننەکانی ئێران زیادیکردووە**

حکومەتی ئێران ڕێوڕەسمی ساڵانەی خوێندکارانی سوننەی دەرچووی قوتابخانەی ئایینی "دارلعلوم"ی بلوچستانی شێواندووە، بەرنامەی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە بۆ یەک ڕۆژ کورتکرایەوە.

ئەم ڕێوڕەسمە هەموو ساڵێک بە بەشداری سەدان هەزار کەس لەسوننەکانی ئێرانو چەندین وڵاتی عەرەبیو ئیسلامی، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بەڕێوەدەچێ، کەچی ئەمساڵ وەزارەتی ئیتڵاعاتی ئێرانو ناوەندە ئەمنیەتییەکان ڕێوڕەسمەکەیان بۆ ڕۆژێک کورتکردەوە، هەروەها ڕێگری کرا لەهاتنی ١٠٠ هەزار کەس لەمیوانانی بانگهێشکراو بۆ ئەم ڕێوڕەسمە.

ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لەراپۆرتێکی پەیوەندیدار بەم بابەتە ڕایگەیاندووە، کەڕێگە بەهیچ یەک لەمیوانانی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی نەدراوە، کە بەشداری لەم ڕێوڕەسمەدا بکەن، مەئموورانی وەزارەتی ئیتڵاعاتی ئێران، پاسپۆرتیان لەمیوانەکانی وڵاتانی سوریاو مالیزیا وەرگرتووەتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەپێشووتر فیزا بەم میوانانە درابوو. ئەم ڕەفتارەی حکومەتی ئێران، تەنیا میوانە دەرەکییەکانی نەگرتەوەو تەنانەت ڕێگری کراوە لەبەشداریکردنی کەسایەتییە ئاینییەکانی کوردستانی ئێرانو ناوچە سونییەکانیتری ئێران.

ماڵپەڕی سوننە نیوز لەهەواڵێکدا نووسیویەتی کەئەم ڕێوڕەسمە هەموو ساڵێک بەیارمەتی ئیدارەی دارولعلومی شاری زاهیدان بەڕێوەدەچێو بۆ چەند ڕۆژێک درێژەی دەبێت، بەڵام ئەمساڵ فشارەکانی حکومەتی ئێران زیادیکردووەو تەنیا ڕێگە درا بۆ یەک ڕۆژ بەڕێوەبچێ، ئەم ڕێوڕەسمە لەرۆژی پێنجشەممە٨ی ٧ بەڕێوەچوو.

چالاکوانێکی ئایینی لەشاری سنە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، کەنەیوویست ناوی ئاشکرا بکرێ، وتی "گوشارەکانی وەزارەتی ئیتڵاعات لەمبارەوە تەنیا بۆ میوانە دەرەکییەکان نەبووە، بەڵکو بەسەدان کەس لەشارەکانی کوردستان دەیانوویست بەشداری لەم ڕێوڕەسمە ساڵانەیەدا بکەن، کەچی وەزارەتی ئیتڵاعاتی کوردستان لەرێگەی تەلەفۆنەوە هەڕەشەی لەچەندین کەس کردووە، کەڕێگەی سەفەر بۆ بەلوچستانو بەشداریکردن لەم ڕێوڕەسمەیان نییە."

هاوکات زانیارییەکانی ناوخۆی ئێران باس لەشەپۆلێکی نوێی بەربەستو فشار بۆ سەر سوننەکان دەکات، ئەم سەرچاوانە ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کەئێستا ڕێگە نادرێ نوێژی هەینیی سوننەکان لەریزەکانی سوپای کۆماری ئیسلامی ئێرانو هەروەها زانکۆکان بەڕێوەبچێ.

مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی کەسایەتی دێرینو ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلێدوانێکی تایبەت بۆ دەستوور، فشارەکان بۆ سەر کەمایەتییە مەزهەبیو ئاینییەکان زۆر بە بەربڵاو وەسفدەکا، وتی "حکومەتی شیعەی ویلایەتی فەقیە لەئێران بەدرێژایی مێژووی خۆی لەدژی مەزهەبەکان، ئایینەکانو تەنانەت شیعەکانی بەدەر لە ١٢ ئیمامیو لەوانە شیعەی جەعفەری، زوڵم دەکاو سەرکوتیان دەکا. ئەم ڕەفتارانەی حکومەتی ئێران لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاد زیادیکردووە، ئێستا ڕابەری ئێرانو ئەحمەدی نەژاد لەهەوڵی ئەوەدان تا بەهەر شێوەیەک بێ سەرجەمی بەڕێوەبەرانو مامۆستاکانی زانکۆکانیش بکەنە مەلاو کەسانی ئایینی."

**٣١ ساڵە سوننەکانی ئێران بەرەوڕووی هەڵاواردنی مەزهەبی دەبنەوە**

سوننەکان ١٠ لەسەدی دانیشتوانی ئێران پێکدێنن، ئەم کەمایەتییە مەزهەبییە لەبەشە جیاجیاکانی کوردستان، بەلوچستان، تورکەمەن سەحراو بەشێک لەناوچەکانی خوراسان، پارێزگاکانی باشووری ئێرانو بەرێژەیەکی کەمتر لەباکووری ئێران نیشتەجێن. سوننەکانی ئێران بەسەر دوو بەشی حەنەفیو شافیعی دابەشدەبن، لەناوچەکانی خۆیان بەشێوەی بەکۆمەڵ ژیان بەسەردەبەنو هەربۆیە لەو ناوچانەدا زۆرینە پێکدێنن.

سیستمی سیاسیی ئێران، سیستمێکی ئۆتۆکراسی بەمەیلی شیعەگەراییەو لەدەستووری ئێراندا شیعەی ١٢ ئیمامی وەک مەزهەبی فەرمی وڵات پێناسەکراوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام باسی لەیەکێتیو یەکگرتوویی نێوان شیعەو سوننەی کردووە، تەنانەت هەفتەیەک لەساڵ بەم سەردێڕە ناونراوە، کەچی لەکردەوەدا پێچەوانەی ئەم دروشمو بانگەشانە پەیڕەوکراوە. لەیاساکانی ئێران، سوننە مافی بەدەستەوەگرتنی پۆستە گرنگەکانی وەک سەرۆک کۆمار، سەرۆکی پەرلەمان، فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، وەزیرو... هتدیان نییە بەکردەوە، بەپشتبەستن بەدەقە دەستوورییەکان سوننەکان لەناوەندەکانی بڕیاردانی سیاسیی وڵات دوورخراونەتەوە. لەمێژووی دەسەڵاتداری حکومەتی ئیسلامی ئێران، چەندینجار قوتابخانە ئاینییەکانی سوننەکان لەناوچەکانی بەلوچستانو ڕۆژهەڵاتی ئێران رووخێندراون، بەسەدان چالاکوانی ئایینی سوننە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە لەسێدارەدراون.

> **هەڵاواردنە لەرادەبەدەرە ئاینیو مەزهەبییەکان لەئێراندا، زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتەی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی کەبۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە، پێویستە لەئێرانی داهاتوودا بۆ هەمییشە ماڵئاوایی لەدەسەڵاتی ئایدۆلۆژیک بکرێت**

ئەمە لەکاتێکدایە کەدەستگیرکردنی کەمایەتییە ئایینیو مەزهەبییەکان، لەسەرووی هەموویانەوە سوننەکان، ڕەفتاری ڕۆژانەی سیستمی سیاسیی ئێران لەم سێ دەیەی دەسەڵاتداری بووەو ئێستاش بەردەوامە.

تاران پایتەختی ئێران وەک شارێکی مێترۆپۆل ڕێژەیەکی زۆر لەسوننەکانی ئێرانی تێدا نیشتەجێیە، کەچی هەتا ئێستاش ڕێگە نادرێ بۆ درووستکردنی مزگەوتێک بۆ نوێژی سوننەکان. لەشاری مەشهەد کەزیاتر لە ٤٠ هەزار سوننەی هەیە، لەساڵی ١٩٩٣ بەرۆژی ڕووناکو بەبڕیاری حکومەتی ئێران تەنیا مزگەوتی سوننەکانی ئەو شارە روخێندرا، سەرجەمی ناڕازییان بەم ڕەفتارە لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرکران. چەند ساڵ لەمەوپێش لەشاری شیراز لەژێر فشارو داوکاری سوننەکانی ئەو شارە ڕێگەدرا بەدروستکردنی مزگەوتێک، بەڵام هەتا ئێستاش ڕێگەیان نەداوە کەمنارە بۆ ئەم مزگەوتە دروستبکرێ.

شەمسوڵڵا زاهیر، چالاکوانی سیاسیی بەلوچ لە لەندەن لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، سەرکوتی سوننەکانی ئێران لەلایەن حکومەتی ئێران بەجینۆسایدی مەزهەبی وەسف دەکا، دەڵێت هەڵاواردنو سەرکوتی مەزهەبی، نەتەوەییو ڕەگەزی لەئێران پلانێکی سیستماتیکو بەردەوامی حکومەتی ئێرانە لە ٣٠ ساڵی رابردوودا، وتی "هەڵاواردنی مەزهەبی لەبەرامبەر سوننەکانیش، ڕەهەندێکی ئەم سیاسەتەی حکومەت بوونو هەربۆیە بۆ ئەم بوارە دەکرێ جینۆسایدی مەزهەبی بەکاربهێنین. چونکە بەپێی هەموو پێناسەو ناساندنەکان ئەم ڕەفتارانە دەچێتە چوارچێوەی بابەتێک بەناوی کۆمەڵکوژی."

**هەڵاواردنە مەزهەبیو ئاینییەکان، بەرەی عیلمانی ئێرانی بەهێزتر کردووە**

دەرەنجامی ڕەفتارەکانی حکومەتی ئێران لەبەرامبەر کەمایەتییە مەزهەبیو ئاینییەکان، دوو گەرایشو دوو جەمسەری فکری ناکۆکو جیای لێکەوتووەتەوە. بەشێکی کەم لەگروپە سیاسییە سوننە ستەملێکراوەکان بەرەو بونیادگەراییو فێندەمنتاڵیزمی ئیسلامی ڕویشتوون، بەرچاوترین نمونەی ئەم دواییانە، دروستبوونو چالاکبوونی "جوندوڵڵا"ی بەلوچستان بووە. لەبەرامبەرداو بەرێژەیەکی زیاتر، هزری دوورکەوتنەوەی مەزهەبو ئایین لەیارییەکانی سیاسەتو حوکمڕانی بووەتە وتاری زاڵ لەناو جەماوەرداو ئەم ڕەوتە روو لە گەشەیە.

چەندین کەناڵی ڕاگەیاندن لەساڵەکانی رابردوو، لەسەرژمێریەکی نهێنی لەئێران ئاشکرایانکرد کەهەڵاواردنە لەرادەبەدەرە ئاینییو مەزهەبییەکان لەئێراندا، زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتەی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی کەبۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە، پێویستە لەئێرانی داهاتوودا بۆ هەمییشە ماڵئاوایی لەدەسەڵاتی ئایدۆلۆژیک لەهەموو نەوعەکانی بکرێ. لەناو خودی کەسایەتییە مەزهەبیەکانیشدا ڕەوتێک بەناوی پرۆتیستانیزمی ئیسلامی بەرهەمهاتووە، ئەوان باس لەوەدەکەن کەبۆ گێڕانەوەی حورمەتو ڕێز بۆ مەزهەبو ئایینەکان، پێویستە مەزهەب دەستبەردای دەسەڵاتداری بێو مەزهەبو حکومەت لەیەکتر جیابکرێنەوە.

مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی پێیوایە گەرەنتی کردنی مافە ئایینیو مەزهەبییەکان تەنیا لەحکومەتێکی دیموکراتو سیکۆلاردا دەستەبەردەبێ، دەڵێت "لەدنیای ئەمڕۆدا تەنیا بەجیابوونەوەی دینو دەوڵەت مافی سەرجەمی ئیمانداران دەپارێزرێ، دیارە دین لەجێگەی خۆیدا حورمەتو ڕێزی هەیەو ئەم ئەلتەرناتیڤەش، واتە جیای دینو دەوڵەت، دەتوانێ ئەم ڕێزە بۆ ئایین دەستەبەر بکا. حکومەت دەبێ حکومەتی هەموو پێکهاتە ئایینیو نەتەوەییو بیروبڕوا جیاجیاکانی کۆمەڵگا بێ، ئەم بەرپرسیاریەتییە حکومەتیش تەنیا بەجیایی مەزهەب لەدەوڵەت جێبەجێدەبێ."

# پەیکەرتاشی ... هونەرە بێ نازەکە



دەشتی ئەنوەرو فەرمان خێڵانی

بۆ هونەرمەندی پەیکەرتاش نامیق باخان، هونەری پەیکەرتاشی لەکوردستاندا چەقیوە، چونکە "کەس ڕێز لەکاری پەیکەرتاشی ناگرێت".

هونەرمەند نامیق باخان کەکاری پەیکەرتاشی دەکات لەشاری کەلار وتی "تائێستا چەندین پەیکەری گەورەو بچوکم کردووە، بەڵام بەداخەوە لەم وڵاتەی ئێمەدا کەس گرنگی بەکاری پەیکەرتاشی نادات".

هونەرمەندانی پەیکەرتاش گلەیی ئەوەدەکەن کەهونەرەکەیان پشتگوێخراوەو گرنگی پێنادرێت، لەکاتێکدا ئەو هونەرە لەوڵاتانی دەرەوە گرنگی زۆری پێدەدرێت.

نامیق تائێستا ٤٥ پەیکەری جۆراوجۆری هەیە، کەزۆرینەیان باس لەخەمەکانی ئافرەت دەکات. بەڵام تائێستا پێشانگەیەکی بۆ نەکراوەتەوە تاوەکو بتوانێت تواناکانی بۆ هونەردۆستان نمایشبکات.

ئەو وتی "چەندینجار داوام لەدەزگا ڕۆشنبیرییەکان کردووە کەپێشناگەیەکم بۆ بکەنەوە، بەڵام گوێیان بۆ ڕانەگرتووم، وەک ئەوە وایە ئەو کارە بەهونەر دانەنرابێت".

نامیق باخان کەماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی کاری پەیکەرتاشییەو تائێستا چەندین پەیکەری جۆراوجۆری دروستکردووە، دیارترینیان دروستکردنی پەیکەری شەهید ئارامو عەلی مەردانو دروستکردنی پەیکەرێکی کەمئەندام کە لەشاری کەلار دانراوە.

ئەو هونەرمەندە وتی "جگە لەمانەش چەندین پەیکەری جۆراوجۆری تریشم دروستکردووە، بەڵام بەداخەوە وەک ئەوە وایە دروستم نەکردبێت".

ئەو هونەرمەندە ئێستا پرۆژەیەکی تری بەدەستەوەیە، بەڵام کەس نییە هاوکاری بکات تاوەکو پرۆژەکەی ئاشکرابکات.

زاهیر سدیق پەیکەرسازو بەرپرسی گروپی پرۆژەی پەیکەرسازانی کوردستان، پێیوایە هونەری پەیکەرسازی تائێستا لەکوردستاندا لەخزمەتی شەخسی دەرنەچووە.

زاهیر وتی وتی "پەیکەرسازی لەدوای ڕاپەڕینەوە ئازادبووەو پێشتر بەعس هێندە لەپەیکەر دەترسا ئەوەندە لەتابلۆ نەدەترسا، لەبەرئەوەی پەیکەر ڕۆحی کەسایەتییەکان بەرجەستەدەکاتو زیندووترە».

ئاماژەی بەوەشدا کە لەم چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕینیشدا چەند پەیکەرێک دروستکراوە، بەڵام هەمووی بەهەوڵی شەخسی بووە، بەڵام وتی "جگەلەوەش پەیکەر لەسەر هیچ هونەرمەندێک فەرزنەکراوە لەلایەن لایەنێکی سیاسیەوە، مەگەر هونەرمەندەکە خۆی مەیلی هەبووبێت لەسەری»

زاهیر سدیق ئەوەشی نەشاردەوە کەهونەری پەیکەرسازی فەرامۆشکراوەو وتی "وەک پێویست گرنگی بەهونەری پەیکەرسازی نەدراوە، بەتایبەت مەوادو مەتریالی بەنرخی هونەرەکە، بۆ نمونە برۆنز بەتەواوی پشتگوێخراوە".

سەبارەت بەوەی کەپەیکەر دەدرێت بەهەندێک هونەرمەندو نادرێت بەهەندێکیتر، زاهیر سدیق وتی "تەحەدا دەکەین ئەگەر یەک پەیکەر لەبەر بەرژەوەندی تایبەتو سیاسی درابێت بەئێمە لەلایەن لایەنێکەوە، هەرچی پەیکەرێکمان دروستکردبێت بەهەوڵی خۆمانو لەلایەن خودی خۆمانەوە بووە، بەڵام هەندێ هونەرمەند کاری جوانو هونەریی پێناکرێتو ناچار پەلاماری ئەمو ئەو دەداتو ڕەخنەی بێبنەما دەگرێت".

ئەوهونەرمەندە ڕەخنەی توند لەدەزگا ڕۆشنبیرییەکانی گەرمیان دەگرێتو دەڵێت "لێرە ئەوان تەنها بەهەندێک شتی ترەوە خۆیان سەرقاڵدەکەنو گرنگی بەکاری پەیکەرتاشی نادەن، لەکاتێکدا پەیکەرتاشی بەبڕبڕەی پشتی هونەری کوردی دادەنرێت".

# خۆتان کەشخە بکەن!

## ئافرەتان بۆ پیاوەکانیانو کچانیش بۆ کوڕان خۆیان دەڕازێننەوە



محەمەدو یاسین لەسلێمانی

پیاوان حەزدەکەن بەردەوام ژنەکانیان بەجوانی ببینن، ژنانیش خۆڕازاندنەوە بەئیشی یەکەمیان دەزانن، کچانیش دەڵێن بۆ کوڕان خۆمان جواندەکەین.

ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لەکچانو ژنان سەردانی ئارایشتگاکان دەکەن بەمەبەستی خۆڕازاندنەوە. لەگەڵئەوەشدا زۆرێک لەکچانو ژنان باسلەوەدەکەن ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێت، ناتوانن خۆیان لەمکیاژو خۆڕزاندنەوە بەدووربگرن.

زۆرێک لەو ژنانەی کەهاوسەرگیریان پێکهێناوە، باس لەوەدەکەن کەتەنها خۆیان بۆ مێردەکانیان دەڕازێننەوە تاوەکو سەرنجی دڵی ئەوان بەلای خۆیاندا رابکێشن، زۆرێکیش بۆ بەرامبەرەکەیان خۆیان دەڕازێننەوە تاوەکو مەبەستی خۆیان بپێکن. بەتایبەت کچان.

ئەستێرە جەلال کەهاوسەرگیریی پێکهێناوە، بڕوایوایە خۆڕازاندنەوە بۆ ژنان گرنگە، ئەو دەڵێت "گرنگە بۆ ئێمەی ژنان خۆمان بڕازێنینەوە، چونکە سەرنجی بەرامبەرەکەمان بۆ لای خۆمان ڕادەکێشین".

لای ئەستێرە نرخی خۆڕازاندنەوە گرنگ نییە، بەڵکو جوانی گرنگترە، "ئافرەت وەکو گوێزوایە زۆرترین پیاو سەیریدەکات، بۆیە پێویستە بەجوانترین شێوە خۆی بڕازێنێتەوە». ئەو وای وت.

سروە جەلال لەیەکێک لەشەقامەکانی شاری سلێمانیدا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بوو. ئەو ڕاشکاوانە وتی "خۆم جوان دەکەمەوە، بەڵام بۆ مێردەکەم ئەویش لەماڵەوە نەک لەئارایشتگادا".

پیاوان حەز بەجوانی ژنەکانیان دەکەن، هەندێکیان ڕێگای چوونە ئارایشتگاکانیان بە بەردەوامی بۆ دەکەنەوە، چونکە لای ئەو پیاوانە جوانی گرنگترین شتە.

موعتەسەم محەمەد ماوەی دە ساڵە هاوسەرگیریی پێکهێناوە دەڵێت "لەگەڵ ئەوەدام خێزانەکەم خۆی جوان بکاتەوە، لەکاتی بۆنەکانیشدا سەردانی ئارایشگە بکات تاوەکو بەجوانترین شێوە دەربکەوێت".

موعتەسەم دەڵێت گرنگە ئافرەت سەلیقەی جوانی تێدابێت بۆ بەرامبەرەکەی، جا پیاوەکەی بێت یان خۆشەویستەکەی یان بۆ مەبەستی تری بێت.

بەلای ئەحمەد عەبدولکەریم تەمەن ٣٧ ساڵ، ژنان یان کچان تا جوانبن هەمیشە سەرنجراکێشتر دەبن، بۆیە وتی "ئافرەتی ئێستا زۆربەیان خۆیان دەڕازێنێننەوە، بەڵام گرنگە بزانن بۆ کێ خۆیان دەڕازێننەوە".

ئەو کەهاوسەرگیریی پێکهێناوە، هەمیشە داوا لەخێزانەکەی دەکات خۆی بڕازێنێتەوە تاوەکو بۆ ئەو بەجوانتر دەربکەوێت.

شەوگار ئەحمەد یەکێکە لەو کچانەی کەهەمیشە لەگەڵ خۆڕازاندنەوەدایە، بەڵام زۆر بەکەمی دەچێت بۆ ئارایشتگاکان، وتی "بەزۆری لەماڵەوە خۆم دەڕازێنمەوە".

عەبیر خاوەنی یەکێک لەئارایشتگاکانی شاری سلێمانییەو بەڕەگەز عەرەبە، وتی "زۆرێک لەژنان لەسەر بڕیاری پیاوەکانیان دێن، زۆرێکیش لەسەر بڕیاری خۆیان، بەشێکیانیش خۆشەویستەکانیانو هەندێکی تریش بۆ بەرامبەرەکانیان خۆیان دەڕازێننەوە، وەکو ببنە نێچیر بۆیان".

ئەو ژنە چەند ساڵێکە لەکوردستان ئارایشتگای داناوە.

## تەرازوو (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

هەوڵدەدەیت بەتەواوی پێچەوانەی ئەوە بکەیت کەپێت وتراوە ئەنجامی بدەیتو لەوانەشە ئەمە بەهۆی ئەوەوە بێت، کەحەز بە بەرپرسیارێتیو سنووورداری لەژیانتدا نەکەیت.

## دوپشک (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە کەتەنها بەپێی چاوەڕوانییەکانی خەڵک ئیشوکارەکانت ئەنجامبدەیت. پێویستە بیر لەهەموو هەنگاوەکانی ژیانت بکەیتەوەو چۆنت پێ خۆشە بەوجۆرە بژیت.

## کەوان (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

هەسارەکان ئاماژە بۆ سەفەرێک دەکەن کەزیاتر لەگەشت دەچێتو لەم ماوەیەدا پێی هەڵدەستیت. هەرچەندە باری داراییت زۆر باش نییە، بەڵام هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەیت. ڕۆژی خۆشەویستیت پێنجشەممەیە.

## گیسک (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

ئەم ماوەیە تەنها بەکێشە داراییەکانتەوە سەرقاڵ دەبیتو هەمیشە خەرجییەکانت لەداهاتت زیاتر دەبێت، بۆیە پێویستە هاوسەنگی نێوان ئەو دووانە ڕابگریت. هەروەک پێویستە بیر لەڕێگاکانی دەربازبوون لەو کێشانە بکەیتەوە.

## سەتڵ (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

وا بیر دەکەیتەوە کەدەتوانیت بەرگەی فشارەکان بگریت، بەڵام لەئێستادا دۆخەکان کەمێک جیاوازن. تێکچوونی تەندروستیت ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی فشارەکان چەند کاریگەرییان لەسەرت هەیە. پێویستیت بەوەرزشو ئاگاداری بەردەوام لەتەندروستیت هەیە.

## نەهەنگ (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەندێجار هەستدەکەیت کەوەک ئەوەی هەیت بەرامبەرەکانت لێت تێناگەن. گرنگی زۆر بەجوانیو ڕووخسارت دەدەیتو هەستدەکەیت کەشەرمکردن وردەوردە لێت دووردەکەوێتەوەو تێتدا نامێنێت.





# فریادڕەس لەدرامای سەیراندا

موحسین یاسین

درامـای سەیران کەدرامایەکی نوێیە باس لەکێشەکانی ناو کۆمەڵگە دەکات، بۆ پەخشکردن بەڕێوەیە، کەکاری وێنەگرتنی تەواو بووەو ئێستا لەقۆناغی مۆنتاژدایە.

ئەو درامایە لەنواندنی هونەرمەندان (کەمال چالاک، عەباس ژاژڵەیی، ئازاد پێنجوێنی، سامان قەرەداخی، بەیان جاف، قانع هۆلانی، شیرین عوسمان، راژان کەمال، میران شێرزاد، کامیل ئەحمەد) و چەند هونەرمەندێکیتر بەشداریان تێدا کـردووە. چیرۆکی دراماکەش باس لەگەنجێک دەکات کە لەپێناوی رزگارکردنی کچێکدا ژیانی دەخاتە مەترسیەوە.

لەچیرۆکی درامای سەیراندا، ژیان هەناسەیەکی بەرفراوانی تێداماوە کەلێوان لێوە لەڕەوشتبەرزیو قوربانیدان کەئەویش مرۆڤێکە لەناودەستپێکی درامـای سەیـران بـەدی دەکرێت، کاتێک لەئێوارەیەکی درەنگدا کچێک لەخێزانەکەی دادەبڕێتو وندەبێت، پەنا دەباتە بەر سێ کەس تاکو یارمەتی بدەن، بەڵام دووان لەو کەسایەتیانەی ناو دراماکە دەیانەوێت کەسایەتی ئەو کچە لەکەداربکەن، بۆیە کەسی سێیەم بێ ئەوەی گوێبداتە هاوڕێکانی، دەبێتە فریادڕەسو لەمەرگ رزگاریدەکات.

ئەم درامایە سیناریۆی قانع هۆلانیو وێنەگرتنی کەمال ئەحمەد غەریبو لەدەرهێنانی عزەدین قادرە. وابڕیارە لەکەناڵی ئاسمانی کوردستان tv پەخش بکرێت.

# بەیانی زەریفی: دەمەوێت هەردوو خۆشەویستەکەم خەڵاتبکەم

سازدانی: گۆران نیزام هەڵەبجەیی

هونەرمەند بەیانی زەریفی، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی کاری هونەرییەو سەرەتاکەی بەکاری منداڵان دەستیپێکرد، دەڵێت "حەزی من بۆ هونەر لەپەیمانگاوە نەبووە، بەڵکو هەر لەسەرەتای چوونە قوتابخانە، چوومەتە سەر تەختی شانۆو حەزم لەهونەر کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو کچێک گۆرانیشم وتووە».

بەیانی زەریفی کاتێک دەبێتە مامۆستا وانە دەڵێتەوە، بڕیاردەدات وەکو مامۆستایەک لەبواری منداڵاندا دەربکەوێت، کەسەرئەنجام بووە بەپێشکەشکاری بەرنامەیەکی منداڵان لەیەکێک لەتەلەفزیۆنە کوردییەکانی ئەوکاتەی سلێمانی.

زەریفی دەڵێت "بەڕاستی زۆر سەختە ئیشکردن لەناو دونیای منداڵاندا، بەڵام کەدەرئەنجامێکی باشت دەبێ لەبوارەکەداو بەرامبەرەکەت بەدڵخۆش دەبینیت، ئەوا ماندووبوونی رابردووت بیردەچێتەوە، بەڵام بیرمان نەچێت من دوو خۆشەویستم هەیە، ئەویش منداڵانو هونەرەکەمە کەمنی بەخەڵک ناساند".

ئەو هونەرمەندە پێیوایە کەتەنها خەونێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە لەگەڵ دەرهێنەرێکدا بەشداری لەفیلمێکی سینەمایدا بکاتو خەڵات بکرێت، چونکە ئەو تائێستا خەڵات نەکراوەو تەنها خەڵاتێک کرابێت رێزلێنانێکە لەبواری پەروەردەیدا پێی دراوە کەئەو کاتە لەگەڵ تیپی هونەری رەنگاڵەدا پێی دراوە.

ئەو دەیەوێت لەرێگەی بەرهەمێکییەوە هەردوو خۆشەویستەکەی خەڵاتبکات.

جگە لەوە زەریفی ئەوەش ئاشکرادەکات کەزۆر گرفتی لەگەڵ چاوەڕوانیدا هەیەو دەڵێت "لای من چاوەڕوانی زامێکی زۆر قوڵە، چونکە هەموو ژیانم لەچاوەڕوانیدا بردووەتەسەر، بەردەوام وەک سێبەر لەگەڵمدا ژیاوە، سەرەنجام نازانم کۆتاییەکەی بەچی دەگات، دەترسم مردنەکەشم هەر چاوەڕوانی بێت. ئەگەرچی کارە هونەرییەکانم پەیوەندیان بەژیانی تایبەتی خۆمەوە هەیە، بەڵام هەموویان چاوەڕوانییان پێوەدیارە».

بەلای ئەو چاوەڕوانی بووەتە گرفتێک بۆیو کاریگەری دەروونیشی لەسەر کەسایەتی داناوەو وتی "هەندێکجار لەڕووی تەندروستیشەوە هەروابووە، لەبەرئەوە زۆر لەژیانم ئازاری داوم".

لەبارەی کارە هونەرییەکانیشەوە زەریفی دەڵێت "کاری هونەریم زۆرە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٣ بەشداری درامام کردووە، ئەویش لەسەر دەستی دەرهێنەر حسین میسری کەچوومە نێو دنیای دراماوە، یەکەم دراماش درامای حەسەن ئەفەنی بووە، بەڵام بەکۆچی دوای ئەو دەرهێنەرە، گەڕامەوە سەر تەختی شانۆ، چونکە دەمێکبوو لەشانۆ دابڕابووم".

بەیان زەریفی لەکارەکانی خۆی رازییەو ئەو رۆڵانەشی کەبینیویەتی زۆرجار خواستی دەرهێنەر بووە، بەڵام وتی "زۆرجار لێهاتوییو گونجاوی ئەکتەر بۆ رۆڵەکەی، گرنگی باشی دەبێت".

لەبارەی درامای نامەکانی ئەشرەف کەرۆڵی تێدا بینیوە دەڵێت "لەو درامایەدا زۆر لەرۆڵەکەی خۆم رازیبووم، چونکە خۆم کاری جلدورینیشم بۆ کردووە، گرنگ ئەوەیە کەمن کار بۆخۆم دەکەم ئەو دەورەش هەروا بوو، رۆڵەکە لەکەسایەتیمەوە نزیکبوو، بۆیە توانیم تا ئاستێکی باش سەرکەوتووبم تیایدا".

لەبارەی کاری داهاتوویشیەوە دەڵێت "پێشنیازی کارێکی هونەریم بۆ کراوە، بەڵام هێشتا بەرنامەڕێژی بۆ نەکراوە، منیش رەزامەندیم دەربڕیوە، چاوەڕوانی داهاتووین".



بەیانی زەریفی جگە لەکاری هونەر دێتە سەر باسی پرۆسەی هاوسەرگیریو دەڵێت "هاوسەرگیریم کـردووە، بەڵام شکستیهێنا. بۆ پرۆسەی هاوسەرگیریی بڕیاری خۆم بووەو ویستی خۆمی لەسەر بووەو ئێستاش ژیانێکی تایبەتی خۆم هەیە، ئەوەش ئەوەیە موڵکی خۆم نیم، بەڵکو موڵکی میللەتم، هەڵبژارنی کەسێک بۆ هاوسەرگیریش دەبێت لەسەر بنەمای ئازادی زیاتری کارکردنم بێت، نەک ئەمەشی کە هەمە لیم بسەنیتەوە».

جیا لەپرۆسەی هاوسەرگیریش بەیان دەڵێت "زۆرم حەز لەچای بەیانیان لەگەڵ ترێو شوتییە، چونکە بەیانیان دەبێت سەر میزەکەم هەموو شتیکی لەسەر بێت، تەنیاش بم، چونکە شەرم ناکەمو باشتر بۆم دەخورێت، زۆرجار شەوانیش کە لەکاری هانا دەبمەوەو دەگەڕێمەوە بۆماڵەوە هەر بەر چایی دەخۆم لەبری نان".

زەریفی لەکۆتایدا وتی "حەزێکی ترم هەیە، ئەویش ئەوەیە زۆرم حەز لەجلی کوردیە، هەندێک کەسیش دەڵێن بەیان واتە جلی کوردی بێ جیاوازی رەنگەکان"



**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

بەپێی خواستەکانت رێککەوتن لەگەڵ کەسێکدا ئەنجامدەدەیت، بەڵام پێویستە زۆر وریا بیت تا نەخەڵەتێیت. بیر لەهەموو لایەنەکان بکەرەوە پێش ئەوەی هەر هەنگاوێک هەڵبگریت. ئاگات لەتەندروستیو خەوت بێت.



**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

ئەگەر دوودڵیت لەبارەی هەندێ بابەتەوە، پێویستە هەوڵبدەیت شتە ناخۆشەکان لەبیر بکەیت. چەند رێگایەکت لەبەردەمدایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانت. دەبیتە هۆی دڵخۆشی یەکێک لەهاورێ نزیکەکانت. رۆژی خۆشەویستیت هەینییە.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

هەندێ لەخەونەکانت لەم ماوەیەدا دێنە دی. دەبیتە جێی سەرنجی کەسێک کەبیرت لێ نەکردووەتەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە دەیناسیت. ئەگەر بەباشی لەگەڵی بڕۆیت دەرەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

لەم هەفتەیەدا کەسێک دێتە نێو ژیانتەوە. بۆ ئەو کەسانەی سەڵتن هەفتەیەکی خۆشدەبێت لەڕووی خۆشەویستییەوە. کەسێکی خاوەن بەختیتو زۆر کات بەخت یاوەرتە. هەموو رۆژێکی ئەم هەفتەیە خۆشدەبێت بۆت.



**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

هەندێک بیرەوەری، کەسێکت دەهێنێتەوە یاد کەزۆر دەمێکە نەتدیوە. ئەم هەفتەیە زۆر دڵخۆشدەبیت بەو داناییەت کەهەتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. رۆژی بەختت دووشەممەیە.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

تەندروستیت لەهەفتەکانی پێشووتر باشتر دەبێت. هەنگاوێک بەرەو دەربازبوون لەفشارە دەروونییەکان دەنێیت. پێویستە گوێ لەبۆچوونی بەرامبەرەکانت بگریتو رێزیان لێبگریت. لەبەرئەوەی ئەوەی بۆ تۆ باشە لەوانەیە بەزیانی کەسانیتر تەواوبێت.

# پەروەردە ... لەسفرەوە بۆ سفر

## بەهۆی پەیڕەوکردنی دوو سیستمی خوێندن لەساڵی داهاتوودا، ئەگەری دروستبوونی گرفتی گەورە دەکرێت


ساڵی داهاتوو لەهەر قوتابخانەیەکدا دوو سیستم پەیڕەودەکرێت

عەلی بانیشاری لەهەولێر

شارەزایانی پەروەردە دەڵێن بەهۆی پەیڕەوکردنی دوو سیستمی جیاواز بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٠-٢٠١١ لەهەرێمی کوردستاندا، چاوەڕوانی گرفتی نوێی پەروەردەیی دەکرێت، بەڵام بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە دەڵێن "نامانەوێت لەسفرەوە قوتابیان دەستپێبکەن".

پسپۆڕانو مامۆستایانو شارەزایانی پەروەردەیی، بۆچوونیانوایە ئەو سیستمەی کەبڕیارە لەساڵی داهاتوودا پەیڕەوبکرێت، بۆشایی پەروەردەیی لەخوێندندا دروستدەکات.

وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی داهاتوو بۆ پۆلەکانی ١٢ ئامادەیی لەهەردوو بەشی زانستیو وێژەیی، بڕیاریداوە دوو سیستمی جیاوازی کۆنو نوێ پەیڕەوبکرێت، بەڵام ڕەخنەکان رووبەڕووی ئەو بڕیارە تادێت زیاتردەبێت.

بەپێی بڕیارەکە، بۆ ساڵی داهاتوو لەهەموو قوتابخانەکانی کوردستاندا، لەهەر بەشێکی وێژەییو زانستی دوو پۆل دەکرێتەوە، پۆلێکیان بۆ ئەو قوتابیانە دەبێت کەئەمساڵ ناتوانن پۆلی ١٢ ببڕن، ئەوان هەمان وانەکانی ساڵی پێشوو دەخوێنن، کە بەسیستمی کۆن ناودەبرێت، بەشەکەی تریش بۆ ئەو قوتابیانە دەبێت کەبۆ ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ دەخوێننو بەسیستمی نوێ ناودەبرێت.

مەسعود سدیق سەرپەشتیارو شارەزا لەبواری پەروەردە، ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کەکاربەدەستانی حکومەت ئەوەندە بەتەنگ کێشەی پەروەردەوە نایەن.

سدیق دەڵێت وەزارەتی پەروەردە بەویستی خۆی شتەکان دەسەپێنێت، وتی "کێشەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە لەئامادەیی هەموو خوێندکاران دەنێرنە ١٢یەمی ئامادەییەوەو پاشان لەتاقیکردنەوەی گشتی هەموویان دەرناچێنن، ئەمە کێشەیە، بۆ بەلێشاو قوتابیان دەنێرنە پێشەوەو دواتریش نائومێدیان دەکەن؟".

ئەو سەرپەرشتیارەی پەروەردە ئاماژەی بەوەشدا کەخراپی ئەو سیستمە لەوەدایە، کەقوتابخانەکان شوێنی ئەوانەی ئێستایان نییەو وتی "چ جای ئەوەی بەشێکی نوێش لەو قوتابخانانەدا بکرێتەوە، بۆشایی پەروەردەیی لێرەدا دروستدەبێتو دەبێت ساڵی داهاتوو کێشەکانی پەروەردە زیاتر چاوەڕوانبکرێت".

بەهۆی گۆڕینی مادەکانی بیرکاریو کیمیاو زیندەوەرزانی لەسەرتاسەری هەرێمدا بۆ ساڵی داهاتوو و لەهەمانکاتیشدا گۆڕینی مادەی ئینگلیزی لەهەولێرو دهۆک، لەئێستادا باس لەدروستبوونی بۆشایی پەروەردەیی لەلایەن شارەزایانی پەروەردەوە دەکرێت، چونکە قوتابیان چاوەڕوانی گۆڕینی مادەکانو کردنەوەی بەشی کۆنو نوێیان نەدەکرد.

لوقمان فەهمی قوتابی ١٢یەمی ئامادەییەو بەشداری لەتاقیکردنەوەکانیش کردووە، بەدەستووری وت "ئەوەی من بیستوومە ئەمساڵ زۆرینەی مادەکان دەگۆڕێنو ئێمەش دەبێت لەخاڵی سفرەوە دەستپێبکەین".

رزگار نەجات بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی ئامادەیی، بڕوایوایە ئەو کارە سەرکەوتن بەدەستناهێنێت، کەسیستمی نوێو کۆن پەیڕەوبکرێتو وتی "بۆشایی پەروەردەیی دروستدەبێت بەهۆی ئەو بڕیارەوە».

لەهەرێمی کوردستاندا ئەمساڵ کێشەی زۆر بۆ خوێندکاران دروستبوو، بەهۆی پەیڕەوکردنی سیستمی نوێی خوێندن کەسیستمی سویدییە، بەڵام بەلای شارەزایانەوە بۆ ساڵی داهاتوو کێشەکان زیاتردەبنەوە، هەر لەکەمی مامۆستاو کەمی بینای خوێندن.

مامۆستا رزگار وتی "ساڵ نییە دەستکاری مەنهەج نەکرێتو هەرجارێک پاساوێک بۆ ئەو دەستکاریکردنە دەهێننەوە، ئێستاش دێن بەشی کۆنو نوێ دەکەنەوە".

شارەزایانی پەروەردە لەهەرێمی کوردستاندا، خوێندن لەهەرێمی کوردستان بەخوێندنێکی سەقەت ناودەبنو هێما بۆ ئەوەدەکەن کە لەپاش چەندین گۆڕانکاری، تائێستا نەتوانراوە رێگەچارەیەک بۆ ئەو مەبەستە بدۆزرێتەوە.

ئیسماعیل بەرزنجی وتەبێژی راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە، جێبەجێکردنی دوو سیستمی خوێندن بۆ ساڵی داهاتوو، بەباشتر دەزانێت لەوەی قوتابیان وەک یەک ساڵەیان لێببێتەوە.

ئەو وتی "بەهۆی گۆڕینی مادەکانەوە، دەبوایە قوتابیانو خوێندکاران لەسەرەتاوە دەستیان پێبکردایەتەوە، زۆرینەی قوتابیانیش رەنجەڕۆ دەبوون".

ئیسماعیل بەرزنجی راشکاوانە وتی کەساڵانە بەهۆی گۆڕینی مەنهەجو کۆمەڵێک بڕیاری کتوپڕەوە، زیانی زۆریان پێ دەگات، بەڵام وتی "بیرمان لەباشترین بڕیارکردووەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کەوتنی زۆری قوتابیان لەمساڵدا".

# هەمووان پەڵپ دەگرن

## تەنها لەپێنج پەروەردەدا زیاتر لە ١٢٠٠ خوێندکار پەڵپ دەگرن

فەرمان چۆمانی

بەپێی ئامارێک کە لەپەروەردەکانی رانیەو قەڵادزەو چۆمانو سۆرانو شەقڵاوە دەست دەستوور کەوتوون، ١٢٧٩ خوێندکاری پۆلی ١٢ی ئامادەیی، لەدوای ئاشکرابوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵیان، پەڵپ (اعتراز)یان لەنمرەکانیان گرتووە.

بەپێی بەدواداچوونێکی دەستوور لە ٥ پەروەردەدا، ١٢٧٩ خوێندکار، پەڵپیان گرتووە، کە لەو رێژەیەدا لەسنووری پەروەردەی رانیە ٥٧٦ خوێندکار لەهەردوو بەشی زانستیو وێژەییو لەپەروەردەی قەڵادزێ ٣١٤ خوێندکار، کە ٩٢ خوێندکاری زانستی و ٢٢٢ خوێندکاری بەشی وێژەییو لەپەروەردەی چۆمانیش ١٨ خوێندکار هەبووە، کە ٩ خوێندکاری زانستی و ٩ خوێندکاری وێژەیین، لەسنووری پەروەردەی شەقڵاوەش ١٥١ خوێندکار کە ٥٧ خوێندکاری بەشی زانستیو ٩٤ خوێندکاری بەشی وێژەیی.

هەروەها لەسنووری پەروەردەی سۆران ٢٢٠ خوێندکار لە ٣٨٠ وانە پەڵپیان گرتووە، بەشێوەیەک کەخوێندکار هەیە زیاتر لەوانەیەک پەڵپی گرتووە.



فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

جیهانبینی پەروەردە

# وەزارەتەکان دەبێ عەقڵ بکڕن

یەکێک لەو خاڵە گەشانەی تەواوی مرۆڤایەتی بەدەر لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی شانازی پێوە دەکات، بریتیە لەو شارستانیەتە باڵایەی رۆژئاوا کەهیچ وڵاتێک ناتوانێت بازی بەسەردا بدات، ئەگەر بێتو بیەوێت بەرەو پێشەوە بڕوات. بێگومان لەهەناوی ئەو شارستانیەتەدا کۆمەڵێک فاکتەر هەیە، کەبوونەتە هۆکاری ئەوەی هیچ وڵاتێک نەتوانێت بازی بەسەردا بدات، بۆ نمونە، بنەمای زانستی، کراوەیی، ئازادی رادەربڕین، دیموکراسی، رێزگرتن لەتواناکانی هەموو یەکێکو داننان بەوەدا کەهیچ یەکێک لەئێمە پڕ کەمالو پڕ زانست نییە، بۆیە دەبێ هەموو یەکێک لەئێمە بەدوای پیاوە داناو عاقڵەکاندا بگەڕێت، بۆ ئەوەی چیرۆکی سەرکەوتنیان پێ بەرجەستە بکات. لەولاشەوە جیهانی عەرەبیو ئیسلامی بەدەر لەوەی لایەنی زۆری ئەو شارستانیەتە رەتدەکەنەوە، تاوەکو ئێستاش خۆیان بەداناترو سەرکەوتووتر دەزاننو لەمەشدا پشت بەمێژووی کۆنی خۆیان دەبەستن. هۆکارێکی گرنگ لێرەدا لەوانەیە لەلایەک ئەو دۆگمائیەتە بێت کەتاوەکو ئێستاش گیرۆدەی بوونو لەلایەکی دیکەشەوە هیچ شتێکی ئەوتۆیان نییە لەمڕۆدا کەبتوانن شانازی پێوە بکەن.

بێگومان کوردیش لەم بوارەدا بەدەر نییەو لەژێر کاریگەری کلتووری عەرەبیو ئیسلامیدا دەژی. بۆیە بەتاکو تەرا نەبێت، پۆستە باڵاکانی ئەم وڵاتە یا لەدەستی نەوەکانی شاخدایە یا کوڕی ئەو نەوانە یا ئەوانەی لەو نەوانەوە نزیکن. لەبەرامبەر ئەمانەشدا تاکو تەرا خەڵکمان لەپۆستە زۆر باڵاکاندا هەیە، کەشارەزاو دڵسۆزو کارامەبن. خاڵێکی جەوهەری کەجیاوازی دەخاتە نێوان ئەو دوو شارستانەیەتەوە، بریتیە لەکڕینی عەقڵ. مرۆڤی رۆژئاوایی هەرگیز بڕوای بەوە نییە کەخۆی لەهەموو کەس عاقڵترەو بەتەنیا خۆی یا رێکخراو یا وەزارەتەکەی دەتوانێت باشترین کار بکات، بۆیە بە بەردەوامی پەنا دەباتە بەر عەقڵ کڕینو بە بەردەوامی بەدوای تواناکانی دیکەدا دەگەڕێت کە لەرووی زانستییەوە لەو یا لەوان داناترن. لەبەرامبەر ئەمەشدا زوربەی وەزیرو سەرەک وەزیرەکانی ئێمە، کڕینی عەقڵ بەخاڵی لاوازی خۆیان دەزاننو پێیان وایە ئەگەر پەنا ببنە بەر زانستو عەقلی کەسانی دیکە، ئەوە مانای وایە ئەوان لاوازنو هیچ شتێک نازانن، بەشێوەیەکی دیکە ئامانجەکان بەهیچ شێوەیەک گرنگ نییە بەلای ئەم گروپەوە، بەڵکو شێوازەکان گرنگن. بێگومان ژمارەی ئەو وەزیرو سەرەک وەزیرانەی بەپێچەوانەوە بیردەکەنەوە، لەپەنجەی یەک دەست تێپەڕ ناکەن. ئەگەر چاو بەوەزارەتەکانی خۆماندا بگێڕین، ئەوە دەبینین بەدەگمەن نەبێت خاوەنی لێکۆڵینەوە زانستی نینو هەر کاتیش گرفتێکی گەورە رووبدات، بەدوو قسەی عەشایەری بەردێکی دەخەنە سەر.

من لەمە زۆر باش تێدەگەم، بۆیە دەیان جار پرۆژەی باشو هاوچەرخ دەبینم کەخەڵکی شارەزا لەمیدیاکاندا بۆ حکومەتو وەزارەتەکانی پێشنیاردەکەن، بەڵام هەمان پرۆژە لەلایەن حکومەت یا وەزارەتەکانەوە دوای ٥ تا ٧ ساڵی دیکە ئەوجا بەدواداچوونی بۆ دەکرێت. بێگومان هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو پرۆژانە بەبێ ئەوەی بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی پیاوانی شارەزاوە، یەکسەر وەزیر رەتیدەکاتەوە، چونکە عەقڵی خۆی، کەبەزۆری پسپۆر نییە، نایبڕێت. بێگومان ئەمە هەموو وەزارەتەکانی حکومەتو پۆستە باڵاکان دەگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی من پەیوەندیم بەبواری پەروەردەوە هەیە، بۆیە لێرە بەدواوە کەمێک لەسەر ئەم وەزارەتە رادەوەستم.

لەم رۆژانەدا دەرئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکانی ئامادەیی، کەبەهەڵە پێی دەوترێت پۆلی ١٢، دەرچوو. رێژەی دەرچوونی خوێندکاران رێژەیەکیماڵوێرانکەرانەیەو نەک ئێستا، بەڵکو چەندین ساڵە بووەتە مایەی عەیبێکی گەورە لەوەزارەتی پەروەردەو هەموو ساڵێکیش کەئەم گرفتە دووبارەدەبێتەوە، وەکو وتم بەدوو قسەی عەشایەری سەرقەباغی مەنجەڵەکە دادەنێنەوە، بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر بکەنو هۆکارەکانی شیبکەنەوە. بێگومان ئەمە تاقە گرفتی وەزارەتی پەروەردە نییە، بەڵام تاوەکو ئێستاش بیرۆکەی لێکۆڵینەوەی زانستی لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوەو لەگەڵ ئەوپەڕی رێزیشمدا بۆ هەموو وەزیرەکانی پەروەردە، نەیتوانیوە لەلایان جێگیر ببێتو ببێتە نەریت. دونیای هاوچەرخ لەم رێگەیەوە دەتوانێت گرفتەکانی خۆی چارەسەربکات، چونکە تا لێکۆڵینەوەی زانستی نەکەیت، ناتوانیت چارەسەرەکان بخەیتەڕوو. لەو هەموو کۆمەڵە گرفتانەی پەروەردە، مرۆڤ دوو لێکۆڵینەوە نابینێتەوە لەنووسینێکدا پشتیان پێ ببەستێت. من نازانم هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوەزیرەکان لەبەهای لێکۆڵینەوەی زانستی تێناگەن یا بڕوایان پێی نییە، یا کادیری زانستیان نییە کەتوانای ئەم کارەی هەبێت. من پێم باشە وەزارەتی پەروەردە دەست بەکڕینی عەقڵ بکات. لەهەر کوێیەک یەکێکی بینی شارەزایی هەیەو یارمەتی دەدات، دەتوانێت بیکڕێت. کڕینی عەقڵ لەهەموو دامودەزگاو وەزارەتەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاری پێدەکرێتو نیشانەی زیندوویەتیو لێهاتوویی بەڕێوبەرو وەزیرەکان دەگەیەنێت نەک پێچەوانەکەی.

# ئایا پەردەی کچێنی چینی بڵاوبووەتەوە؟

## د. ئەکرەم ئەلئەحمەر یەکێك لەو کەسانەی بەدوای راستی هەواڵی بوونی پەردەی کچێنی (چینی) رۆیشت، چەند نهێنییەك بۆ دەستوور ئاشکرادەکات.

بێستون فەتاح لەدیمەشق

د. ئەکرەم ئەلئەحمەر پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵبوونو نەزۆکیو راوێژکاری کاروباری سێکسیو یەکێک لەو شارەزایانەی بەدوای راستی بوونی پەیدابوونو دروستکردنی پەردەی کچێنی چینیدا رۆیشت، رایدەگەیەنێت کەبۆی دەرکەوتووە دروستکردنی پەردەی کچێنی لەچین بوونی نییەو وتی "بڵاوبوونەوەشی هەمووی بۆ سەرنجراکێشان بووەو هیچیتر".

د. ئەکرەم لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی دەستوور دەڵێت "چیرۆکەکە لەوەوە دەستیپێکرد، کەراپۆرتێکی درۆ لەسایتێکی ئینتەرنێتەوە بڵاوبووەوە، دواتر لەناو خەڵکدا زیاتر بڵاوبووەوە، تەنها وێنەیەکی خەیاڵیان بۆ دروستدەکرد".

هەروەها وتی "من بەدوای ئەو زانیاریانەدا چووم، بەڵام دواجار بۆم دەرکەوت کەئەوە درۆیەو شتی وا نییە".

**دەستوور:** هەندێک زۆرجار ئەو پرسیارە دەکەن، ئایا پەردەی کچێنی چینی راستییەکە یان تەنها خەیاڵە؟

**د. ئەکرەم:** ئەو خۆشەویستانەی ئەم چاوپێکەوتنە دەخوێننەوە، بەڕاستی دەبێت ئەوە بزانن دواندن لەسەر ئەم دیاردەیە کارێکی ئازایانەی دەوێت، هەستم بەڕاپایی کرد لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بەڵام دەبێت رووبەڕووی ئەو پرسیارانە ببینەوە، ئەمڕۆ بێت یان سبەینێ، سەرەتا بەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کەئەم دیاردەیە راستە یان خەیاڵە، بەوشەی بەڵێ یان نەخێر وەڵام نادەمەوە، بەڵکو دەمەوێت بچمە لایەنە توندو ترسێنەرەکانی ئەم دیاردەیەوە سەرەتا لەوەوە دەستپێدەکەم، بیروبۆچوونی کچێتی رەگەزی مێینە لەسەردەمی پێشووەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆش، گرنگترین بیروبۆچوونەکانە لەهۆشی گەلاندا هەر لەسەرەتادا پێکەوە ژیانی هاوسەرگیری، بەبۆچوونی من تا دوا چرکەکانی مێژووی مرۆڤ بەردەوامدەبێت.

**دەستوور:** بۆچی بەو رەهاییە بۆ مێژووی ئەم دیاردەی کچێنییە دەڕوانیو بەرگی هەتا هەتایی بە بەردادەکەیت؟

**د. ئەکرەم:** سەرەڕای بۆچوونە جیاوازەکان لەبوونی کچێتی مێینەییو پەیوەستبوونی ئەم دیاردەیە بەکەسانێکەوە کەنیوەی کۆمەڵ پێکدەهێنن، لەروویەکی ترەوە پەیوەستە بە بەشێک لەو پیاوانەوە کەپەیوەندی هاوسەرگیریو پرۆسەی سێکسی لەگەڵ رەگەزی مێینەدا دەبەستن، بەدرێژایی مێژوو، پیاوان هەوڵیانداوە کەباڵادەستی خۆیان رابگەیەنن، بەتایبەت لەپەیوەندییە سێکسییەکاندا، لەدیاریکردنی نەریتو پێکهاتەی ئارەزووەکان کەچێژو مەرامەکانی دابینبکات.

**دەستوور:** کێشەی پەردەی کچێنی زیاتر لەوڵاتانی ئیسلامی زۆر گرنگی پێدەدرێت، بەپێوانەی پاکێتیو شەرەف دەژمێردرێت، هەر بۆیە هەواڵی بوونی ئەو جۆرە بەرهەمە چینییە لەم وڵاتانە زوو بڵاوبووەوە، بەڕێزت چۆنی دەبینیت؟

**د. ئەکرەم:** راستە بیرۆکەی دروستکردنی ئەم پەردەی کچێنییە، بیری زۆرینەی گرتووەتەوە بەتایبەت ئەو کۆمەڵانەی وەک لای خۆمان، یەکێک لەو دیاردانەی خێزانەکان کەپێوەی خەریکدەبن پاراستنی کچێتی ئەو ئافرەتانەیە کەتەمەنیان گەورەبووە، هەموو خێزانێک ئاواتییەتی کەتووشی ئەوە نەبێت، رۆژێک لەرۆژان کچێکیان کچێتی لەدەستبدات، بەهەر بیانویەک بێت، ئەگەر ئەو بیانووە لەدەست کچەکەشدا نەبێت، وەک ئەوەی زگماکی خۆی وابێت، چونکە چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانە زۆر گرانە، بەڵام بوونی کێشەی دڕانی پەردەی کچێنیو لەدەستدانی بوونی هەیە، زۆر کەسیش هەیە گیرۆدەی ئەو گیروگرفتەن، هەربۆیە بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی هاتنی ئەو بەرهەمەن، بابەتی پەردەی کچینی چینی ئەو هەرایەی لەم وڵاتانە نایەوە، بووە بابەتی رۆژو ورتەورتی نێوان کچانو کوڕان، تەنانەت لەهەندێک لەم وڵاتانەدا لایەنە ئاینییەکان راستەوخۆ هەستیاربوون بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەو بەرپەرچیان دایەوە.

**دەستوور:** ئێستا ئەو پەردەیە بوونی هەیەو چۆنەو چۆن بەکاردێت؟

**د. ئەکرەم:** وەڵامی پرسیارەکە دەدەمەوە، دەزانم وەڵامەکەم دەبێتە وتەیەکی چاوەڕواننەکراو بۆ زۆرێک، هەریەکەو بەبۆچوونی خۆی لێکدانەوەیەکی تری بۆ کردبوو، نەخێر پەردەی کچێنی چینیو هیچ پەردەیەکیتر بوونی نییە لەم دنیایەدا، بەڵکو هەموو چیرۆکەکە لەوەوە دەستپێکرد کەراپۆرتێکی درۆ لەسایتێکی ئینتەرنێتەوە بڵاوبووەوە، دواتر لەناو خەڵکدا زیاتر بڵاوبووەوە، تەنها وێنەیەکی خەیاڵیان بۆ دروستدەکرد، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی زانست رۆژانە بەخۆیەوە بینیبوو، پشتگیری بوو بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕی پێبێنن، ئەو ژمارە تەلەفونو ناونیشانی ئیمێلانەی لەسایتەکەدا هاتبوو، کەوا بڵاودەکرایەوە ئەگەر هەرکەسێک پەیوەندیان پێوەبکات، ئەو پەردەیەیان بۆ رەوانەدەکەن، هەمووی بۆ سەرنجراکێشانو باوەڕهێنان بوو، دوایی دەرکەوت کەهەمووی درۆیەو بوونیان نییە، خودی خۆم کەباوەڕیشم هەبوو بوونی ئەو پەردەیە نییە، بەڵام پەیوەندیم بەو ژمارانەوە کرد، دەرکەوت هەمووی درۆن.



# مەترسییەکانی خواردنەوە گازییەکان زیاتردەبن

## زانیارییەکان دەریدەخەن کەزۆر خواردنەوەی خواردنەوە گازییەکان، مەترسی توشبوون بەکرۆکبوونی ئێسکەکان زیاددەکات




دەستوور

لەنوێترین راپۆرت لەبارەی زۆر خواردنەوەی خواردنەوە گازییەکان دەرکەوتووە، کەمەترسی زیاتر لەسەر جەستەی مرۆڤ دەبێت، هەر لەوشکبوونی جەستەو مەترسی توشبوون بەکرۆکبوونی ئێسکەکانو پەیدابوونی نەخۆشی شەکرەو مەترسیتر.

لەنوێترین بڵاوکراوەی وەزارەتی تەندروستی میرنشینەکانی بەحرەین کەبۆ هاووڵاتیانو ئاگاداربوونیان لەزیانەکانی خواردنەوە گازییەکان بڵاوکراوەتەوە. چەندین مەترسیتری زۆر خواردنەوەی خواردنەوە گازییەکان خراوەتەڕوو.

**ئاگاداری زیانەکانی خواردنەوە گازییەکان بن**

لەبەر رۆیشتنی ئاوی جەستە بەهۆی خواردنەوە گازییەکانەوە، خواردنەوە گازییەکان ئاوی جەستە کەمدەکاتو لەبەری دەڕوات، لەجیاتی ئەوەی بڕی ئەو ئاوە زیادبکات، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەدەبێتە هۆی میزکردنی زیاتر، بۆ پڕکردنەوەی ئەو ئاوەی لەجەستە رۆیشتووە لەماوەی خواردنەوەی پەرداخێک لەخواردنەوەی گازی، جەستە پێویستی بەبڕێکی زۆر ئاو هەیە بۆ جێگرتنەوەی ئەو ئاوە رۆیشتووە، هەر بۆیە خواردنەوەی خواردنەوە گازییەکان تینوێتیمان ناشکێنێت، بەڵکو وشکبوونەوەمان زیاددەکات.

هەروەها زۆر خواردنەوەی خوارنەوە گازییەکان، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی توشبووان بەکێشی زیاد، لەبەرئەوەی خواردنەوە گازییەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە بڕێکی زۆر شەکری تێدایە، لەهەندێکیاندا دەگاتە حەوت کەوچکی چا، هەر بۆیە یەکەی وزەبەخشەری زۆر بەرزە لەکاتی خواردنەوەیاندا.

**بەرزی رێژەی خواردنەوە گازییەکان مەترسیدارە**

خواردنەوە گازییەکان رێژەیەکی پێکهاتەی فۆسفۆری تێدایە کەبوونی ئەم بڕە زۆرە، دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی کانزا بنەڕەتییەکانی وەک کالسیۆم لەجەستەدا، بەهۆیەوە مەترسی تووشبوون بەکرۆکبوونی ئێسکەکان زیاددەکات.

بەرزی پێکهاتەی شەکر لەخواردنەوە گازییەکاندا، هانی رژێنی پەنکریاس دەدات کەهۆڕمۆنی ئەنسۆلین بڕژێنێت، ئەم کارەش دەبێتە گۆڕانی ناوەختی رێژەی شەکر لەخوێندا، کەدەشێت ببێتە هۆی زیادبوونی مەترسی تووشبوون بەنەخۆشی شەکرەو نەخۆشییەکانتر بەدوای ئەودا.

**دەبێتە هۆی کەموکوڕی هەرسکردن**

لەکاتێکدا زیادبوونی رێژەی شەکر لەو خواردنەوە گازیانەدا کە لەپێکهاتەکانیاندا مادەی کافین هەیە، ئەوەش دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی چالاکی هەرس کەدواتر بڕی مژینی مادە سودبەخشەکان کەمدەبێتەوە لەو خواردنانەی دەیخۆین.

**دەبێتە هۆکاری خەمۆکیو هیلاکبوون**

بەهۆی ئەوەی کەمادەی کافینو مادە پیشەسازییەکانیتر کەدەکرێنە خواردنەوە گازییەکانەوە، زۆر خواردنەوەی دەبێتە هۆی هەستکردن بەخەمۆکیو هیلاکبوون.

خواردنەوە گازییەکان بڕێکی زۆربەرزی مادە ترشەڵۆکەکانی تێدایە، بەهۆی پێکهاتەی ترشەکانی فۆسفۆرو ستریکو چەندەها ترشیتر، ئەو مادە دروستکراوانە دەکرێنە ئەو خواردنانەوە، هەربۆیە ئەو قوتوانەی خواردنەوەکانی تیادا هەڵدەگیرێت، تووشی داخوران دەبن لەدوای ماوەیەکی زۆر لەهەڵگرتن، کەدواتر ئەو مادە تواوانە دەچنە ناو خواردنەوە گازییەکانەوەو هاووڵاتیان دەیخۆنەوەو بەهۆیەوە توشی چەندەها نەخۆشی درێژخایەن دەبن.

خواردنەوە گازییەکان رێژەیەکی زۆری گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی تێدایە، کەزیان بەخانەکانی جەستە دەگەیەنێت.

پیکهاتووە لەچەندەها مادەی دروستکراو کەدواتر رێژەی تووشبوون بەنەخۆشییە درێژخایەنەکانو شێرپەنجە زیاددەکات.

# «ئۆپۆزیسیۆن لەشەڕی پەرلەمانیدا شکستیهێناوە، دەیەوێت لەشەڕی میدیادا سەرکەوتووبێت»

## نووسەرو رووناکبیر رێبین رەسوڵ بۆ دەستوور



سازدانی: وریا حەمە تاهیر

بەشی دووەمو کۆتایی

رێبین رەسوڵ ئیسماعیل نووسەرو رووناکبیر لەبەشی دووەمو کۆتایی چاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، دەڵێت ئۆپۆزیسیۆن دوچاری قەیرانێکی سەخت هاتووە، بەجۆرێک لیستی دەسەڵات خۆیشی پێی وانەبوو ئاوا بەئاسانی دەتوانێت کۆنترۆڵی جوڵەو بیرکردنەوەیان بکات. ئاماژە بەوەشدەکات کە بەناچاری ئۆپۆزیسیۆن هانا دەباتەوە بەر میدیا، لەشەڕی پەرلەمانی شکستدێنێت، دەیەوێت لەشەڕی میدیادا سەرکەوتووبێت، هەموومان دەزانین ئەو سەرکەوتنەی میدیاش پێش ئۆپۆزیسیۆن هەبووەو وتی «تەنانەت ئەو میدیایە بوو ئۆپۆزیسیۆنی دروستکرد، وەکو قەبارەی سیاسی‌و پاڵپشتیکرد تاکو بگاتە نێو پەرلەمان».

رێبین دەڵێت «بەڕاستی لەسەرەتادا دەسەڵات ترسی زۆری لەئۆپۆزیسیۆن هەبوو، ئێستا دوای دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن بەوێنەی راستەقینەی خۆی، ئەو ترسە نەماو دەسەڵات بەو شێوەیە پەرلەمان بەڕێوەدەباتو ئاڕاستەدەکات کەخۆی گەرەکییەتی‌و ئەوەش مافی خۆیەتی وەکو زۆرینەی دەسەڵات».

دەستوور: هەست بەوە دەکرێت گۆڕان روانگەو دیدێکی جیای بۆ بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، پێ نییە. ئایا پێویست نییە لایەنی ئۆپۆزیسیۆن ئەو جیاوازیانە بەڕوونی بۆ خەڵک بخاتەڕوو؟

رێبین رەسوڵ: خۆ گۆڕان لەمەریخەوە نەهاتووە، ئەوانیش خەڵکی ئەو هەرێمەن کە بەشێوەیەکی گشتی لەنێو قەیراندایە، گۆڕانیش ئێستا بوونەتە بەشێک لەقەیرانەکە، راستە ئەوان وتیان پشتمانبگرن ئێمە چارەسەریمان پێیە، ئێمەش پشتمانگرتن‌و وتمان فەرموون وەرنەپێشەوە، هەر ئەوەندە کاری ئێمەیە کەبیانهێنینە پێشەوە، ئێستاش ئەوانیش دۆشداماون‌و دەڵێن ئەو بارودۆخە وا چاکنابێت، ئەو بارودۆخە چۆن چاکدەبێت ئەگەر تۆ پرۆژەت نەبێت؟، ئەگەر تۆ روانینت نەبێت؟ ئەگەر تۆ ئازایەتی کاری ئاشکرای جەماوەریت نەبێت؟ ئەگەر میکانیزمێکت پێنەبێت بۆ ئازادکردنی جەماوەرو خەڵک لەژێر فشاری دەسەڵاتدا؟ ئەگەر نەوێری بڵێی ئەرێ وەڵڵا ئەوە منم خەڵک لەدژی دەسەڵات هاندەدەمو دەبێت داواکەیان بێتەدی ئەگینا دەست هەڵناگرین، لەکۆتاییدا با ئەوە لەبیرنەکەین، هەر مووی شەڕی سامان‌و دەسەڵاتە، شەڕی ئەوەیە کێ زۆرتری بەردەکەوێت‌و کێ کەمتر.

دەستوور: خەڵک چاوەڕوانی زیاتری لەئۆپۆزیسیۆن بەتایبەت

> ئێستا ئۆپۆزیسیۆن دوچاری قەیرانێکی سەخت هاتووە، بەجۆرێک لیستی دەسەڵات خۆیشی پێی وانەبوو ئاوا بەئاسانی دەتوانێت کۆنترۆڵی جوڵەو بیرکردنەوەیان بکات

گۆڕان دەکرد، مەسەلەکە ئەوەیە کەگۆڕان نەیتوانی لەئاست ئەو بەڵێنانە بێت کە بەخەڵکی داون، یان خەڵک تێگەیشتنی ناواقیعیان هەبووە بۆ ئۆپۆزیسیۆن، یاخود هۆیەکی دیکە هەیە؟

رێبین رەسوڵ: نەخێر، خەڵک تێگەیشتنی راستیان هەیە بۆ کاری ئۆپۆزیسیۆن، ئەوە برادەرانی گۆڕانن کەناتوانن ئەو بەڵێنانە بەدیبێنن کە بەخەڵکیان داوەو هەست بەلاوازی دەکەن لەئیشوکاری خۆیاندا، بەشێکیان لەئاستی کارێکی ئاوا گەورەی پەرلەمانیدا نین‌و بەلاش دانراون‌و لەکێشە زیاتر هیچیان بۆ لیستەکەیان پێ نییە. بەشێک لەو برادەرانە وا دەزانن کاری پەرلەمانی هەر قسەیەو شەو و رۆژ لەقسەکردن ناوەستن لەبەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکاندا، بەڵام کاتێک کار دێتە سەر پرۆژەی پەرلەمانی‌و کاری جیدی، هیچیان پێ نییە. بەڵێ خەڵک چاوەڕێی کاری جیدی‌و گرنگن، بەڵام بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانی گۆڕان ناتوانن ئەو کارە بەجێ بگەیەنن. بێگومان با لێرەدا ئەوەش بڵێم کاری پەرلەمانی کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتیش بۆ ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام ئەوان خۆیان بەئارەزووی خۆیان ئەو رێگایەیان هەڵبژاردووەو ئێمەش لەو روانگەیەوە چاودێریان دەکەین‌و قسەیان لەسەر دەکەین، ئێستاش درەنگ نییە ئەگەر مەسەلەکە سەروەت‌و سامان‌و دەسەڵات نییە، دەکرێت بەشێک لەو برادەرانە دەست لەکار بکێشنەوەو رێگا بۆ کەسانیتری لیستەکەی خۆیان بکەنەوە، بێنە نێو پەرلەمان کەدەتوانن ئەو ئەرکە گرانە بەجێبگەیەنن، بەوەش گەورەتر دەبن، نەوەکو بچوکببنەوە.

دەستوور: بۆچی دەسەڵات لەئۆپۆزیسیۆن دردۆنگە، مەسەلەکە لەوەدایە کەدەسەڵاتدارانی هەرێم (پارتی‌و یەکێتی) پێیانوایە مادام ئەوان خەباتیانکردووە، هەر دەبێت ئەوانیش حکومڕانی بکەن؟

رێبین رەسوڵ: ئەوە هەر بەتەنیا لەکوردستاندا نییە، لەهەموو دونیادا دەسەڵات ئاسودە نییە بەئۆپۆزیسیۆن، تەنیا لێرە نەبێت، ئۆپۆزیسیۆن دەیەوێت دەسەڵات ملکەچیان بۆ بکات‌و پرۆژەکانی ئەوان بخاتە بەرنامەو جێبەجێیان بکات، ئەوەش تێگەیشتنێکی هەڵەیە لەکاری پەرلەمانیدا. پێم بڵێ لەچ وڵاتێکدا دەسەڵات رێگەیداوە پرۆژەیەکی ئۆپۆزیسیۆن بەئاسانی تێپەڕێت؟ ئەوە ململانێیە لەسەر کارو

> پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن کاتێک چوونە نێو هۆڵی پەرلەمان، هەستیان بەلاوازی خۆیانکرد لەئاست دەسەڵات، خۆیان گرمۆڵەکردو لەبری ئەوەی بەشداری ئیجابییان هەبێت، بەشداری سلبیان هەبوو

> ئاساییە ئەگەر لیستی کوردستانی حەزنەکات لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن کاری هاوبەش بکات، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت لیستی کوردستانی ناچاری کاری هاوبەش بکات

پرۆژەو هەر لیستێک کار بۆ خۆی دەکات، بەڵام ئەوەش مانای وا نییە کەناکرێت رێککەوتن بکرێت تاکو کاری هاوبەش سەرکەوتووبێت، بەردەوام بواری ئەوە هەیە سەفقەی سیاسی بکرێت، وەکو ئەوەی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیدا هەیە، کاتێک چەند پرۆژە یاسایەک بەیەک سەفقەی سیاسی تێدەپەڕێنرێت، بەڵام برادەرانی گۆڕان‌و ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی نەیانتوانیوە ئەوەندەش بکەن‌و لیستی کوردستانی ناچاربکەن ئەو جۆرە سەفقانەی قبوڵ بێت. بڕواناکەم تائێستاش ئۆپۆزیسیۆن تەرحێکی وای کردبێت تاکو بتوانێت هەندێک دەسکەوت، ئەگەر بچوکیش بێت، بەڵام رەنگە بۆ ساڵی یەکەم گرنگ بێت، بەدەستیبهێنن. تۆ کە تەرحت نەبوو، دەنگت نەبوو، ناتوانیت بەتەپڵلێدان پرۆژە یاسا بخەیتە کار. کاری پەرلەمانی، واتا کاری هاوبەش‌و تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان لیستەکاندا، ئاساییە ئەگەر لیستی کوردستانی حەزنەکات لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا کاری هاوبەش بکات، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت لیستی کوردستانی ناچاری کاری هاوبەش بکات، ئەگەر میکانیزمی کاریان هەبێت، بۆیە کەنییانە ئەوە هەڵەو کەموکوڕی خۆیانە، هیچ کات دەسەڵات لەهیچ شوێنێکی دونیادا ناڵێت ئۆپۆزیسیۆن فەرموو پرۆژەکانتان پێشکەشبکەن، با ئێمەش پشتگیریتان بکەین، ئەوە رۆمانسیەتی سیاسییە کەتۆ چاوەڕوانبیت دەسەڵات دەرفەتت پێبدات کاری خۆت بکەیت‌و رێگریت لێنەکات.

دەستوور: تێگەیشتنت بۆ چاوەڕوانییەکانی دەسەڵات لەئۆپۆزیسیۆن چۆنە؟ دەسەڵات دەڵێت با ئەوان تەنها هەر رەخنە نەگرن، دەستخۆشیش لەکارە باشەکانمان بکەن.

رێبین رەسوڵ: بەڕاستی لەسەرەتادا دەسەڵات ترسی زۆری لەئۆپۆزیسیۆن هەبوو، ئێستا دوای دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن بەوێنەی راستەقینەی خۆی، ئەو ترسە نەماو دەسەڵات بەو شێوەیە پەرلەمان بەڕێوەدەباتو ئاڕاستەدەکات کەخۆی گەرەکییەتی‌و ئەوەش مافی خۆیەتی وەکو زۆرینەی دەسەڵات. ئەو ترسەی سەرەتا لەئۆپۆزیسیۆن هەبوو، دەرکەوت راستەقینە نەبوو، وێنەیەکی وەهمی بوو گوڕوتینی بەشداری خەڵک لەهەڵبژاردنەکان دروستیکردبوو، بۆیە کاتێک رۆڵی خەڵک تەواوبوو، پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن بەتەنیا بەبێ خەڵک چوونە نێو هۆڵی پەرلەمان، هەستیان بەلاوازی خۆیانکرد لەئاست دەسەڵاتدا، خۆیان گرمۆڵەکردو لەبری ئەوەی بەشداری ئیجابیان هەبێت، بەشداری سلبیان هەبوو، تەنانەت بوونە هۆی لاوازکردنی کاری پەرلەمانیش، کاتێک ترسێکی ساختەیان لەلای لیستی کوردستانی دروستکردو ناچاریانکردن نەوێرن پرۆژە یاسا بخەنەڕوو بۆ گفتوگۆ، بۆیە دەبینین لەماوەی ساڵێکدا چەند پرۆژەیەک بڕیاریان لێدراوە کە لەپەنجەی دەست تێناپەڕن، ئەوەیتر هەمووی خوێندنەوەی یەکەمە بۆ هەندێک پرۆژە یاسا کەرەنگە لەو خولەی پەرلەماندا هەر گرنگ نەبێت‌و نەخرێتە بەر گفتوگۆش، بەڵام کاری پەرلەمانی وەکو شەترەنج وایە، یاریزانی بەتوانا دەزانێت، دەبێت لەچ کاتێکدا چ هەنگاوێک بهاوێژێت، برادەرانی ئۆپۆزیسیۆن تا ئێستاش نازانن کەی دەبێت سەربازەکان بجوڵێنن‌و کەی فیل‌و قەڵاو وەزیر، بۆیە ئاساییە کەئێستا دوچاری قەیرانێکی سەخت هاتوون، بەجۆرێک لیستی دەسەڵات خۆیشی پێی وانەبوو ئاوا بەئاسانی دەتوانێت کۆنترۆڵی جوڵەو بیرکردنەوەیان بکات، ناچار ئۆپۆزیسیۆن هانا دەباتەوە بەر میدیا، لەشەڕی پەرلەمانی شکستدێنێت، دەیەوێت لەشەڕی میدیادا سەرکەوتوو بێت، کە هەموومان دەزانین ئەو سەرکەوتنەی میدیاش پێش ئۆپۆزیسیۆن هەبووە، تەنانەت ئەو میدیایە بوو ئۆپۆزیسیۆنی دروستکرد وەکو قەبارەی سیاسی‌و پاڵپشتیکرد تاوەکو بگاتە نێو پەرلەمان.

# بارزانیو پارتی لەبەرهەم ساڵح توڕەن

## پاڵاوگەکانی نەوت هی بەرپرسانن، لەوانە بەرهەم ساڵحو ئاشتی هەورامی


بەرهەم ساڵح دانی نا بە بەقاچاخبردنی نەوت و ئاشتی هەورامیش ڕەتیدەکاتەوە

فەرمان خێڵانی

مەسعود بارزانیو پارتی، گوماندەکەن بەرهەم ساڵح زانیارییەکانی لەبارەی قاچاخچێتی نەوتەوە بەرۆژنامەی نیویۆرک تایمز دابێت، لەوەش توڕەن کەئاماژەی بەفرۆشتنی نەوت بەڕێگەی قاچاخ لەسنوورەکانی هەرێمەوە داوە.

دوای ئەوەی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز راپۆرتێکی لەبارەی ناردنەدەرەوەی نەوت بەشێوەی قاچاخ لەهەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران بڵاوکردەوە، چەندین کاردانەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە بەدوای خۆیدا هێنا، حکومەتو کاربەدەستانی هەرێمی ناچارکرد چەند بڕیارێک لەبارەی قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە دەربکەن.

**بارزانی لەبەرهەم ساڵح توڕەیە**

رۆژی چوارشەممە ٢٠١٠/٧/١٤ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، کەبەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت ئامادەبوو، بارزانی باسی راپۆرتەکەی نیویۆرک تایمزی کردو ئەنجومەنی وەزیرانی راسپارد کەرێگری بکەن لەناردنەدەرەوەی نەوتو بەرهەمەکانی بۆ دەرەوەی هەرێم.

سەرچاوەیەکی ئاگادار رایگەیاند مەسعود بارزانی رەخنەی لەحکومەت گرتووە، چونکە پێشتر داوای داتای لەبارەی کۆمپانیاکانی نەوتەوە کردووە، بەڵام بۆیان نەناردووە.

ئەو سەرچاوەیە وتی "بارزانی بەرپرسانی حکومەتی بەخەمسارد داناوە، لەبەرامبەر بازرگانی نایاساییو بەقاچاخبردنی نەوت لەسنوورەکانەوە".

رۆژنامەی رۆژنامە کە لەژمارە ٥٩١ی سێشەممە ٢٠١٠/٧/٢٠ بڵاویکردووەتەوە، کە کەناڵە رەسمییەکانی پارتی روونکردنەوەیەکیان بەناوی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەدژی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی وەزیری نەوتی عێراقی بڵاوکردەوە، بەڵام ئەو روونکردنەوەیە نە لەسایتی رەسمی حکومەتی هەرێمو نە لەسایتو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانی یەکێتییەوە بڵاونەکراوەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەئەنجومەنی وەزیرانەوە بەرۆژنامەی رۆژنامەی راگەیاند، ئەو روونکردنەوەیە لەلایەن پارتییەوە نووسراوەو د. بەرهەم بەهیچ شێوەیەک لەنووسینی ئەو روونکردنەوەیە ئاگادار نییەو پرسیشی پێنەکراوە.

سەرچاوەکان دەڵێن بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز لەبارەی ناردنەدەرەوەی نەوت لەهەرێمی کوردستانەوە بەقاچاخ بۆ ئێران، پارتی نیگەرانکردووە، بەتایبەت ئەو زانیاریانەی لەراپۆرتەکەدا لەزاری سەرچاوەیەکی باڵای هەرێمی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، چونکە پارتی گومانی ئەوە دەکات، کەبەرهەم ساڵح ئەو زانیارییانەی دابێت بەنیویۆرک تایمز، بەو هۆیەوە پارتی لەبەرهەم ساڵح توڕەیە.

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، وتی "پارتی گومانی لەوە هەیە، کەبەرهەم ساڵح ئەو زانیارییانەی بەقازانجی حسێن شەهرستانی دابێتە نیویۆرک تایمز، چونکە ئەویش لەباشوورو ناوەڕاست کارئاسانی بۆ ئەو کۆمپانیایانە کردووە، کە لەبەرهەم ساڵحەوە نزیکن".

**بازرگانی نایاسایی نەوت ڕاناگیرێت**

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز، بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بڕیاریدا بەراگرتنی ناردنەدەرەوەی نەوتی بەرێگەی قاچاخ، هەروەها لەبڕیارەکەدا هاتووە "خاوەن پاڵاوگە بچوکەکان، بۆیان هەیە بەهاوکاریی وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی، پاڵاوگەکانیان بگۆڕن بۆ بەکارهێنانی لەکەرتێکی تری پیشەسازیدا، یان بیگوازنەوە بۆ دەرەوەی هەرێم یان بەتەواوی لایبەرن".

هەر لەبڕیارەکەدا هاتووە "نابێت بەهیچ شێوەیەک نەوتی خاو دابینبکرێت بۆ پاڵاوگە بچوکەکان لەدوای دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی خاو بۆ دەرەوەی هەرێم". ئەوەش واتای ئەوەیە هەتا نەوتی هەرێم لەڕێگەی لوولەنەوتییەکانی عێراقەوە رەوانەی دەرەوە نەکرێت، ئەوا نەوتی خاو بەپاڵێوگەکان دەفرۆشرێت.

هەروەها لەبڕیارەکەدا هاتووە: نەوتەکە دەڕوات، بەڵام بەئاگاداریی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

لەکاتێکدا بەرهەم ساڵح بڕیار بۆ راگرتنو فرۆشتنی نەوت دەردەکات، پێشتر رایگەیاندووە ئاگای لەپارەی فرۆشتنی ئەو نەوتە نییە.

عەبدوڵڵای مەلا نوری ئەندامی لیژنەی پیشەسازیو سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت دەرفەتی هێشتووەتەوە بۆ ئاودیوکردنی نەوت بۆ وڵاتانی دراوسێ".

**بەرپرسان خاوەنی کۆمپانیاکانن**

بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو نەوتەی رەوانەی ئێران دەکرێتو ئەو کۆمپانیایانەشی ئەو کارە دەکەن، لەلایەن چەند بەرپرسێکەوە سەرپەرشتی دەکرێن، بۆیە وەستاندنی رەوانەکردنی نەوت بۆ ئێران، بەزەحمەت دەزانرێت.

پێشتر رۆژنامەی دەستوور لەژمارە ١٠دا بڵاویکردەوە کەکۆمپانیاکانی نەوت لەلایەن بەرپرسو کوڕی بەرپرسو خزمی بەرپرسەکانەوە قۆرخکراون، بۆ نمونە، (کۆمپانیای شیرین) کۆمپانیای نەوتی رەشەو هی کوڕەکانی سالاری حەمە ئاغایە کەدەکاتە خاڵی نێچیرڤان بارزانیو لەکەرکوکو بێجیەوە نەوتی رەش هەناردەی دەرەوە دەکات، هەروەها کۆمپانیای (ئەربیل ستیل) کەقاچاخچێتی بەنەوتی رەشەوە دەکات، هی نیهاد بارزانی برای مەسعود بارزانییە.

هەر بەپێی ئەو زانیاریانە کوڕێکی دانای ئەحمەد مەجید پارێزگاری پێشووی سلێمانی، کۆمپانیایەکی گواستنەوەی نەوتی رەشی هەیە، کە لەسنورەکانی هەرێمەوە ئاودیوی ئێرانی دەکات، هەروەها دڵشاد پیرۆت نوێنەری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەت لەشاری کەرکوک کەسەرپەرشتی پرۆژەکانی دەکرد، بەشدارە لەپشکی بەشێک لەو کۆمپانیایانەو سەرپەرشتیان دەکات، هاوکات عەرەبێکی دانیشتوی موسڵ بەناوی غانم عەلی لەلایەن چەند بەرپرسێکی حیزبیی هەرێمەوە، پشتگیری لێدەکرێتو کۆمپانیای گواستنەوەی نەوتی رەشی هەیە بۆ تورکیاو نووسراوی ئەو بەرپرسانە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت.

هەروەها کۆمپانیای قەیوان بەیەکێک لەگەورەترین کۆمپانیاکانی بواری فرۆشتنی نەوتی رەش دادەنرێت، کە لەبەرهەم ساڵحی سەرۆکی حکومەتەوە نزیکە.

سەرچاوە ئاگادارەکە وتی "ئەم کۆمپانیایانە بەناوی فرۆشتنی نەوتی رەشەوە کاردەکەن، بەڵام بەزۆری نەوتی خاوی کێڵگەکانی هەرێم بەقاچاخ دەبەن بۆ ئێرانو تورکیا".

هەریەک لەکۆمپانیاکانی (ئاکۆ)و (عەلی) تائێستا روونەبووەتەوە کە لەلایەن چ بەرپرسێکەوە پشتگیریدەکرێن، کەکۆمپانیای گواستنەوەی نەوتی رەشنو رۆژانە نەوت رەوانەی ئێران دەکەن.

هەروەها هەریەکە لەکۆمپانیاکانی (هیجە، مون، ئیدڵ ئیرتەجی، قەمەر ساتع، جبل اسود) کە هی چەند بەرپرسێکی تری حکومیو حیزبین لەکۆگای سەلاحەدینەوە نەوتی رەشو خاو دەگوازنەوە بۆ تورکیا.

سەرچاوە ئاگادارەکە وتی "لەنزیک کەرکوکو لەسەر رێگەی کەوەڵە بەدەستی راستدا لەنزیک خانووەکەی بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی، پاڵاوگەیەکی گەورەی نەوت هەیە، لەگەڵ ٣ پاڵاوگەی تری نەوت لەناو کەرکوکدا هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ تابلۆیەکیان لەسەر بێت، جگەلەوەش چەندان چەکدار پاسەوانی ئەو پاڵاوگانە دەکەن، کە لەوەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگری عێراق موچە وەردەگرن، بەڵام د. بەرهەم بەپەیوەندی شەخسی خۆی لەگەڵ بەرپرسانی عێراقدا، ئەو چەکدارانەی کردووە بەپاسەوانی ئەو پاڵاوگانە".

ئەو سەرچاوەیە درێژەی پێداو وتی "بەپێی وتەی بەرپرسانی ئەم پاڵاوگانە، هەر ٤ پاڵاوگەکە هی د. بەرهەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمە، بۆیە تەواوی خزمەتگوزاری لەشەقامو گڵۆپکاریو رووناکیو هێماکانی هاتوچۆی بۆ دابینکراوە، لەکاتێکدا لەناو گەڕەکە پێشکەوتووەکانی کەرکوکیشدا ئەو خزمەتگوزاریانە ئەنجامنەدراوە".

هەروەها لەبڕیارەکەی د. بەرهەمدا بۆ داخستنی پاڵێوگەکانی هەرێم، ئاماژە بەوەدراوە کەدەتوانن ئەو پاڵێوگانە ببنە دەرەوەی سنوری هەرێم. نەوەک خاوەن پاڵێوگەکان بڵێن بۆچی پاڵێوگەکانی خۆی داناخات، بیانووی ئەوەیە کەئەوانەی خۆی لەدەرەوەی سنوورەکانی هەرێمن.

لەلایەکی ترەوە پاڵاوگەیەکی نەوت لەبەردەقارەمان هەیەو ٢ بیری نەوتیش لەهەریەک لەگوندەکانی کوپەلەو ئەلاقولی نزیک بەردەقارەمان لێدراون، بەپێی زانیارییە بەردەستەکان، ئەم پاڵاوگەو بیرە نەوتانەی بەردەقارەمانو ئەو دوو گوندە هی ئاشتی هەورامین.

عەبدوڵڵای مەلا نوری وتی "ئێمە ناتوانین بەتەواوی بڵێین ئەو پاڵاوگانە هی کێن، بەڵام بەسروشتی کارکردنیان دیارە هی کەسانی خاوەن دەسەڵاتن یان بەرپرسانیان لەپشتەوەیە".

عەبدوڵڵا وتی "لەبەرئەوە دەبینین سلێمانی چەند پاڵاوگەو کۆمپانیایەکی نەوتی تێدایەو بە بەرچاوی حکومەتو دەزگا ئەمنییەکانەوە نەوتی رەشیان بەسەر شەقامەکاندا دەڕژێتو دەیگوازنەوە، دوکەڵەکەشی دەکەن بەسەر هاووڵاتیانی شارەکەدا، هەر بەرپرسان خۆیشیان دان بەناشەرعییەتی ئەو کۆمپانیایانەدا دەنێن، کەچی داشناخرێن".

کەس نازانێت داهاتەکەی بۆ کوێ دەچێت

هەرچەندە تائێستا داهاتی نەوتی هەرێم، نەخراوەتە سەر بودجەی گشتیو پشتڕاست نەکراوەتەوە ئاخۆ پارەی ئەو نەوتەی فرۆشراوە چی لێهاتووەو دراوە بەکێ، بەرپرسانی هەرێمیش لێدوانی پێچەوانەو دژ بەیەک دەدەن لەسەر داهاتی نەوتی فرۆشراوی هەرێم بۆ وڵاتانی دراوسێ.

بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت لەبڕیاری راگرتنی ناردنەوەی دەرەوەی نەوت بەقاچاخ، دان بەناردنەدەرەوەی نەوتدا دەنێت بەشێوەی قاچاخ.

لەبەرامبەردا ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، لەلێدوانەکانیدا بۆ راگەیاندنەکان ئاماژەی بەوەداوە "بازرگانیکردن بەنەوتی هەرێمەوە نەبووەو ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم بەئاگاداریی حکومەتو بەشێوەیەکی ئوسوڵی هەناردەی دەرەوە دەکرێت، بەڵام جاربەجار لەعێراقەوە بەقاچاغ نەوتی عێراق ئاودیو دەکرێت".

بەڵام کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا وتی "داهاتی ئەو نەوتەی رەوانەی ئێران دەکرێت، دەیخەینە بانکێکەوەو دواتر لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیو پرۆژەی تایبەتدا بەکاریدەهێنینەوە".

هاوکات بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی هەرێم لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا وتی "یەک دیناری نەوتی هەرێم نەخراوەتە سەر حساباتی بودجە".

شۆفێرێک لەو شۆفێرانەی کەرۆژانە نەوتی خاو لەکێڵگە نەوتییەکانی بازیانو فەرەج ئاوای سلێمانییەوە رەوانەی ئێران دەکات، وتی "ئێمە رۆژانە لەفەرەج ئاوای سلێمانیەوە ٨٠٠ تەنکەری سی هەزار لیتری نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان دەگوازینەوە بۆ بەندەر عەباسو بەندەر ئیمامی ئێرانو لەوێشەوە دەنێرێت بۆ وڵاتانی ئەوروپاو چین، واتا دەکاتە ٢٤ ملیۆن لیتر نەوتی خاو لەشەو و رۆژێکدا، بەڵام نازانم لەبازیانو هەولێرەوە رۆژانە چەند تانکەر نەوت دەگوازرێتەوە بۆ ئێران".

ئەو شۆفێرە کەخەڵکی کرماشانی ئێرانە، خۆی بەخەسرا ناساند، وتی "دەبێت ساڵانە ٥ ملیار نەوتی خاو ببەینە ئێران بەبێ گومرگ، ئێمەش بۆیان دەگوازینەوە".

عەبدوڵڵای مەلا نوری دەڵێت یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێک کاروباری پرۆسەی نەوتی رێکخستووە، کە تائێستا ئەو یاسایە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

عەبدوڵڵا وتی "کارپێنەکردنی ئەم یاسایە گومانی لای ئێمە دروستکردووە، بەو مانایەی کەمادام حکومەت نایەوێت یاسایەکی رێکوپێک بەکاربخات، کەواتە دەیەوێت هەندێ کاری نایاسایی گوماناوی لەپشتی یاساوە ئەنجامبدات".

عەبدوڵڵا ئاشکرایکرد "بەپێی ئەو ئامارانەی بەهەوڵی شەخسی دەستکەوتووە، رۆژانە تەنیا لەکێڵگە نەوتییەکانی شیواشۆکو لەسێ دەروازەی نێوان هەرێمو ئێرانەوە زیاد لە١٠٠٠ تانکەر نەوت دەرکراوەو گواستراوەتەوە بۆ پاڵاوگە ناشەرعییەکانی هەرێمو برێکیشی رەوانەی ئێران کراوە".

هەروەها دەڵێت بۆ نمونە، تەنیا یەک رۆژ لەکێڵگە نەوتییەکانی تەقتەقەوە ٣٨٤ تەنکەر نەوت رەوانەی ئێران کراوە، کەهەر تەنکەرەی ٢٨ تەن نەوتی بارکردبوو، بۆ هەر تەنێکیش ٣٨٥ دۆلار وەرگیراوە، بەم پێیەش مانگانە داهاتی تەنیا ئەم تەنکەرە نەوتانەی تەقتەق دەکاتە زیاتر لە٢٦٠ ملیۆن دۆلار کەدەچێتە گیرفانی بەرپرسانو یەکێتیو پارتییەوە.

# بەغداد... وەهمی پایتەختێك بۆ هەمووان

ئارام رەفعەت

دوای حەوت ساڵ لەئامادەیی کاراو کەم وێنەی کورد لەبەغداد، ئێستا لەهەر کاتێک زیاتر پرسیارو گومانی ئەوە یەخەمان پێ دەگرێت، کەئایا دەکرێت بەغداد پایتەختێک بێت بۆ کوردیش؟ گومانو پرسیارەکان هەر لەوە سەرچاوە ناگرن، کەجارێکیتر خەریکە کورد پەراوێزدەخرێتو لەبەغداد نەبان دەکرێت، بەڵکو لەوەشدایە کە لەرووی مێژووییەوە کوردو بەغداد ئەزموونێکی تاڵ و نێگەتیڤیان پێکەوە هەیەو بەغداد نامۆیە بەکلتووری بەشدارییپێکردنی کوردو کوردیش هەمیشە لەهەوڵی دوورکەوتنەوە بووە لەقەڵەمڕەوی بەغداد.

بۆ ئەوەی لەچەمکی پایتەختێک بۆ هەمووان تێبگەین، پێویستە بەتایبەتمەندییەکانی پایتەخت ئاشنا بین. لەرووی مێژووییەوە، پایتەختەکان پانتاییەکی ئەرێنیو ئومێدبەخشییان لەیادەوەری پێکهاتەکانی وڵاتدا داگیرکردووە. پایتەخت سیمبۆلی سەروەریو دەسەڵاتی نیشتمانیو سەنتەری بڕیاری هەر وڵاتێکە. چەقی قورسایی دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریو رۆشنبیری وڵات لەپایتەختدا کۆدەبێتەوەو هەر لەپایتەختیشەوە حوکمڕانیو ئیدارەی وڵات دەکرێتو لەوێشەوە بڕیارە چارەنووسسازەکانی وڵات دەدرێنو یاساکان دادەنرێنو جێبەجێدەکرێن. پایتەخت ئەو پنتەشە کە ناوچەو هەرێمە جیاوازەکانی وڵاتی تێدا یەکدەگرێتەوەو جێگای بەیەکگەیشتنو کۆبوونەوەی نوێنەرانی نەتەوەو ئیتنیکو ئاینو تایەفەو چینو توێژە جیاجیاکانەو بەرژەوەندیو پرۆژەو تێڕوانینە جیاوازو هەندێکجار دژەکانیش بەیەکدەگەیەنێت.

ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئایا دەکرێت بەغداد پایتەختی کوردیش بێت. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، تیۆری ئەنتۆنی سمیپ تایبەت بەدەوڵەتی نەتەوەیی دەبەستمەوە بەپایتەخت وەک سیمبۆلو ناسنامەی هاوبەشی پێکهاتەکانی ناو دەوڵەتی نەتەوەیی. بەگوێرەی سمیپ رەگەزەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەرکەوتوو بریتیین لەهەبوونی کلتوورو ئەفسانەو مێژووی هاوبەش. بەمانایەکیتر لای سمیپ دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەرکەوتوو، دەبێت ئەگەر هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە خاوەنی یادەوەری هاوبەش بن. بەهەمان پێودانگ، دەکرێت گروپە ئەتنیکیو ئاینییەکانی وڵاتێکیش پایتەختی ئەو وڵاتە بەهی خۆیان بزانن، ئەگەر پایتەختەکە یادەوەری هاوبەشی ئەو پێکهاتانەی لەخۆگرتبێت. لەروانگەی ئەزموونی مێژوویی بەغداد وەک پایتەختێک لەیادەوەری کورددا هەوڵدەدەم بابەتەکە تەتەڵبکەم.

بەغداد بۆ یەکەمجار لەنێوان ساڵانی ٧٥٠ بۆ ١٢٥٨ی زایینیدا پایتەخی عەباسیەکان بووەو دوای چەند سەدەیەکیش لەبیستەکانی سەدەی رابردووشدا بۆ جارێکیتر لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کرایەوە پایتەختی وڵاتێکی دەسکرد. لەهیچ کام لەم دوو خولەی پایتەختبوونەدا، هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانەو خەباتی هاوبەش رۆڵێکی نەبووە، بەڵکو لۆژیکی هێزو سەرکوتکاری ئەم شارەی کردووەتە پایتەخت. هەر بۆیەش، لەهەردوو خولەکەدا بەهێزی بەغداد مەینەتی بۆ گەلانی ژێردەستو لاوازیشی بوژانەوەی ئەو گەلانە بووە. بەشێکی کلتوورو عەقڵیەتی سیاسی ئەم سەردەمەی بەغداد درێژکراوەی هەمان ئەو کلتوورەیە کەبەغدای پایتەختی عەباسیەکانی لەسەر بونیاد نراوەو هەندێک کێشەی ئەمڕۆی عێراقیش پاشماوەی کێشەکانی ئەو سەردەمەن. بۆ نمونە، لەجیهانی ئیسلامیو بەتایبەت لەدیدی ناسیونالیزمی عەرەبی سوننەدا، سەردەمی عەباسییەکان بەچاخی زێڕین لەقەڵەمدەدرێت. ناسیونالیزمی عەرەبی شەرعیەتی باڵادەستی خۆیو ئایدیۆلۆژیەتی پان-عەرەبیزم لەدامەزراندنی دەوڵەتی-نەتەوەیی (لەراستیدا شێوە ئیمپراتۆریەتێک لەکەنداوەوە بۆ ئۆقیانوسی ئەتڵەسی) لەسەر ئەو یادەوەرییە بونیاد ناوە. بەغداد وەک میراتو پاشماوەی عەباسییەکان بەسیمبۆلو پایتەختی عروبە ناوزەددەکرێتو لە ناو جەرگەی بەغداد مەنسورو رەشیدی عەباسیەکان دەبنە رەمزی نەمری نەتەوەی عەرەب.

بەڵام ئەبو عەباسی سەفاحی دامەزرێنەری ئەو خەلافەتەو مەنسورو ئەلرەشیدی قارەمانی عروبە، هیچ پێگەیەکیان لەیادەوەری کورد (وەک نەتەوەیەک)دا نییە. بەڵام بۆ گەلی کوردستان بەغدادی عەباسییەکان جگە لەهەندێ لایەنی نەرێنی کەرەستەیەک نییە بۆ بونیادنانی پرۆژەیەکی نەتەوەیی. یەکێک لەو نمونە نێگەتیڤانە، کوشتنی ئەبو موسلیم خوراسانییە. ئەبو موسلیم رابەرایەتی جوڵانەوەیەکی دەکرد کەرۆڵی هەبوو لەبەدەسەڵاتگەیشتنی عەباسیەکاندا. بەڵام عەباسیەکان ئەبو موسلیم دەکوژنو شاعیرانی دەرباری عەباسیش تێرمی "کورد" وەک سیمبۆلی خیانەتکردنو هەجوو لەدژی ئەو بەکارهێنا. نمونەیەکیتر، ریزبەندی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان بوو (لەوانەش کورد) بەپلە دوو و سێو چوار، لەلایەن خەلیفەکانی ئەوسای بەغداد، بەم شێوەیە: مەوالی یان رەعیەت لەحاڵەتی لایەنگیریو ملکەچی بۆ خەلیفەدا (پلە دوو)، عەجەمو بێگانە لەکاتی بێ لایەنیدا (پلە سێ) و زەندیقو غەیرە دین لەحاڵەتی بەرهەڵستاکاریدا (پلە چوار). بۆیە بەغداد لەم روانگەیەوە، ناتوانێت وەک پانتاییەکی هاوبەش لەنێوان دوو گەلی کوردو عەرەبدا رۆڵ ببینێت.

هاوشێوەی کورد، بەغداد پێگەیەکی نەرێنی لەیادەوەری شیعەکانیشدا هەیە. لەبونیادی فیکری شیعیدا سەردەمی عەباسییەکان، تاریکترین برگەی مێژووییە. جێگای سەرنجە کە رێک هەمان ئەو خەلیفانەی کە لای سوننەکان سیمبۆلو پاڵەوانی نەتەوەیین، لای شیعەکان تاوانبارو بکوژی شەش ئیمام لەدوازدە ئیمامەکانی شیعەن. لەیادەوەری شیعەدا، شەشەم ئیمامی شیعەکان لەسەر فەرمانی خەلیفەی عەباسی ئەلمەنسوور دەرمان خواردکراوەو کوژراوە، حەوتەم ئیمام بەپیلانی هارون ئەلرەشید، هەشتەم بەبڕیاری خەلیفە ئەلمەئموون، نۆیەم بەفەرمانی خەلیفە ئەلموعتەسەم، دەیەم بەخیانەتی خەلیفە ئەلموعتەزو یازدەهەمیش بەدەسیسەی خەلیفە ئەلموعتەمەد کوژراون. بەم جۆرە لەرەهەندی مێژووییەوە ئەوەی کەپەیوەستە بەبونیادی فیکری شیعیو سوننیو کوردستانییەوە، بەغداد نەک ناوەندو پێگەیەک نییە بۆ کۆکردنەوەو بەیەکگەیاندنی ئەو سێ پێکهاتەیە، بەڵکو ئەو شوێنەیە کەهەرسێ پێکهاتەکان لەیەکتری دەترازێنێت.

رۆڵی مێژووی بەغداد وەک فاکتەری لێکترازاندنی کوردو شیعەو سوننە بەهەژموونێکی زیاترەوە شۆڕبووەتەوە بۆ ناو پێوەندییەکانی ئەم سەردەمەی ئەو پێکهاتانە. کوشتنو سەرکوتکردنی نەیارە نەتەوەییو ئاینییەکان لەهەشتا ساڵی رابردوودا، لەناوبردنی فیزیکی رابەرەکانەوە گۆڕا بۆ پاکتاوکردنی رەگەزی. بۆ نمونە، هەر لەناو خودی بەغدادا دوو تاوانی پاکتاوی رەگەزی لەچل ساڵەی رابردوودا پەیڕەو کراون. یەکەم پاکتاوی رەگەزی دژی کوردە فەیلییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو و بەئامانجی سنووردارکردنو بێ کاریگەرکردنی هەژموونی کوردی لەناو خودی پایتەختدا بەڕێوەچوو. لەم پرۆسەیەدا، کە لەحەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردوودا جێبەجێکرا، دەیان هەزار فەیلی نەک هەر لەناو جەرگەی بەغداددا (کەزێدی باوکو باپیرانیان بوو) دوورخرانەوە، بەڵکو رەوانەی وڵاتی ئێرانیش کران.

دووەم پرۆسەی پاکتاوکردنی رەگەزی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، کە لەلایەن هەریەک لەسوننەو شیعەکان لەدژی یەکتری ئەنجامدرا. هەرچەندە لەم پرۆسەیەدا هەریەک لەو دوو لایەنە ناوچەکەی خۆی لەلایەنەکەیتر پاککردەوە، بەڵام شیعەکان باڵادەستبوونو توانییان سێ لەسەر پێنجی بەغداد لەسوننەکان پاکبکەنەوە. بەم جۆرە بەغداد لەرابردوودا نەک هەر نەیتوانییوە پایتەختێک بێتو بەرژەوەندیەکانی هەمووان دابینبکات، بەڵکو نەیتوانیوە شارێکیش بێت کەژیانو ئەمنییەتی دانیشتوانەکانی خۆی (لەنەتەوەو ئاینە جیاجیاکان) بپارێزێت.

مەسەلەیەکیتر کەگرنگیو بایەخی خۆی هەیە ئەوەیە کەگەلی کوردستان نە رۆڵێکیان لەپایتەختبوونی بەغداد هەبووەو نە بەرەزامەندی گەلی کورد بەغداد کراوەتە پایتەخت. هێشتا بڕیاری ئەوە نەدرابوو کەوڵاتی عێراق دروستبکرێت، کورد حکومەتێکی لۆکاڵی خۆی لەساڵی ١٩١٩ دا بەرابەرایەتی شێخ مەحموود دامەزراندبوو و بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیشی لەپەیماننامەی سیڤەردا بەدەستهێنابوو. بەڵام لەژێر فشاری بەریتانیادا کۆمەڵەی گەلانی ئەوسا بڕیاری لکاندنی کوردستانی بەعێراقەوە دا. سەرەنجام بەغداد لەروانگەی بەشێکی کوردستانییەکان وەک سیمبۆلو بەدیلێکی ژێردەستەیی سەپێنراو لەلایەن بەریتانیاو رەمزی لەباربردنی خەونەکانی کورد سەیردەکرێت. ئەم تێڕوانینە لەنامەکەی مەلیک مەحمود کە لە ١٩٣١/٥/٣١ بۆ کۆمەڵەی گەلانی نووسیوە بەراشکاوی دەردەکەوێت. شێخی نەمر لەنامەکەیدا نەک هەر بەغداد بەپایتەختی خۆی نازانێت، بەڵکو وەک پایتەختی وڵاتێکی داگیرکەری کوردستانو دەسکردی ئینگلیز تەماشای بەغداد دەکاتو پێیوایە ئەگەر هێزەکانی ئینگلیز پشتگیری عێراق نەکات، ئەوا "نەک ئازادکردنی کوردستان، بەڵکو داگیرکردنی بەغداش لەلایەن کوردەوە کارێکی ئاسانە".

جگە لەرەهەندی مێژوویی کۆمەڵێک پێودانگیتر هەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی کەئایا دەکرێت بەغداد پایتەختێک بێت بۆ گەلی کورد یان نا. بۆ نمونە، کاتێک بەغداد دەبێتە پایتەختێک بۆ کورد، ئەگەر لەپەیوەندییەکی هاوسەنگانەو دڵخوازانەدا کوردو بەغداد یەکتری قەبوڵ بکەن. بەئومێدی شیکاری زیاتری ئەو مەسەلەیە لەئایندەدا، لێرەدا بەکورتی ئاماژەیەک بەو لایەنە دەدەم. مەبەست لەیەکتری قەبوڵکردنی کوردو بەغداد ئەوەیە کە لەسەرێکەوە کورد وەک پایتەختی خۆی (بەهەموو ئەو کاراکتەرانەی کەهەر پایتەختێک هەیەتی) سەیری بەغداد بکاتو ئەو سەروەریو حوکمڕانییەی کەبەغداد سیمبۆلیەتی قەبوڵبکاتو بەرگری لێ بکاتو لەسەرێکی تریشەوە، بەغداد وەک نەتەوەیەکی خاوەن مافو پرۆژەی تایبەت بەخۆی کورد قەبوڵبکات. واتە، بێجگە لەوەی کەکورد بەقەد قەوارەی خۆی شەریکی هەموو ئەو ئیمتیازانە بێت کە لەهەر پایتەختێکدا بۆ دانیشتوانی وڵاتەکە چاوەڕواندەکرێت، لانی کەمیش ستاتۆی کورد وەک نەتەوەی دووەمی خاوەن زمانو مێژوو و کلتوورو بەرژەوەندی جیاواز بپارێزرێت. ئەم پێوەندییە هاوکوفو هاوسەنگە تا ئێستا بونیاد نەنراوەو لەم روانگەیەوەش ناکرێت بەغداد وەک پایتەختی کوردستانیەکان سەیربکرێت.

بەکورتی، ئەگەر یەکێک لەبنەماکانی پایتەختبوونی هەر شارێک، رۆڵو پێگەی مێژوویی ئەو باژێرە بێت لەیادەوەری خەڵکدا، ئەوا بەغداد لەم سۆنگەیەوە بێ بەهرەیە لەبنەماکانی پایتەختێک بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەتایبەتی بۆ گەلی کوردستان. بەغداد لەرابردوودا هەمیشە پایتەختی ترسو تۆقاندنو سەرکوت بووە، نەک پایتەختی پارێزەری ئومێدو مافەکانی گەلی کوردستان. بۆیە شەڕو خەباتی هەشتا ساڵی رابردووی کوردستانییەکان لەعێراقدا بۆ کەمکردنەوەو کاڵکردنەوەی رایەڵەکانی نێوان بەغدادو کوردستان بووە، نەک بۆ مەحکەمکردنی پێگەی کورد لەو پایتەختەدا.

# کۆمۆنیستەکان مافی خۆیانە!

شوان سدیق

٧/١٤ هەموو ساڵێک لەدوای ساڵی ٢٠٠٠، بووە بەیادکردنەوەی رۆژی کوشتنی پێنج ئەندامو هەڵسوڕاوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، کە لەپێناو بەرگریکردن لەمافی ئازادانەی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی چینی هەژارو سەرکوتکراوی کۆمەڵگادا، دەنگیان بەرووی دەسەڵاتی سیاسیو ئیداری یەکێتی نیشتمانی هەڵبڕی. لەئەنجامدا جگە لەکوژرانو دەستگیرکردنی ئەندامانی کۆمۆنیستی کرێکاریی، هیچ شتێکی دی لێ نەکەوتەوە.

کوژرانو تیرۆکردنی ئینسان لەپێناو مافی بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر لەوەی کەتێیدایەتی، ئەوە پەیامێکی سازش لەسەر نەکراوە لەلای کۆمۆنیستەکانی کوردستان. کەساڵانێکی زۆرە لەخەباتدان دژ بەنابەرانبەریو نەبوونی دادپەروەری کەئێستا لەسایەی دەسەڵاتی حیزبە ناسیۆنالەکانەوە سەرتاپا کۆمەڵگای گرتووەتەوە.

ئەوە بەتەنها ئیسلامییەکان نین، لەدیدێکی دواکەوتووانەوە، کەهەڵگری چەمکێکی دژە ئازادی ئینسانەکانو یەکسانی مرۆڤەکانن، بەڵکو حیزبە باڵادەستە ناسیۆنالیستەکانیش هەمان خەسڵەتیان لا گرنگەو لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیانو مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵات، ئەم رێگایە دەگرنە بەرو دژ بەمافە مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستان دەوەستنەوە. بەنموونە تیرۆرکردنی ئەندامانی کۆمۆنیستەکان، لەساڵانی رابردوودا ئەمە بەڵگەی شاهیدە لەسەر دەسەڵاتداریتی ئەم حیزبانە.

رەنگە بەلای پارتی دیموکراتی دەستە هاوپەیمانی یەکێتی نیشتمانی رەخنەکانی کۆمۆنیستو هەڵوێستوەرگرتن، لەبەرامبەر کوژرانو سەرکوتکردنی ئەندامەکانیان هێندەی یەکێتی جێگای مشتومڕ نەبێت، چونکە ئەوان لایان وایە کۆمۆنیستەکان زیاتر لەسنووری سلێمانی کۆبوونەتەوە. ئەو پێنج ئەندامەشیان لەوێ کوژراوە!

بەڵام بەپێچەوانەوە لەساڵانی رابردوو بەئێستاشەوە ئەندامانو هەڵوسڕاوی کۆمۆنیستو ئەوانەی داوای مافی ئازادانەی خەڵکی کوردستانو گۆڕینی دەسەڵاتی نایەکسانیو بەفیڕۆدانی سامانی کۆمەڵگا دەکەن، لەسنووری ئیدارەی پارتیش بەردەوام هەڵوێستیان هەبووەو پارتیش رێگریکردووە، چونکە بوونی هەڵوێستو ناڕەزایی کۆمۆنیستەکان دژ بەبیری خورافیو کۆنەپەرەستیو جیاکاری ئینسانەکان لەرووی ژیانەوە هەمیشە جێگای ناڕەزایی پارتیش بووە.

هەر لەهەولێریش بوو دوو ئەندامی کۆمۆنیست لەپایتەختدا بەر دەستڕێژی گولە درانو کەس نازانێ تا ئێستاش دەستی حیزبە ناسیۆنالەکانی تێدایە! یاخود گروپو حیزبە ئیسلامییە توندڕەوەکان کارێکی وایان کردبێ، کەخەڵکی ئازادیخواز لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئینسانیانەدا خەڵتانی خوێن بکرێت.

ئەوکاتانەی کەیەکێتیو پارتی توشی شۆک دەبن، ئەندامانی حیزبێک یان کەسانێکی ئازادیخوازو هەڵسوڕاوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەشەقامی سالمی سلێمانی و بەردەم قەڵای هەولێر هەڵوێستوەربگرن، لەپێناو داوای لابردنی ئەو ئابڵوقەیەی کەخستویانەتە سەرخەڵکی کوردستانو رێگا لەچالاکییە مەدەنیو دەنگە ئازادەکانی کۆمەڵگا دەگرن، جا سەیرو سەمەرو ناخۆشتر لەوەدایە کەراگەیاندنەکانیان کاتێک ئەم حیزب یان ئەو هەڵسوڕاوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵوێستوەردەگرنو دەیانەوێت لەرێگای نارەزاییەوە خەڵکی کوردستانیو دونیای لێ تێبگەیەنن، کەچی ئەوان وا رووماڵی ناڕەزاییەکان دەکەن، کە لەکوردستان کەشێکی "ئازاد هاتووەتە کایەوە"، بۆیە پێدەچێت ئەم هەڵوێستانە دەستی "دەرەکی لەپشتەوە بێت".

کەواتە ئەوەی کۆمۆنیستەکان لەئێستادا هەڵوێستیان لەبەرامبەر کوژرانی ئەندامەکانیاندا دەردەبڕن، مافی خۆیانە کەئەو "تاوانانەی کەسەرکردایەتی یەکێتی"، یان هەر حیزبێکی دی لەدژی ئەوان ئەنجامیانداوە، هەرگیز لەبیریان نەچێتەوە و بەردەوام لەخەباتیشدابن، بۆ بەدەستهێنانی ئاواتو ئامانجەکانیان لەژێر سێبەری یەکسانیو ژیانێکی ئازادانە بۆ خەڵکی کوردستان.

shwansdiq@yahoo.com

# ئەزموونێك بۆ هەرێمی كوردستان

ستارە عارف

رۆژی١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨، كۆسۆڤۆ دوای تێپەڕاندنی مێژوویەک لەشەڕو نائارامی، بەبڕیارێكی نەتەوە یەكگرتووەكان سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، كۆسۆڤۆ دەكەوێتە ناو جەرگەی وڵاتانی باڵكانەوە، هەرچەندە ئێستا سەربەخۆیە، بەڵام هێشتا كێشەو ئاڵۆزی ئەتنیكی تەنگی پێهەڵدەچنێت، وەلێ ئیرادەیەک هەیە بۆ چوونەپێشەوەو خۆكردنە قەوارەیەكی بەهێز.

لە٢ی مانگی شوباتی رابردووی ساڵی ٢٠١٠دا، سەرۆكی كۆسۆڤۆ فاتمیر سیدیۆ، سەردانی ئەنكەرەی پایتەختی توركیای كردو لەگەڵ وەزیری دەرەوەی توركیا ئەحمەد داود ئۆغلۆدا كۆنفرانسێكی رۆژنامەوانیان گرێدا، جەختیان لەسەر پتەوكردنی پەیوەندییەكانی وڵاتانی باڵكان (توركیاش خۆی بەیەكێک لەوڵاتانی باڵكان دەزانێت) كردەوە.

ئامانجی سەردانەكەی سەرۆكی كۆسۆڤۆ بۆ توركیا بەمەبەستی بەهێزكردنی پەیوەندییە ئابورییەكانی وڵاتەكەی بوو، بەپێی راگەیاندنەكان، سەردانی سەرۆكی كۆسۆڤۆ كۆمەڵێک چاوەڕوانی بوو لەتوركیا لەرووی سیاسیو ئابووریو ئەزموونەكەیەوە، بەئامانجی یارمەتیدانی لەبارەی چۆنیەتی بوون بەئەندام لەیەكێتی ئەورووپاو ئاوەدانكردنەوەی وڵاتەكەیدا، لەبارەی سەربەخۆیی كۆسۆڤۆ ئاڵۆزییەكانیان لەگەڵ سربستانو پەیوەندیان لەگەڵ توركیادا وتووێژیانكرد.

### پێگەی كۆسۆڤۆ لەئەورووپادا

پایتەختی كۆسۆڤۆ شاری برشتینایە، زمانی فەرمی ئەلبانیو سربیە، زمانی هەرێمیی توركیو رۆمانیو بوسنیو غۆرانییە، لە٩٢٪ ئەلبانو لە٥،٣٪ سربو لە٧ ,٢٪ نەتەوەكانی ترن، سیستمی پەرلەمانییە، سەربەخۆیی لەسربیا لە١٧فبرایر٢٠٠٨دا راگەیەنرا، رووبەری خاكەكەی ١٠, ٩٠٨كم دوجایە، كۆسۆفۆ لەمێژوودا وێستگەی جودایی سیاسی نێوان سربیاو ئەلبانیا بووە، بەهۆی زۆری دانیشتوانی ئەلبانیو داواكارییە زۆرەكانیانەوە، پەرلەمانی كۆسۆڤۆ سەربەخۆیی راگەیاندو برشتینای كرد بەپایتەخت، دیاریكردنی پایتەخت بەپێی بوونی مەكەدۆنیا لەباشووری رۆژهەڵاتو سربیا لەباكووری رۆژهەڵاتو سنجقو چیای رەش لەباكووری رۆژئاواو ئەلبانیا لەباشوور دیاریكرا.

ژمارەی دانیشتوانی برشتینای پایتەختی كۆسۆڤۆ دوو ملیۆنو ٣ هەزار كەسە، رووبەری برشتینا ١٠،٥٧٧كم دوجایە، رێژەی موسڵمان لە٩٠٪ی لەئەلبانو لە٥٪ سربو لە٥٪ی لەنەتەوەكانی ترن، نیوەی ژمارەی كۆسۆڤۆ تەمەنیان كەمترە لە٣٥ ساڵ، پێش سەربەخۆیی، كۆسۆڤۆ یەكێک بوو لەوڵاتانی هەژاری یوگسلافیای پێشوو، ناوچەكەی دەوڵەمەندە بەكانزای زیو و كرۆمو ئاسنو نیكلو خەڵوزی بەردین.

بەشێک بووە لەئەلبانیا لەساڵی١٣٨٩وە هەتا تێكشكاندنی توركیا لەشەڕی جیهانی یەكەمدا، لەساڵی ١٩١٢ لەئەلبانیا دادەبڕێت، دوای زنجیرەیەک كۆنگرەی نێودەوڵەتی لەگرنگترینیان (سان ستیفانو، بەرلین، لەندەن، پاریس)، كۆسۆڤۆ بوو بە بەشێک لەئەلبانیا لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە كەئەلبانیاش ملكەچی ئیتاڵیا بوو، لەساڵی ١٩٤٦دا هەرێمی كۆسۆڤۆ بەشداری یەكێتی یوگسلافیا بووە.

لەسەردەمی سەرۆک جوزیف بروز تیتۆو بەپێی دەستووری ساڵی١٩٤٧، كۆسۆڤۆ ئۆتۆنۆمی بەدەستهێنا لەچوارچێوەی یەكێتی كۆماری یوگسلافیادا، لەساڵی ١٩٨٩دا سەرۆكی سربیا سلۆبودان میلۆسۆڤیچ ئەو تۆتۆنۆمییەی هەڵوەشاندەوە، كەئەلبانو كۆسۆفۆ لەسایەیدا دەژیانو حوكمی هەرێمەكەی بەئاگرو ئاسن بەڕێوەبرد، لەساڵی ١٩٩٠دا خەڵكی كۆسۆڤۆ راپرسییەكیان كردو بەزۆرینە داوای جیابوونەوەیان لەسربیاو بەدەستهێنانی كۆمارێكی سەربەخۆیان كرد، لەسێبتەمبەری هەمان ساڵدا، ئەلبانیاش وەک سەرهەڵدانێكی مەدەنی لەدژی سربیا بەشداری ئەم چالاكییەیان كرد.

لەساڵی ٢٠٠٨دا لەحكومەتی بەلگراد جیابوونەوەو حكومەتی ناوەندی سربیش رەتیكردووەتەوە، سەربەخۆیی لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانو ژمارەیەک لەوڵاتانی یەكێتی ئەورووپیو سعودیەو بەحرەینو یەمەنەوە پەسەندەو لەلایەن روسیاوە بەتوندی رەتكراوەتەوە، ٥٢ دەوڵەت دان بەسەربەخۆیی كۆسۆفۆدا دەنێنو پێیانباشە ببێتە ئەندامی نەتەوە یەكگرتووەكان، ئیسپانیاش دان بەسەربەخۆیی كۆسۆڤۆ نانێت لەبەرئەوەی ئیسپانیا سەربەخۆیی باڵی باسک لەخاكەكەی خۆیدا رەتدەكاتەوەو جیابوونەوە بەپێشێلكردنی یاساو لەدەرەوەی رێككەوتنی ئاگربەستی دەزانێت.

### مێژوو و جوگرافیاو سەربەخۆیی كۆسۆفۆ

دوای ململانێیەكی سەخت لەگەڵ سربیا، سەربەخۆیی بەدەستهێنا، نزیكەی ١٠هەزار مرۆڤ بوون بەقوربانی، لەوڵاتێكی بچوكو هەژاردا كەزۆرینەی دانیشتوانەكەی موسڵمانن، لەم ساڵانەی دواییدا بەهاوكاری ئەمریكاو بەریتانیاو یەكێتی ئەورووپی، بەتایبەتی وڵاتانی وەک ئەڵمانیاو ئیتاڵیا سەربەخۆیی راگەیاند، چونكە سربیا ئامادەنەبوو بەئاشتی لەگەڵیدا بژی.

كۆسۆڤۆ ساڵانێک بەكرداری لەژێر ركێفی نێودەوڵەتیدا مایەوە، سەرچاوەكان دەڵێن راستی مێژوو و جوگرافیای سەرەتایی كۆسۆڤۆ بەم شێوەیە بووە، لە٩٠٪ی دانیشتوانی ئەلبانی موسڵمان بوونو كەمایەتیەک كاسۆلیكو لە١٠٪ ئۆرتۆدۆكس بوونو لەمێژوودا لەساڵی ١٣٨٩شدا كۆسۆڤۆ یەكەم پێگەی جەنگی گەورەی نێوان سربو تورک بووەو ناسنامەی راستیان سربیەو ئەلبانیش لەدانیشتوانی كۆسۆڤۆیینو یەكەم دانیشتوی ئەم خاكەو لەنەتەوەی ئارین.



سەربەخۆیی كۆسۆڤۆ لەلایەن ئیدارەیەكی نێودەوڵەتیو بەچاودێری نەتەوە یەكگرتوەكانو هاوپەیمانی باكووری ئەتڵەسی بوو، دوای دەرچوونی هێزەكانی سەرۆكی سربی سلۆبودان میلۆسۆڤیچ لەساڵی ١٩٩٩دا، كەبەرەنگاری توندی كۆسۆڤۆییەكانی دەكرد، بەمەبەستی سنووردانان بۆ ستەمی سربەكان، كۆسۆڤۆییەكان سوپای رزگاریان دروستكرد، چونكە لەساڵی ١٩٨٩داو دوای هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمییەكەیان قەیران رووی لەكۆسۆڤۆ كردبوو، كە بەپێی بڕیاری جوزیف بروس تیتۆ، دوا سەرۆكی سۆسیالستی یەكێتی یوگسلافیا لەساڵی ١٩٧٤دا پێكهاتبوو.

### هێڵی سوور

ناڕەزایی روسیا هاوپەیمانی سەرەكی سربیا بەرامبەر سەربەخۆیی كۆسۆڤۆ، زەبرێک بوو لەسەر پەیوەندییەكانی موسكۆو واشنتۆنو دەوڵەتانی ئەورووپای رۆژئاوا، چاودێران دەڵێن ئێستا كێشەكە گۆڕاوە بۆ هێڵی سوور لەسیاسەتی دەرەوەی روسیدا، سەربەخۆیی كۆسۆڤۆ بۆ روسیا مەترسیدارە، لەروانگەی ئەوەی دەرگای مۆسكۆ لەسەر جیابوونەوەی ململانێكانیتر دەكاتەوە، بەتایبەتی لەناو یەكێتی روسیادا لەوانە ململانێی جیابوونەوە لەئەبخازیاو ئۆسیتیای باشوور لەجۆرجیا.

بۆیە دەبینرێت ناكۆكی نێوان مۆسكۆو پایتەختە رۆژئاواییەكان دوای سەربەخۆیی كۆسۆڤۆ تەشەنەدەكات، دبلۆماسییە ئەورپییەكان لەو باوەڕەدان كۆسۆڤۆ لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیداو بۆ ماوەی ٥ هەتا ١٠ ساڵ دەمێنێتەوەو ژەنەڕاڵی فەرەنسی "ئیف دو كیرمابون" سەرۆكی پێشوی هێزەكانی هاوپەیمانی باكووری ئەتڵەسی لەكۆسۆڤۆ ئەم ئەركە بگرێتەئەستۆ.

ئاخۆ رۆژێک دێت باشووری كوردستانیش، كەرووبەرەكەی زیاتر لە ٨٢ هەزارو ٦ سەدو ٢٠ كیلۆمەتر دوجایەو چارەنووسی زیاتر لە٤٠ هەزارو ٥ سەدو ٦٧ كیلۆمەتر دوجای رووبەری ناوچە دابڕاوەكانەو دەكەونە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیەوە، كەدەكاتە لە٤٨٪ی رووبەری هەرێمی كوردستان، لەسایەی حكومەتو دەسەڵاتێكی حەكیمو نیشتمانپەروەردا، بیر لەم سەربەخۆییە لەدەسەڵاتی عروبە بكاتەوەو هەمیشە ئەو چیرۆكەمان بۆ نەگێڕنەوە كەدەوڵەتو سەربەخۆیی كوردستان خەونی شاعیرانەیەو مەحاڵە.

هەڕەشەو مەترسییەكان لەسەر كوردستانو هەرێم بەتایبەتی، هەر هێندەی ئەو مەترسیو هاوسەنگییە سیاسیانەن كە لەسەر كۆسۆڤۆ هەیە، بەڵام چۆنیەتی بەكارهێنانی دۆستایەتی وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریكا بۆ خزمەتی هاووڵاتیانی كۆسۆڤۆ خاڵی بردنەوەی هاوكێشەكەن، كە لەكوردستاندا هەمیشە ئەم دۆستایەتیانە بەپێچەوانەوە شكاوەتەوەو تاكتیكی گونجاو لەم رووەوە لەلایەن سیاسیەكانەوە بەكارنەهاتووە.

Stare_arif@hotmail.com

# پەچە... ئازادی تاكیی یان گرفتێكی سیاسی

بەیان عەزیزی

ماوەیەک تێپەڕبووە بەسەر پەسەندكردنی یاسای قەدەغەبوونی پەچە لەبەلجیكاو دوایش فەرەنساو ئێستا ئەم پارچەو رووبەندانە، گەیشتوونەتە بەریتانیاو چەند رۆژێک لەمەوپێش، لەمەجلیسی عەوامدا پێشەكی یاسای قەدەغەبوونی پەچە نووسراو لەنێوان رەفزبوونو پەسەندكردندایە. هەروەها چەند هەواڵێک بیستراوە سەبارەت بەقەدەغەبوونی ئەم جۆرە خۆداپۆشانە لەوڵاتەكانی هۆڵەندا، ئیتاڵیا، سویسراو دانیمارک. لەم نێوانەدا بەهەزاران دەنگی هاوڕا یان دژ بەم قەدەغەبوونە لەئارادایە. هاوڕاكان تەنانەت لەنێوان خودی ژنانی موحەجەبەشدا هەنو ئەو كەسانەی خوازیاری ئازادیی كەڵكوەرگرتن لەپەچەن، زۆرێكیان لائیكن. بۆچی چەند مەتر پارچەو خۆداپۆشانێک تا ئەم رادەیە حەساسیەت دروستدەكات، لەبەرچی داپۆشان یان دەرخستنی بەشێک لەجەستەی ژن بەردەوام بابەتێكی سیاسی بووە؟

### ئەوانەی دژ بەقەدەغەكردنی پەچەن

ئەم گروپە كەلایەنگری دەكەن لەهەبوونی پەچە، لەسەر ئەو باوەڕەن كەئەمە بابەتێكی تاكییەو كەس ناتوانێ سەبارەت بەجەستەی كەسێكیترو بەتایبەت ژنان بڕیاربدات. سەرنجڕاكێشترین باس لەم بارەوە دەگەڕێتەوە بۆ رێكخراوەی لێبووردەیی نێو نەتەوەیی كەبەشێكە لەڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان. ئەم رێكخراوە دژ بەقەدەغەبوونی پەچە راوەستا. هەموو ئەندامەكان یاسا نوێیەكەی فەرەنسایان خستە بەر رەخنە. ئەوان پێش پەسەندبوونی یاساكە، نامەیان بۆ یەک بەیەكی ئەندامانی پەرلەمانی فەرەنسا ناردبوو و داوایانكردبوو كەنەهێڵن ئازادی كامڵی مرۆڤەكان پێشێلبكرێت. جان دالهۆویسەن یەكێک لەڕاوێژكارانی رێكخراوەی لێبووردەیی نێونەتەوەیی دەڵێ چەندین هۆ لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی داوای راگرتنی ئەم یاسایە بكەین. گرنگترینیان بریتیین لەمانە:

–قەدەغەبوونی پەچە، ئازادیو ئایین لەو ژنانە دەسەنێتەوە كەباوەڕیان بەم جۆرە جللەبەركردنە هەیە.

–ناكرێ لەبەر ئەوەی گروپێک لەخەڵک یان تەنانەت زۆرینەی خەڵک جۆرێک جل بەباش نازانن، ئەو فۆڕمە قەدەغەبكرێت.

–پەسەندكردنی ئەم یاسایە دژ بەكۆنوانسیۆنی ئەورووپایی مافی مرۆڤ رادەوەستێت كەتەئكید دەكاتە سەر مافە سەرەتاییەكانی مرۆڤو هەڵبژاردنی جلەكانی بەئاشكراترین ماف دەزانێت.

سەرەڕای داواكاریی ئەم رێكخراوەیە لەئاكامدا پەرلەمانی فەرەنسا پەچەی قەدەغەكرد.

### ئەوانەی هاودەنگی قەدەغەبوونی پەچەن

زۆر كەس لەئەندام پەرلەمانەكانەوە بگرە هەتا خەڵكی ئاسایی لەوڵاتانی ئەورووپایی دژ بە لەبەركردنی پەچەنو خۆشحاڵن لەوەی بەشێوەیەكی تەواو یاسایی بۆ هەمیشە ئەم جۆرە خۆداپۆشانە لادەچێت. نابێ ئەمەش فەرامۆشبكەین كە بەتایبەت پاش رووداوەكانی ١١ی سێپتەمبەر ئەم حەساسبوونە بەپەچە زۆر زیاتربووە، چونكە ئەم جۆرە خۆداپۆشانە بەسمبۆلی تێرۆریزم دەزانرێتو بینینی لەشوێنە گشتییەكاندا ترس دروستدەكات.

لەئیتاڵیا بەپێی یاسای پاراستنی دیسیپلینی گشتی وڵات، پەسەندكراوی ١٩٧٥، داپۆشینی دەموچاو لەئیدارەو شوێنە حكومی یان فەرمییەكان قەدەغەیە. ئەم داپۆشانە بەشێوەی كڵاوی مۆتۆرسوارەكان، چارشێو یان پەچەیە، بەڵام لەچک ناگرێتەوە لەبەر ئەوەی وتراوە كە لەچک هەموو دەموچاو داناپۆشێت. زیاتر لەچەند ملیۆن ژنی موسوڵمان لەوڵاتە ئەورووپاییەكاندا دەژینو زۆرێک لەوانە لەچكو جلی ئیسلامیان لەبەردایە. لەفەرەنسا ئەو ژنانەی كەپەچەیان هەیە، تەنیا ١٩٠٠ كەسنو بەم شێوە باسی پەچە باسێكی سیاسییە. ئەو كەسانەی هاوڕای ئەم قەدەغەبوونەن چەندین هۆیان هەیە:

ئەم پەچە بڕیاری فەرمی ئیسلامیی نییەو لەچک واجبكراوە، نەک داپۆشینی دەموچاو بەو جۆرەی كەئەم كەسانە دەیكەن. كەواتە ئەمە دروستكردنی باندو گروپە.

داپۆشینی تەنانەت دەموچاوی ژنێک زیندانیكردنی ئەو ژنەیەو ئەم بەشێوەی زیندانێک وێنادەكات كەجوڵەدەكات.

دەموچاو یەكەمینو گرنگترین بەشە بۆ ناسینی شوناسی كەسەكان، ناكرێ شوناسی كەسێک داپۆشرێت. ئەم فۆڕمە رووخساری كەسەكان دەسەنێتەوە.

بوونی ئەم شێوازە دەگمەنە كەخۆی نمادی تێرۆریزمە، ترسێكی گشتی دروستدەكات.

پەچە دەسەڵاتێكی زیاتر لەئاستی ئاسایی بۆ كەسەكە دەهێنێت. لەبەر ئەوەی ئەو دەتوانێت هەموو كەس ببینێت، بەڵام رێگەی دیتنی دەموچاوی خۆی بەكەس نادات. ئەمە نایەكسانییە.

بەهەر شێوە ئەو ئامارو راپرسیانەش كە لەئاستێكی جەماوەرییدا كراوە، دەرخەری ئەوەن كەخەڵک خوازیاری قەدەغەبوونی پەچەن. ئەو راستییەی لەهەموو شتێک زیاتر رۆڵی بینییەوە، نیشاندانی پەچە وەک سمبۆلی تیرۆرە.

لێرەدایە كەدەردەكەوێت جەستەو بەتایبەت جەستەی ژنێک، چەندە دەكرێ سیاسیی بكرێتەوە. داپۆشین یان دەرخستنی ئەندامەكانی جەستە، دەبێتە شوناسێكی ئایینیو لەدوای ئەوەوە ئەم شوناسە پێوەند دەدرێتەوە بەسیاسەت. گرنگ ئەوەیە كەهەموو ئەم یاسادانانو لابردنانە لەسەر جەستەی ژنە نەک پیاو. ئەم جەستەیە دەبێ لەهەر ستراكتۆرێكی كۆمەڵایەتییدا بەپێی ئایدۆلۆژییەكان پەروەردەبكرێت. جۆری حكومەتی سیاسی یان نەریتی كۆمەڵگایە كەجەستەی ژن كۆنترۆڵدەكات. كاتێ جەستە دەربكەوێت كۆمەڵێک یاساو فەرمانی دینی هەیە كەبەر بەدەركەوتنو رووتبوون بگرێتو بیخاتە قاڵبێكی دیاریكراوەوە. لەكاتێكیشدا كەژن بیەوێت هەموو جەستەی خۆی داپۆشێت، دیسان لەئازادترینو سیكۆلارترین كۆمەڵگاكانیشدا یاسایەک دادەڕێژرێت كەڕادەی داپۆشینی جەستە دیاریدەكات. لەلایەكەوە دەركەوتنەكەی كۆنترۆڵدەكرێو لە لایەكیترەوە داپۆشین گرنگ نییە، مەبەستی هەركام لەو دوو روانگەیە چەندە مرۆڤانەیە، ئەمە راستییەكی حاشاهەڵنەگرە كەهەردوو لایەنەكە جەستە كۆنترۆڵو سانسۆر دەكەنو شوناسی ژن سیاسی دەكەنەوە. بۆچی یاسای وەها بۆ جەستەی پیاو دانەنراوە؟

# قەپگرتن لەسێوەکە

پەری کەریمی نیا

هەر یەکێک لەو رۆژانە بوو، کەئیتر وەڕەس بووم لەوەی کەدراوسێکەمان تێبگەیەنم کەئەرێ بۆ جارێکیش بووە گوێ رابگرە کە: "ڤیرجینیا ڤۆڵف شێرپەنجەی مەمکی هەیەو ئەوە بەس قسەیەک بووە خستویانەتە شوێنی کەئەو لەوەتەی زانیویەتی منداڵی نابێت، تووشی خەمۆکی بووە." بەڵام تائێستاش ئەو دراوسێمانە هەر کەمن دەبینێت کە لەبەردەم پەنجەرەکەدا لەگەڵ ڤیرجینیا قسەدەکەین، سەیری مەمکی خۆی دەکاتو دەڕوات. ئەو چونکە شیری منداڵی داوە هەر جووت مەمکەکەی شەکەیان دێت. ستیانی دوو ژمارە لەمەمکی بچوکتر دەبەستێت بۆ ئەوەی مەمکی کۆبکاتەوە. جارێکیان دەستێکی لەمەمکی من داو بەبزەیەکی تاڵەوە وتی: باکوڕەکەت لەدایکبێت، ئەوجا سێوەکانی تۆش دەبینینەوە.

من تائێستاش پێم نەوتووە کەڤیرجینیایش سکی هەیەو سکەکەی ئەو کچە. منو ڤیرجینیا بەڵێنمان بەیەکتری داوە کەناوی منداڵەکانمان لەیەکترەوە نزیکبێت، بۆیە ئەو هانی هەڵبژاردو منیش مانی. زۆرجار بەشۆخییەوە بەیەکدەڵێین: "هانیو مانی دەبنە هاوسەری گیانی بەگیانی." بەڵام هەر دووکمان بەو قسەی خۆمان قاقا پێدەکەنینو دەست بەسکماندا دێنین.

مانی من دوو هەفتە لەهانی ڤیرجینیا گەورەترە. من مانیم وا راهێناوە کەچیرۆکی بۆ بگێڕمەوە. ئەویش هانی هەر وا راهێناوە. هەرچەندە چیرۆکەکانی ئەو ئەوەندە درێژ دەبێتەوە کەزیاتر لەرۆمان دەچێت. ئەو هەموو جارێک بۆ خۆی دەڵێت کەکاتێک کەچیرۆک بۆ هانی دەگێڕمەوە، لەسەرەتاکانەوە بزێوی دەکات. بەناو سکمدا دەسووڕێت. خۆی بەکەلەکەمدا دەکوتێت. هەندێجاریش هەستدەکەم لێوی دەجووڵێتو پێدەکەنێت، چونکە پێستی سکم دەست بەخورین دەکات. بەڵام بەرە بەرە لەبزێویەکی کەمدەبێتەوەو خپ دەبێت. جووڵە چییە لەسکمدا نامێنێت. دەست بەسکمدا دێنم. ئەو خۆی گرمۆڵەکردووەو نقە ناکات. ئیتر دەزانم کەچیرۆکەکەم بووەتە رۆمانو هانی مانییان بووە. بەڵام مانی من وا نییە کەدەڵێم:

هەبوو نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، لەقاڵاو رووڕەشتر نەبوو.

لەجووڵە دەکەوێتو لەجێی خۆی نابزوێت. گوێچکەی ئەوەندە قوتدەکاتەوە کەرەقێنەی گوێچکەی لەسکمەوە دەردەپەڕێ. ئەو گوێچکانە هەروا بەقوتی دەمێنێتەوە تا من دەڵێم:

چەپکێ گوڵو چەپکێ نێرگز مەرگت نەبینم مانی گیان هەرگیزاو هەرگیز.

ئیتر ئەو کەناوی خۆی دەبیستێتو دەزانێت چیرۆکەکە تەواوبووە، دەکەوێتە تەپەتەپو زرمەزرم. دەتوانم تەپەتەپو زرمەزرمەکەی ببیستم، چونکە دڵم دەستدەکات بەلێدانێکی توند توند. هەندێجاریش خۆی بەسکمدا دەکوتێت. ئیتر دەیکات بەبازاڕی خۆی. بۆیە منیش بانگدەکەم لەڤیرجینیاو پێی دەڵێم: "پێموایە رۆمانەکانت بۆ مانی بخوێنیتەوە باشترە."

دەستێک بەقژیدا دەهێنێت. هەڵبەت قژی پێوە نەماوە. پێکەوە بوو کەچووین بۆ ساڵۆنو تاشیمان. من کە لەسەر کورسیەکە دانیشتمو بەژنەکەم وت: بیتاشە، چاوم قونجاندو ئەو چاوەم نەکردەوە تا تەواو بوو. لەو کاتەیدا کەژنەکە خەریکی تاشین بوو، چەندجارێک ویستم بیکەمەوە، بەڵام نەموێرا. کەتەواویش بوو و ژنەکە وتی: دەتوانی سەیری ئاوێنەکە بکەی! من هەر نەموێرا، چونکە هیچ شتێک بۆ سەیرکردنی لێ نەبوو: سەرێکی پاک پاک تاشراو. کەهەستام حەق دەستی ژنەکە بدەم، قژە درێژەکەی خۆم لەبەر پێی ژنەکە لەسەر عەرزەکەدا بینی، کەتازە رەنگێکی رۆشنم لێدابوو و تاڵە زەردەکانی هێشتا بەجوانی خۆیان نەکردبووەوە. ڤیرجینیاش دوایی بۆی گێڕامەوە کەئەویش هەر چاوی نەکردووەتەوە. کەپێکەوە لەساڵۆنەکە هاتینەدەرەوە، ئەو سەرێکی منی کردو منیش سەیرێکی ئەوم کرد. من فرمێسکە قەتیسماوەکانی ئەوم دی کەدەورەی گلێنە شینەکانییان دابوو و دڵنیاشم ئەویش ئەسرینە قەتیسماوەکەی دەور گلێنە رەشەکانی منی بینی. ئەو لەنێوان پێکەنینەکەیدا وتی: "مۆدیلی قژی شێرپەنجەی سێو."

ڤیرجینیا هیچ کات نەیدەوت: شێرپەنجەی مەمک! هەر دەیوت: شێر پەنجەی سێو!. سێو لای ئەو یەکسان بوو لەگەڵ خۆشەویستی. هەمووجار کەدەچووم بۆ ماڵیان، چاوم بەو وێنەیە دەکەوت کەڤیرجینیا یەکەم دیاری خۆی پێشکەش بەمێردەکەی دەکات، کەئەویش ملوانەکەیە لەسێوە وردە. کەزانی منیش تووشی شێرپەنجەی مەمک بووم، هات بۆ لام. دەستی بەنەوازشکردنی مەمکم کردو وتی:

تۆیش قەپیان لەسێوەکەت گرت؟

من کەدکتۆرەکە پێی وتم کەوەڵامی تاقیکردنەوەکەی مەمکم چییە، هەڵوێستم گرت کەهەرەس نەهێنم. بۆیە وتم:

منیش شێرپەنجەی سێوم هەیە.

هەڵبەت من تا قژم پاک پاک نەتاشی، دراوسێکەمان نەیزانی کەمنیش تووشی شێرپەنجەی سێو بووم. ئەمجار دەستی لەمەمکەکانم نەدا. ئەمجار هەواڵی ڤیرجینیای لێنەپرسیم. ئەمجار چاوی تێنەبڕیم. بزەی تاڵیش نەبوو. سەری داخستو رۆی.

منو ڤیرجینیا لەوەتی پێکەوە دەچووین بۆ چارەسەری کیمیایی، کەدەهاتینەوە بۆ ماڵەوە، یەکجار یەکجار ماندوو دەبووین. هەناسەی رۆیشتنمان نەدەما. بۆیە چوونە بەرپەنجەرەو بەواکی تاکی قسەکردنمان خستە ئەو لاوە. ئێستا بەس بەمێسنجەر قسە لەگەڵ یەکتری دەکەین. ئێستا کەمتر ژنەکەی دراوسێمانو شەمەندەفەرەکە دەبینم کە بە بەردەم ماڵەکەماندا تێدەپەڕێ.

کەمن بەڤیرجینیام وت: تێستم داوە سکم هەیە، یەک بەخۆی قیژاندی. پەنجەرەی داخراوی ئەو، هێڵی ئاسنی شەمەندەفەرەکەو تەنانەت پەنجەرەی داخراوی من بەرگەی قیژەکەی ئەوی نەگرت. وەک ئەوە وابوو لەژووری خەوەکەی ترماندا بقیژێنێت.

ڤیرجینیا دەڵێی چارەسەری کیمیایی ئەوەندە کاریگەری لەسەر سێوەکانت نەبووە، کە لەسەر قیژەت هەیبووە!

کەئەمەم بە مێسنجەرەکەدا بۆ نارد، دیم کەئەویش خەریکی نووسینە. هەر دەنووسێت. چاوەڕوانم کرد کەنووسراوەکەیم بۆ بنێرێت. هەر وەستام. بۆم نووسی: ئەرێ ئەوە بوو بەچی، خۆ رۆمان نانووسی؟! بینێرە.

ناردی: دوێنێ شەو مریەمو ئێلیزابێتم لەخەودا بوو. لەمیوانییەکی گەورەدا بووین. میوانییەکە لەوە دەچوو کەقەرەباڵغ بێت، بەڵام بێجگە لەمنو تۆو مریەمو ئێلیزابێت کەسیتر دیار نەبوو. لەدەور مێزێک کۆببووینەوە. دەورووبەرمان هەمووی دارسێو بوو. باوەڕبکە چۆنت بۆ دەگێڕمەوە هەر ئاوا بوو. لەسەر مێزەکەمان هەر یەکەو قاپێک گەنممان لەبەردەمدا بوو. منو تۆ دەستمان بەخواردن کرد. کەچی نە مریەمو نە ئێلیزابێت دەمیان لەو گەنمە نەدا.

ڤیرجینیا تا ئێرەی بۆ ناردم، بەڵام هەر خەریکی



نووسینیتر بوو . بۆم نووسی: بۆ؟ چەند دیڕێکی تری بەمێسنجەرەکەدا بۆ ناردم: مریەم ماکسیەکی درێژی لەبەرکردبوو و قژی پەخشو پەرێشان بوو. ئێلیزابێت خەریکبوو قژ مریەمی پەلکەدەکرد. ئێلیزابێت لەهەمانکاتدا کەخەریکی پەلکەکردن بوو، چاوی لەزەوییەکی ژێر پێشی بڕیبوو. دەستی بەقسەکرد. مشکلۆزمەت بم، تێنەدەگەیشتم بەجوانی. نەمدەتوانی وشەکانی بهۆنمەوە، بەڵام سکی هەردووکیانم دەدی کەهەر دەهاتو گەورەتر دەبوو. کەگەورەتریش دەبوو دەجووڵا. منو تۆش ئەوەندە سەرقاڵی گەنم خواردن بووین کە لەبیرمان چووبووەوە کەمیوانییەکە تەواوبووە.

باشە مریەمو ئێلیزابێت منداڵەکانییان بوونە پێغەمبەر، خوا رەحم بەمەی من بکات!

هەردووکمان مێسنجەرەکەمان کووژانەوە. شەکەت شەکەت. ئەوە بۆ هەفتەیەک دەچێت دەرەوە نەچووم. تەنانەت هەموو پێداویستییەکانی ماڵەوە، دەزگیرانەکەم بۆم دەهێنێت. رۆژی چەندجار تەلەفۆنم بۆ دەکات. ئەوڕۆ کەپێداویستیەکانمی بۆ هێنام، دەمووچاوی زۆر جیدی بوو. شتەکانی لەچێشتخانەکە بۆ جێبەجێکردم. هەندێ لەمیوەکە کەکڕی بووی، شۆردییەوەو بۆی هێنام. دواتر هات لەژووری دانیشتنەکە بەرامبەرم دانیشت. هەر ئەو شوێنەی کەمێردەکەی ڤیرجینیا لێی دادەنیشت. ژێر چاوی ماسی بوو. لەوە دەچوو کەچەند رۆژێکیش بێت ریشیشی نەتاشیبێت. قژی ئاڵۆزکاو بوو. بۆڵێ ترێی هەڵگرت. دەستیکرد بەدەنک دەنک کردنی. لێوی دەبزوا بۆ قسە، بەڵام بێدەنگ بوو. من پاڵم بەکورسیەکەوە دابوو. دەستم بەسەرمدا هێنا. ساف ساف بوو. دەزگیرانەکەم خێرا خێرا ترێکەی دەنک دەکردو دانە دانە دەیدا بەدەست منەوە. منیش دەمخستە ناو دەممەوە. ترێکە خرمەی دەهات. خرمە خرمی ترێکە لەناو بێدەنگی ژوورەکەدا دەلەرایەوە. هەر سەیری ترێکەی دەکرد کەخەریکی دەنک دەنک کردنی بوو. لێویشی هەر دەبزوا. وشە لەسەر لێوی رژا بوو. سەیری دەموو چاویم کرد. سوور سوور . چاویم نەدی. هیچ قسەیەکیشی نەدەکرد.

دەنگو باس؟ (بەهێواشی وتم.)

دەستی لەدەنک دەنک کردنی ترێکە هەڵگرت. چوو پەنجەرەکەی کردەوە. بایەکی توند پەردە گوڵ گوڵییە سەوزەکەی ژووری دانیشتنەکەی دەهێناو دەبرد. بەدوو سێ هەنگاوی توند هاتە لام دانیشت. هەر دوو دەستی گرتمو خستیە ناو دەستە گەورەو تووکاییەکەی خۆیەوە. مێسنجەرەکەم بووزێکی بۆ هات. دەستم لەناو دەستە گرمو خڕەکانی دەزگیرانەکەمدا دەرهێناو چووم بۆ لای کۆمپیوتەرەکەم. ڤیرجینیا بوو.

دەزگیرانەکەم هەستایە سەر پێ. میوەکەی هێنا بۆ لای کۆمپیوتەرەکە بۆم. ڤیرجینیا نوسی بووی: دکتۆرەکەم پێی وتووم کە لەمنداڵبوونەکەی من زۆر دەترسن. ئەوان هەر دیسان سووربوون لەسەر ئەوەی کەمنداڵەکە کورتاژ بکەم.

ئەی تۆ خۆت دەڵێی چی؟

هیچ منیش هەر ئەو قسەی تۆ دەکەم. نایکەم.

لەوەتی دکتۆرەکان زانیویانە کەئێمە منداڵ لەناو سکماندایە، هەرچی دەرمانو شت کەبۆ شێرپەنجەی مەمک بەکاریاندەهێنا وەستاندوویانە. هەر پەیتا پەیتایش نامەمان بۆ دەنێرنو تێلمان بۆ دەکەن، کەئەو نەخۆشیەی کەئێمە هەمانە، هەم بۆ خۆمانو هەم بۆ منداڵەکانمان جێی مەترسیەو دەبێت لەناوبچن.

ڤیرجینیا لێرەدا بیری قسەیەکی منی کردەوەو نووسی: خۆ لەوە خەتەرتر نییە، کەس گوێ بۆ رۆمانو چیرۆکەکانمان نەگرێتو نووسی هاهاها.

دەزگیرانەکەم چاوی بڕیوەتە ناوچاوم. دەزانم کەنووسینەکانم دەبینێت. دەزانم کەقسەیەکی پێیە. نەقسەیەک دوو قسەیشی پێیە. دەزانم کەدەیەوێ.

نووسینەکەی ڤیرجینیا بیری گواستمەوە بۆ لای کۆمپیوتەرەکە: زوو وەرە بەر پەنجەرەکە. زوو.

کەچووم ڤیرجینیا پەنجەرەکەی تەواو تەواو کردبووەوە. رووتی رووت لەبەردەم پەنجەرەکەدا وەستابوو. تەنانەت ستیانەکەیشی دەرهێنابوو. مەمکی چەپی گەورەتر لەمەمکی راستی بوو. دەستی بەسەریدا دەهێنا. مێردەکەی بەپەلەهات. بایەکی توند پەردەی ژوورەکەیان دەدا بەیەکدا. من، دەزگیرانەکەم لەپشت سەرمەوە وەستاوە. بەس تابێکم لەبەرە. هیچکات لەناو ماڵدا ستیانم نەکردووەو نایکەم. رەشەبا خۆی دەکووتا بەژێر کراسەکەمدا . مەمکمی بەسەختی دەجووڵاند. مەمکی چەپم زۆر گەورەتر لەجاران ببوو. سکم دەجووڵا. دیم کەڤیرجینیاش دەستی بەسکییەوە گرتووە. دەنگێکی تیژ هات. چراترافیکی وێستگەی شەمەندەفەرەکە سووربوو. دراوسێکەمان کەچاوی بڕیوەتە مەمکی، دەیویست بەر لەچراسوورەکە لەهێڵی شەمەندەفەرەکە بپەڕێتەوە، ئەوهێڵەی کە لەنێوان ماڵی منو ماڵی ڤیرجینیا ڤۆڵفدا بوو. شەمەندەفەرەکە هات بە بەردەم ماڵەکانماندا تێپەڕێ.

دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف

**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

دەلاقە

وریا حەمە تاهیر

## دەوڵەتی کوردیو مەسەلەی ئازادی ڕۆژنامەوانی

لەماوەی پێشوودا دوو لێکۆڵەری بیانی ئیمەیلێکیان بۆ کردم، ئەوەیان خستبووەڕوو کە بەهاوکاری حکومەتی هەرێم، خەریکی توێژینەوەیەکن لەسەر ڕەوتی ڕۆژنامەگەریو پرۆسەی سیاسی لەکوردستانی عێراقدا، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام لەو پێشەکییەی ئەوان ناردبوویان، ئەوەیە کە نووسیویانە «کاتێک سیاسەتی کوردی بەتەواوەتی بەگەندەڵ دەناسێنرێت، ئەوە وادەکات کەجیهانی دەرەوە بیر لەخۆئامادەکردن بکاتەوە، هێزێکی دەرەکی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت. بەو بیانووەی کوردەکان توانای خۆبەڕێوەبردنیان نییە».

ئەمە هەمان ئەو قەوانەیە کەدەڵێن ڕەخنەگرتن لەحکومەتو کاربەدەستان، ڕەنگە دواجار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو بۆچوونەی لێبکەوێتەوە، کەکوردەکان شایەنی خۆبەڕێوەبردن نین. بەوەش پشتگیری لەدۆزی کورد کەمبێتەوە.

ئەم بابەتە زۆرجار بەرپرسانی کوردو ڕۆژنامەوانانی دەوروپشتیان داویانە بەگوێماندا، هەر لەژێر ئەو پاساوەیشدا دەیان نهێنی گرنک لەخەڵک شاردراونەتەوە، ڕێگەش بۆ تەفروتوناکردنی وڵات خۆشکراوە.

مەسەلەی پشتگیری دۆزی کورد لەدەرەوە بابەتێکی گرنگە، ئەوەیشی کەخەمساردە لەبەرامبەریدا ڕۆژنامەنووسانو ڕەخنەگران نین، بەڵکو دەسەڵاتی کوردییە، کەبێباکانە لەهەندەرانیش خەریکی حیزبایەتیو ململانێو شەڕەپەڕۆیە لەنێو لایەنگرانیدا، لەبری دروستکردنو چالاککردنو وەگەڕخستنی لۆبی کوردی، بۆ پەیداکردنی دۆستو فشاردروستکردن لەسەر دەوڵەتان لەسەر مەسەلەی ڕەوای کوردستان.

ئەوەشی ناوبانگی کوردی لەدەرەوە ناشیرین کردووە، میدیای ئازادو ڕۆژنامەنووسان نووسەرو ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرەکان نین، بەڵکو ئەوان تاکە دەستکەوت بوون، تا پێش سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن، بۆ بەرپرسانی کورد لەبەرامبەر وڵاتاندا شانازی پێوەبکەنو وەک نمونەی بوونی دیموکراسی باسی لێوەبکەن، لەڕاستیدا دەسەڵاتدارانی کوردستان وێنەی کوردیان لەجیهان شێواندووە، جارێک بەخیانەتو دەستێکەڵکردن لەگەڵ سوپای داگیرکەراندا، جارێک بەئازاردانو کوشتنی ڕۆژنامەنووسانو ڕەخنەگران، جارێکیش بەدروستکردنی کۆمپانیا بۆ بەرپرسە خانەنشینکراوەکانی ئەمریکاو ئێستا بەقاچاخچێتی نەوت.

هەمووان ئەو وتە بەناوبانگەی تۆماس جیفرسۆنی یەکێک لەسەرۆکەکانی ئەمریکامان بیستوە، کەدەڵێت: ئەگەر سەرپشکمکەن لەنێوان هەڵبژاردن لەنێوان حکومەتێکی بێ ڕۆژنامەو ڕۆژنامەیەکی بێحکومەتدا، ئەوا بێ دوو دڵی ئەوەی دووەمیان هەڵدەبژێرم. بۆ دەبێ ئێمە حکومەتۆکەیەکی بێ ڕۆژنامەو ئازادی ڕۆژنامەوانیمان پێ باشتربێت، لەتێکۆشان بۆ بەدیهێنانی حکومەتێکو بەڵکو دەوڵەتێکو لەگەڵیشیدا ئازادی ڕادەربڕین. بۆ بێدەنگییەکانی ئێمەو تاکڕەوییەکانی سەرکردەکانمان نییە، بەدرێژایی مێژوو کەهەلی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لەدەستداوین.

کام لەحکومەتەکەی شێخ مەحمودو کۆمارەکەی قازیو شۆڕشەکەی بارزانی، بەهۆی ئازادی ڕادەربڕینو ڕەخنەگرتنەوە هەرەسیان هێنا، یان بێدەنگیو پیاهەڵگوتنە بێبنەماکانی دەورپشتیان، ئەوانی بەرەو هەڵدێر برد؟

ئێمە کەهێشتا دەوڵەتمان نییەو بەدەست حکومەتێکی شەقو شڕی دوو حیزبەوە، گیرمانخواردووە، کەتەنها نیوەی خاکی بەشێکی کوردستانی بەدەستەوەیە، دەبێ حیکمەتی بێدەنگبوومان بەپاساوی زیزبوونی دۆستە بیانییەکانمان یان بۆچوونی جیهانی دەرەکی چی بێت؟ مەگەر جیهانی دەرەکی زۆرجار پشتگیری ئازادی ڕۆژنامەوانی لەکوردستاندا نەکردووە، مەگەر زۆرجار دەسەڵاتدارانی هەرێم ئیدانەنەکراون لەپای هەوڵەکانی بۆ سەرکوتکردنو بەرتەسکردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین، لەلایەن جیهانی دەرەوەوە.

بەپێچەوانەوە تەنها هۆیەک کەسەرەنجی جیهانی بۆ سەر ئەم هەرێمە ڕاکێشا، ئەو تۆزقاڵە ئازادیو ریسکە بوو کەڕۆژنامە بوێرەکان کردیان، بەڵام بەداخەوە تیرۆرکردنو ئازاردانی ئەوان، خەریکە دۆخەکە پێچەوانە دەکاتەوە.

ئەگەر بڕیاربێت دوای ئەو هەموو ساڵەو پاش ئەو هەموو قوربانیدانە، دەوڵەتێکی بێ ڕۆژنامەو چەوسێنەر بۆ کورد دروستبێت، وەک دەوڵەتەکانی ناوچەکە، ئەوا هەر نەبێت باشترە، خۆ ئەگەر خەباتکردنمان بەرامبەر دەوڵەتانی داگیرکەردا پێڕەوا نەبینرێت، ئەوا تێکۆشان بۆ ئازادی لەبەرامبەر دەوڵەتێکی کوردیدا هەر کفر دەبێت.

ڕەنگە زۆرکەس بڵێن ئەی ئەوە نییە بێشکچی دەڵێت: خراپترین دەوڵەتی کوردی لەباشترین دەوڵەتی بێگانە باشترە. خۆ ئێستاش ئێمە خراپترینە کوردییەکەمان هەیە، بەڵام من دڵنیام بێشکچی مەبەستی ئەوە نەبووە، کەئێمە دەست لەتێکۆشان لەپێناو باشکردنی ئەو خراپترینە هەڵبگرین. بریا دەرفەتدەبوو ئەو پرسیارەمان لەبێشکچی دەکرد.

جا براینە نە ئێوە لێکۆڵینەوەی لەو شێوە بکەن، نە ئێمەش دەست لەڕەخنەگرتن هەڵدەگرین.



# ڕۆژنامەکان گرنگی بەفۆتۆ نادەن

دەشتی ئەنوەر لەسلێمانی

فۆتۆگرافەرەکانی کوردستان نیگەرانن لەکاری فۆتۆگرافی بۆ ڕۆژنامەکانی کوردستانو پێیانوایە ڕۆژنامەکان گرنگی تەواو بەفۆتۆ نادەن.

حەمە عومەر کە نزیکەی هەژدە ساڵە کاری فۆتۆگرافی دەکات وتی "ڕۆژنامەکانی کوردستان گرنگی بەفۆتۆو کاری فۆتۆگرافی نادەن".

حەمە عومەر پێیوایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕێز لەکاری فۆتۆگرافی ناگرنو فۆتۆگرافەرەکانیش ناتوانن بەکاری فۆتۆگرافی بژین.

ئیدریس سەنگاوی کەماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی کاری فۆتۆیە دەڵێت"بۆ ئێستای کوردستان گرنگە کە ئاژانسێکی فۆتۆگرافەری دروستبکرێتو هەموو مەرجەکانی ئاژانسی تێدا بێت، تا ڕوویەکی جوانی کوردستان نیشانی دەرەوە بدرێت".

ئەو فۆتۆگرافەرە ڕەخنەی ئەوەی لەحکومەتی هەرێم گرت، کە فۆتۆگرافەری بیانی لەدەرەوەی هەرێمەوە بانگهێشتی کوردستان دەکات، بەڵام بانگهێشتی فۆتۆگرافەرەکانی کوردستان ناکاتو گرنگییان پێنادات.

سەنگاوی یاسای فۆتۆگرافی بەگرنگ زانیو وتی "دەبێت حکومەت بیر لەدانانی یاسایەک بۆ پاراستنی مافی فۆتۆگرافەرەکان بکاتەوە".

بنار سدیق کەزۆرینەی فۆتۆکانی تایبەتە بەشروشتی کوردستانی وتی "فۆتۆگرافەری باشمان هەیە، بەڵام گرنگییان پێنادرێت، لەڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا ئەوەندەی فۆتۆی فۆتۆگرافەرەکانی دەرەوە بەکاردێت، هێندە فۆتۆی فۆتۆگرافەرە ناوخۆییەکان بەکارنایەت".

ئارام عیسای فۆتۆگرافەر وتی "ڕۆژنامەکان فۆتۆیان لا گرنگ نییەو تەنیا دەیانەوێت کار بەڕێبکەن".

ئەوەشی وت ئەگەر ئاژانسێکی فۆتۆیی پرۆفیشناڵ هەبێت، ئەوا فۆتۆگرافەرەکان کارەکانیان لەڕێگەی ئەو ئاژانسەوە بڵاودەکەنەوەو دەیفرۆشن.

هاوڕێ مەجیدیش کە فۆتۆگرافەرە وتی دەبێت متمانەی تەواو بەفۆتۆگرافەرەکان بدرێتو ڕێز لەفۆتۆکانیان بگیرێت".

وتیشی "هاتنی فۆتۆگرافەری بیانی کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر فۆتۆگرافەرە کوردییەکان، چونکە وا دەکات شوێنەکان بۆ داهاتوو ئاسانتر بێتو زووتر دەستیان پێبگات".

کامەران نەجم بەڕێوەبەری ئاژانسی میترۆگرافی لەعێراق وتی "لەسەرانسەری عێراقدا فۆتۆگرافەرمان هەیەو فۆتۆی هەواڵی یان ستۆری، لەسەر ماڵپەڕەکەمان بڵاودەکەینەوە".

هەروەها دەڵێت "فۆتۆگرافەر دەتوانێ ژیانێکی نوێ دروست بکات، بەوەی کە تواناو لێهاتوویی بخاتەگەڕ، چونکە لێرە فۆتۆگرافەر هەبووە ژیانی خێزانێکی لەمەترسی ڕزگارکردووە".